T.C.
BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ
YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ
KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI

**Yüksek Lisans Tezi**

# MODERN KÜRT ŞİİRİNDE EDEBİ SANATLAR: GORAN ABBAS ŞİİR ÖRNEKLERİYLE

**Shaduman Omar SAlEH**
**152302106**

**Tez Danışmanı**
**Dr. Hemin Omar AHMAD**

**BİNGÖL – 2018**

کۆماری تورکیا

زانکۆی بینگۆل

ئەنستیتوتی زمانی کوردی

بەشی زانستی زمان و ئەدەبیاتی کوردی

نامەی ماستەر

# جوانکاری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە نمونەی شیعرەکانی گۆران عەباس

شادمان عمر صالح

152302106

بە سەرپەرشتی

د. هێمن عومەر ئەحمەد

بینگۆل – ٢٠١٨

## Bilimsel Etik Bildirimi

Yüksek lisans tezi olarak hazırladığım *Modern Kürt Şiirinde Edebi Sanatlar: Goran Abbas Şiir Örnekleriyle* adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

Shaduman Omar SAlEH

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ........ II
پوختە ........ VI
ÖZET ........ VII
ABSTRACT ........ VIII
الملخص ........ IX
هێما و کورتکراوەکان ........ X
پێشەکی ........ ١
بەشی یەکەم: ڕەوانبێژی و زانستەکانی ........ ٦
باسی یەکەم: زانستی ڕەوانبێژی ........ ٦
یەکەم: لە ڕووی چەمک و زاراوە (ڕەوانبێژی چەمك و مێژوو ) ........ ٦
دووەم: پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕەوانبێژی ........ ١٢
یەکەم : ڕەوانبێژی لای سەفسەتە ........ ١٤
دووەم: ڕۆڵی زمان لەنێوان ئامراز و ئایدیاڵ دا ........ ١٥
سێیەم: دوالیزمی ڕووخسار و ناوەڕۆك ........ ١٧
چوارەم: ڕەوانبێژی و ئەدەبی نوێ و شیعری هاوچەرخی کوردی ........ ١٩
باسی دووەم: زانستەکانی ڕەوانبێژی ........ ٢١
یەکەم: زانستی ڕوونبێژی ........ ٢١
دووەم: زانستی واتاناسی ........ ٢٣
سێیەم: زانستی جوانکاری ........ ٢٥
٢-پەیوەندی زانستی جوانکاری بە شیعری هاوچەرخی کوردییەوە: ........ ٣٠
٣-چەمکی شیعرییەت و دیارخستنی پلەی شاعیرییەتی شاعیر ........ ٣١
هونەرەکانی زانستی جوانکاری: ........ ٣٦
یەکەم: هونەری جوانکاریی وشەیی ........ ٣٦

دووەم: هونەری جوانکاریی واتایی ............................................................ ٣٦
بەشی دووەم ............................................................ ٣٨
جوانکاریی وشەیی و هونەرەکانی ............................................................ ٣٨
جوانکاریی وشەیی ............................................................ ٣٨
هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ............................................................ ٤٠
یەکەم: ڕەگەزدۆزی ............................................................ ٤٠
ڕەگەزدۆزی ............................................................ ٤٠
جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ............................................................ ٤١
یەکەم: ڕەگەزدۆزی تەواو ............................................................ ٤١
جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو ............................................................ ٤٢
ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن ............................................................ ٤٢
ڕەگەزدۆزی تەبا ............................................................ ٤٤
جیاوازی نێوان ڕەگەزدۆزی (هاوڕەسەن) و (ڕەگەزدۆزی تەبا) ............................................................ ٤٥
دووەم: ڕەگەزدۆزی ناتەواو ............................................................ ٤٥
جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواو ............................................................ ٤٥
ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا ............................................................ ٤٥
ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها ............................................................ ٤٧
ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد ............................................................ ٤٨
ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی ............................................................ ٥١
ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی ............................................................ ٥٢
دووەم: هێنانەوە ............................................................ ٥٤
سێیەم: پاتکردنەوە ............................................................ ٥٩
چوارەم: گێڕانەوە ............................................................ ٧٥
پێنجەم: بوونی پێویستە ............................................................ ٩٩
شەشەم: گەڕانەوە ............................................................ ١٠٣
حەوتەم: لێوەرگرتن ............................................................ ١٠٥

هەشتەم: تێکهەڵکێش ........ ١٠٩
جیاوزی نێوان هونەری (لێوەرگرتن و تێکهەڵکێش) ........ ١١٣
نۆیەم: دووسەروا ........ ١١٣
دەیەم: دواخستن ........ ١١٧
یازدەم: مولەمەع ........ ١١٩
دوازدەم: هاوبڕی ........ ١٢٣
بەشی سێیەم ........ ١٢٦
جوانکاریی واتایی و هونەرەکانی ........ ١٢٦
جوانکاریی واتایی ........ ١٢٦
هونەرەکانی جوانکاریی واتایی ........ ١٢٩
یەکەم: دەستپێکی جوان ........ ١٢٩
دووەم: دەستپێکی دڵگیر ........ ١٣٠
سێیەم: دژیەك ........ ١٣٤
یەک: دژیەکی فەرهەنگی ........ ١٣٦
دوو: دژیەکی نافەرهەنگی ........ ١٣٨
سێ: دژیەکی وێنەی پەرت ........ ١٣٩
چوارەم: ڕوونکردنەوە ........ ١٤٥
پێنجەم: بەرامبەری ........ ١٤٩
شەشەم: پێچ و پەخشە ........ ١٥٢
جیاوازی نێوان (پێچ و پەخشە ) لەگەڵ (بەرامبەری) ........ ١٥٤
حەوتەم: موشاکەلە ........ ١٥٥
هەشتەم: جوانی بایس ........ ١٥٧
نۆیەم: کۆکردنەوە ........ ١٥٩
دەیەم: لێککردنەوە ........ ١٦٤
یازدەم: دابەشکردن ........ ١٦٥
دوازدەم: کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن ........ ١٦٦

سێزدەم: کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە ........ ١٦٧
چواردەم: وەصف ........ ١٦٨
پازدەم: لۆمەکردن ........ ١٧٠
شازدەم: لۆمە لە بەرگی وەصف ........ ١٧٢
حەڤدەم: جێگۆڕین ........ ١٧٣
هەژدەم: تیلنیشان ........ ١٧٥
نۆزدەم: نوێکردنەوە ........ ١٨١
بیست: پەندبێژی ........ ١٨٢
بیست و یەک: زیادەڕەویی ........ ١٨٣
بیست و دوو: بەهەڵەبردن ........ ١٨٥
بیست و سێ: خۆهەڵەکردن ........ ١٨٧
بیست و چوار: ڕێبازی گوتەیی ........ ١٨٩
بیست و پێنج: پێکەوە گونجانی وشە و واتا ........ ١٩٠
بیست و شەش: لێکچوونی لایەکان ........ ١٩١
بیست و حەوت: کۆتایی جوان ........ ١٩٣
بیست و هەشت: کۆتایی دڵگیر ........ ١٩٤
ئەنجام ........ ١٩٨
سەرچاوەکان ........ ٢٠١

# پوختە

(هونەرەکانی جوانکاری لە شیعری هاوچەرخی کوردی بە نمونەی شیعرەکانی گۆران عەباس )ە، ناونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە هەوڵیداوە لەناو دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیدا بنەماکانی ڕەوانبێژی بەگشتی و زانستی جوانکاری بەتایبەتی بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکە بە ڕێبازی وەسفی و شیکاریی جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خۆی لە سێ بەش دەبینێتەوە:

بەشی یەکەم: لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم لەبارەی (زانستی ڕەوانبێژی، ڕەوانبێژی و ئەدەبیات، ڕەوانبێژی و ئەدەبی نوێ وشیعری هاوچەرخی کوردی)یە، باسی دووەم لە بارەی (زانستی واتاناسی و ڕوونبێژی و جوانکاری، پەیوەندی زانستی جوانکاری بە شیعری هاوجەرخی کوردی، چەمکی شیعرییەت و دیارخستنی پلەی شاعیرییەتی شاعیر)ە.

بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی : تێیدا پێناسەی جوانکاریی وشەیی و هەندێک لە هونەرەکانی و گرینگییان لە شیعرەکانی گۆران عەباس دا کراوە و بە نمونەوە بنەماکان ڕوونکراونەتەوە.

هەرچی بەشی سێیەمە بۆ پێناسەکردن و باسکردنی جوانکاریی واتایی تایبەتکراوە و لەگەڵیشیدا بە نموونەی شیعری و شیکردنەوەیان هونەرەکان ڕەنگرێژکراون.

وشە کلیلییەکان: ڕەوانبێژی، جوانکاری، شیعری هاوچەرخی کوردی، گۆران عەباس.

# ÖZET

"Modern Kürt Şiirinde Edebî Sanatlar: Goran Abbas Şiir Örnekleriyle" isimli çalışmada genel anlamda edebî sanatların (belagat) özelde de beyân kısmının modern dönem Kürt şiirlerindeki temelleri gün ışığına çıkarılmaya çalışılmıştır. Betimleyici ve çözümleyici yöntemin takip edildiği bu çalışma; Giriş, Sonuç, ve Kaynakça kısımları dışında üç bölümden oluşmaktadır.

Birinci bölüm, iki alt başlıktan oluşmaktadır. İlk alt başlıkta belagat, belagat ve edebiyat, belagat ile modern edebiyat ve modern Kürt şiiri kavramları ve bu kavramların ilişkileri incelenmiştir. İkinci alt başlıkta belagatın ana unsurları olan meânî, beyân ve bedî' gibi edebi sanatlar ile bedî' ilminin modern Kürt şiiri ile ilintisi irdelenmiştir.

İkinci bölüm sözel edebî sanata (muhassinat-ı lafziyye) tahsis edilmiş ve sözel edebî sanatın tanımı yapılmış, önemine değinilmiş ve kısımları ortaya konulmuştur. Ayrıca söz konusu edebî sanatın Goran Abbas'ın şiirlerindeki önemine ve örneklerine yer verilmiştir.

Üçüncü bölümde ise bedî' sanatının önemli bir bölümünü oluşturan anlamsal edebî sanat olan Muhassinat-ı maneviyyenin tanımına ve açıklamasına ayrıldığı gibi edebî sanatların örnekleriyle açıklanmasına ve çözümlenmesine de yer ver verilmiştir.

**Anahtar Kelimeler:** Belâgat, Bedî', Modern Kürt Şiiri, Goran Abbas.

# ABSTRACT

(The aesthetic arts in contemporary Kurdish poetry, the poems of Goran Abbas as an example), is the title of the research, which tried to find the basis of rhetoric in general aesthetic science in particular in the contemporary Kurdish poetic texts, and was used the descriptive and analytical methods in this research, except the introduction, result and the list of references, this research consists of three sections:

**Section One**: It consists of two subsections, the first subsections deals with (the science of rhetoric, rhetoric and literature, eloquence and modern literature and contemporary Kurdish poetry). The second subsections deal with the aesthetic relationship between contemporary Kurdish poetry, the concept of poeticism and the poet's poetical level.

The **second section** of the aesthetic arts was devoted to the words (or to the arts of aesthetic words): the aesthetic was defined in the words and some of its art and its importance in the poems of Goran Abbas,

The bases were also explained by examples.

The **third section** was devoted to the definition and explanation of aesthetics in the sense, and the arts were illustrated with poetic examples and analysis of them.

**Keywords**: rhetoric, aesthetics, contemporary Kurdish poetry, Goran Abbas.

## الملخص

(الفنون البديعية في الشيعر الكردي المعاصر أشعار كوران عباس نموذجا)، هي عنوان البحث الذي حاول أن يجد أسس البلاغة بشكل عام علم البديع بشكل خاص في النصوص الشيعرية الكردية المعاصرة، وتم إستخدام المنهج الوصفي والتحليلي في هذا البحث، وما عدا المقدمة والنتيجة وقائمة المصادر يتكون البحث من ثلاثة أقسام:

**القسم الأول**: يتكون من مبحثين، المبحث الأول يتناول (علم البلاغة، البلاغة والأدبيات، والبلاغة والأدب الحديث والشيعر الكردي المعاصر)، أما المبحث الثاني فيتناول (علم معرفة المعاني والبيان والبديع، علاقة علم البديع بالشيعر الكردي المعاصر، مفهوم الشيعرية وإظهار درجة شاعرية الشاعر).

تم تخصيص **القسم الثاني** للفنون المحسنات اللفظية: تم فيها تعريف المحسنات اللفظية وبعض من فنونه وأهميتها في أشعار كوران عباس، كما وتم توضيح الأسس بالأمثلة.

أما **القسم الثالث** فتم تخصيصه لتعريف وشرح المحسنات المعنوية، كما وتم توضيح الفنون بالأمثلة الشيعرية وتحليلها.

**الكلمات المفتاحية**: البلاغة، البديع، الشيعر الكردي المعاصر، كوران عباس.

## هێما و کورتکراوەکان

گ______________________گۆران عەباس

ب______________________بەرگ

ژ_________________________ژمارە

ل_________________________لاپەڕە

ص_________________________صفحة

## پێشەکی

(جوانکاری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە نمونەی شیعرەکانی گۆران عەباس*[1] ناونیشانی توێژینەوەکەیە، کار لەسەر ئەو هونەرانە دەکات کە لە دەقی شیعری ئەو شاعیرە ڕەنگییان داوەتەوە. ئەویش لە دوو لایەنەوە، لایەنی یەکەم: جوانکاریی وشەیی ، لایەنی دووەم: جوانکاریی واتایی، ئێمە کە باس لە یەکێك لە زانستەکانی ڕەوانبێژی دەکەین، دەبینین کە ئەم زانستە تەنها تایبەت نییە بە ئەدەبی گەلێکەوە، بەڵکو هەموو زمانێك تێیدا هاوبەشە و کوردیش وەک هەر گەل و نەتەوەیەك جێگەی خۆی لەناو ئەم زانستەدا گرتووە و بەتایبەتی ئەدیب و شاعیرەکان توانیویانە شیعرەکانیان پێ بڕازێننەوە، گومان لەوەدا نییە ئەم جۆرەی داهێنان لە زمانی کوردی کارێکی ئاسان نەبووە، بەهێز و ماندوبوونی قوتابخانەی کەسانی شارەزا دروست بووە، شاعیرەکانی وەك: (جەزیری و نالی و سالم و مەولەوی و مەحوی.....هتد) دەوری باڵایان لەم بوارەدا هەبووە.

### گرینگی توێژینەوەکە:

جوانکاری لە ڕەوانبێژیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بە شێوەیەك گەر زانستی جوانکاری لە ڕەوانبێژی دەربهێنیت ئەو کات ڕەوانبێژی واتای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات. زانستی جوانکاری هیچی کەمتر نییە لە دوو زانستەکەی تری ڕەوانبێژی لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز ئەو زانستە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە هەر سێ زانستەکە بە یەکەوە ڕەوانبێژی تەواو دەکەن، کە ئەوانیش زانستی: (جوانکاری و ڕوونبێژی و واتاناسی)یە.

---

* لە ساڵی ١٩٧٣ لە شارۆچکەی هەورامان (تەوێڵە)ی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە دایک بووە، لە ساڵی١٩٨٧یەکەمین قۆناغی شیعری دەست پێدەکات، یەکەم بەرهەمی شیعری(١٩٩٤) بەناوی( خەمەکانی نیشتمان)، بەرگی یەکەم، بە چاپ گەیاندووە، کە لە دوو توێی بەرگێکی گەورەی (٤٢٢) لاپەڕەییدا بووە، لە ساڵی( ٢٠٠٧) دووەمین بەرهەمی خۆی هەرلە ژێر ناوی (خەمەکانی نیشتمان)، بەرگی دووەم، بە چاپ گەیاندووە، لە ساڵی(٢٠١٢) بەرگی سێیەمی شیعرەکانی بە چاپ گەیاندووە بە ناونیشانی(پیری فکر)، ئێستا لە قوتابخانەی هەژارموکریانی مامۆستایە لە شاری سلێمانی.(نامەی تایبەتی شاعیر)، ٨\٥\٢٠١٧.

### سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە لەناو چوارچێوەی زانستی ڕەوانبێژیدا بەگشتی و لەو نێوانەشدا تەنیا چەند هونەرێکی زانستی جوانکاری وەرگرتووە، هەروەها لەناو شیعری هاوچەرخی کوردیشدا بەرهەمەکانی (گۆران عەباس)ی وەرگرتووە، کە بریتین: لە خەمەکانی نیشتمان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم (٢٠٠٣).. خەمەکانی نیشتمان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم (٢٠٠٧).. پیری فیکر، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم (٢٠١٢).

### هۆکاری هەڵبژأردنی بابەتەکە:

لێکۆڵینەوە لە بواری ڕەوانبێژیدا لای کورد وەکو پێویست نەچۆتە پێش، تا ئێستا کارێکی تەواو و پوخت نییە، بۆیە بە پێویستمان زانی کەوا لێکۆڵینەوەکە لەو بارەیەوە بێت، لەگەڵ ئەوەی نووسەران لێکۆڵینەوەیان لە و بارەیەوە کردووە، بەڵام ئێستاش بواری زۆر هەیە کە لێکۆڵینەوەی دەربارەی بکرێت.

ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر شیعری کلاسیك وەك تێزی ئەکادیمی کرابێت، بەڵام لەسەر شیعری هاوچەرخی کوردی نەکراوە، زۆرێك لە شاعیرەکان لێکۆڵینەوەیان دەربارەی کراوە، لە بوارە جیا جیاکاندا وەك: (مەحوی، نالی، مەولەوی، مەلای جەزیری، حاجی قادر، پیرەمێرد .....هتد ).

بۆیە پێمان باش بوو ئەم شاعیرە دەست نیشان بکەین، چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەوە نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی بە زانستەکانی رەوانبێژی ڕەنگڕێژبوونە.

ناوی هەندێ لەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە لەو بارەیەوە نووسراون: (یەکەم کتێبی تایبەت بە زانستی جوانکاری، کتێبەکەی (د.عەزیز گەردی)یە، بە ناونیشانی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ) کە لە ساڵی(١٩٧٦)دا خستویەتییە کتێبخانەی کوردیەوە، لە سێ بەرگدا باس لە سێ زانستەکانی ڕەوانبێژی دەکات، زانستی جوانکاری دەکات بە دوو بەش (وشەیی، واتایی). (دووەم کتێبی زانستی ڕەوانبێژی (خۆشخوانی)ی نووسەر(عەلائەدین سەجادی)یە، لە ساڵی ١٩٨٦بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبەی کردووە بە سێ بەش تێیاندا باسی

هونەرەكانی هەر سێ زانستەكانی كردووە. كتێبی سێیەم لە ساڵی(١٩٩١) كتێبەكەی (مەلا عەبدوكەریمی مودەریس)ە بە ناوی (بەدیع و عەرووزی نامی)یەوە بڵاویكردەوە، سەرجەم زاراوەكانی ناو كتێبەكە عەرەبین، تێیدا باسی لە چەند هونەرێك كردووە كە لە كتێبەكانی پێشوو باسیان لێوە نەكراوە).([1]). هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، عەبدولسەلام سالار عەبدولڕەحمان، نامەی ماستەر، ٢٠٠٠. لایەنە ڕەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری كۆیی. ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١١.

## ڕێبازی توێژینەوەكە:

ڕێبازی توێژینەوەكە، ڕێبازێكی وەسفی و شیكارییە، سەرچاوە هونەرە جوانكارییەكانی زانستی ڕەوانبێژی كردۆتە پێوەر، بۆ شیكردنەوە و لێكدانەوەی شیعرەكانی شاعیر.

## گیر و گرفتی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیەش وەك توێژینەوەكانی تر كۆمەڵێك كێشە و گیروگرفتی هاتۆتە بەردەم لەوانە: ڕەنگە ئاسان بێت بۆ شیعری كلاسیك، بەڵام گونجاندنی زانستەكانی ڕەوانبێژی و لە ناویشیاندا جوانكاری بۆ شیعری هاوچەرخ تا ڕادەیەك سەختە، سەختییەكەشی لەوەدایە كە تەواو پڕ بە پێستی خۆی و كت و مت پابەندی یاساكانی ڕەوانبێژی نابێت و چۆنیەتی مامەڵەكردن بۆ ڕەخنەگر سەختی زیاتر هەیە، كەمی سەرچاوەكان بە زمانی كوردی گرفتی تر بوون.

## ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەكی و پوختە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان سێ بەش لە خۆی دەگرێت، بەشی یەكەم: لە دوو باس پێكدێت، باسی یەكەم لە بارەی (زانستی ڕەوانبێژی، ڕەوانبێژی و ئەدەبیات، ڕەوانبێژی و ئەدەبی نوێ وشیعری هاوچەرخی كوردی)یە، باسی دووەم لە بارەی (زانستی

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانكاری لە ئەدەبی كوردیدا، چاپخانەی سەردەم – سلێمانی، ٢٠٠٣، ل(١٦-٢٠).

واتاناسی و ڕوونبێژی و جوانکاری، پەیوەندی زانستی جوانکاری بە شیعری هاوچەرخی کوردییەوە، چەمکی شیعرییەت و دیارخستنی پلەی شاعیرییەتی شاعیر)ە.

بەشی دووەم: پێکدێت لە جوانکاریی وشەیی و هونەرەکانی: لەم بەشەدا پێناسەی هونەری جوانکاریی وشەیی و بەشەکانی و گرینگییان کراوە، لە شیعرەکانی گۆران عەباس دا، لە پاشان هێنانەوەی نمونەیەک یان چەند نمونەیەکی شیعری لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هونەرانە، بۆ هەر یەک لەو هونەرە وشەییانەی کە لەناو شیعرەکانی شاعیر دا درکمان بە بوونی کردووە، هەر هونەرە و بە پێی لق و جۆرەکانی باسی لێوە کراوە، بەشێك لەو هونەرە جوانکارییە وشەییانەی نمونە شیعرییەکانی شاعیرمان لە ژێر ڕۆشناییان شیکارکردووە بریتین لەمانە: (ڕەگەزدۆزی - هێنانەوە - گێڕانەوە - گەڕانەوە - پاتکردنەوە - جیاوازی نێوان (گێڕانەوە) و (پاتکردنەوە) - بوونی پێویستە - لێوەرگرتن - تێکهەڵکێش - جیاوازی نێوان لێوەرگرتن و تێکهەڵکێش - دووسەروا – دواخستن – هاوبڕی - ڕەنگامە یان مولەمەع).

بەشی سێیەم: ئەم بەشە کۆتا بەشی توێژینەوەکەیە، تەرخانکراوە بۆ پێناسەکردن و باسکردنی هونەری جوانکاریی واتایی و بەشەکانی و گرینگی هەر یەکەیان و هێنانەوەی نمونەیەک یان چەند نمونەیەکی شیعری لە شیعرەکانی گۆران عەباس بۆیان و شیکردنەوەی ئەو نمونە شیعریانە، هەندێ لە جۆر و بەشەکانی جوانکاریی واتایی کە لەم بەشەدا ئاماژە و ڕوونکردنەوەیان لە بارەیەوە کراوە ئەمانەن: (دەستپێکی جوان - دەستپێکی دڵگیر - دژیەک - بەرامبەری - جیاوازی نێوان (دژیەک) و (بەرامبەری) – پێچ و پەخشە - جیاوازی نێوان (بەرامبەری) و (پێچ و پەخشە) - موشاکەلە - جوانی بایس - کۆکردنەوە - لێککردنەوە - کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە - وەصف - لۆمەکردن - وەصف لە بەرگی لۆمە - دابەشکردن - کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن - جێگۆڕین - تیلنیشان - بەهەڵەبردن - خۆهەڵەکردن - جیاوازی نێوان (بەهەڵەبردن) و (خۆهەڵەکردن) - ڕوونکردنەوە - زیادەڕەویی - پەندبێژی - نوێکردنەوە - پێکەوەگونجانی وشە و واتا - لێکچوونی لایەکان- کۆتایی جوان - کۆتایی دڵگیر).

# بەشی یەکەم

## ڕەوانبێژی و زانستەکانی

## بەشی یەکەم: ڕەوانبێژی و زانستەکانی

### باسی یەکەم: زانستی ڕەوانبێژی

### یەکەم: لە ڕووی چەمک و زاراوە (ڕەوانبێژی چەمك و مێژوو )

زاراوەی ڕەوانبێژی((لە زمانی کوردی دا بەرامبەر زاراوەی (البلاغة) عەرەبی بەکارهێنراوە، سەرەتا لە باسی زاراوەی (البلاغة)ی عەرەبییەوە دەست پێدەکەین، کە دەوترێت (أبلغه الشيء) واتا شتەکەی پێ گەیاند، لە قورئاندا هاتووە (كباسط كفية الى الماء ليبلغ فاه وما هو ببالغة)، واتە: وەکو ئەو کەسە وایە کە بیەوێت دەست ببات و بە لەپی دەستی ئاو لە کانییەکەوە بگەیەنێتە دەمی، بەڵام پێی ناگات. وەکو زاراوە: دەربڕینی واتای بەرز و ڕوونە بە واژەی پاراو و بە شێوەیەکی کاریگەری لە دەروونـدا هەبێت و لەگەڵ ئەو شوێنەدا کە تێیدا دەوترێت و لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بۆیان دەوترێت بگونجێت)).[1]

لەلایەکی تریشەوە لەبارەی زاراوەکە وتراوە: ((ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردی دا وشەیەکی لێکدراوە لە (ڕەوان+بێژ+ی) پێکهاتووە، وشەی (ڕەوان) بە واتای ڕەوانی دێت لە ڕووی واتاوە بەرامبەر پاراوی لە ڕووی وشەوە، وشەی (بێژ) ڕەگی چاوگی (وتن)ە، لەگەڵ پاشگری (ی) دا کە (ڕەوانبێژ) لە بەشی ئاخاوتنی هاوەڵناوەوە گۆڕیوە بۆ ناوی (ڕەوانبێژی) )).[2]

واتە: ڕەوانبێژی جوانی و ڕەوانی و سۆزدانی دەربڕینە بە وشە و دەستەواژە و ڕستەی کاریگەر و جۆراوجۆر، بۆ زیاتر چێژدارکردنی دەربڕین و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر بۆ لای دەربڕاوەکە. پێغەمبەران لە هەموو مرۆڤەکان زیاتر زانستی ڕەوانبێژییان لە ئاخاوتن و دەربڕینەکان دا بەکارهێناوە، بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی کە هەیانبووە، ئەو پەیامەی کە لە لایەن پەروەردگارەوە بۆیان هاتووە، هەربۆیە تۆمەتی ( شاعیربوون) لەلایەن بێ باوەڕەکانەوە دەدرایە پاڵ

---

[1] - عەبدولسەلام سالار عەبدولڕەحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل.٣.

[2] - ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠١٤، ل.١١.

پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، چونکە هەم ناوەڕۆکی پەیامەکە (دەقی قورئان ) بەهێزترین نموونەی بەرجەستەبوونی ڕەوانبێژییە، هەم ئەم تۆمەتە و ئەم ڕیوایەتە بۆ ئەم سەردەمە دێرینە بەڵگەی بوون و کاریگەری بابەتی ( ڕەوانبێژی و شاعیرییەت)ە بەتایبەتیش کولتورێکی شیعری کە بە چڕی بە ڕەوانبێژییەوە بەستراوەتەوە و ڕەوانبێژی یان گیانی کولتورە شیعرییەکەیە یاخود ڕەگەزێکی سەرەکیەتی.

((هیندییەکانیش پێش یۆنانییەکان، پەیان بەو جۆرە کاریگەرییە زمانییە بردبوو، کە کتێبی ئاینی خۆیانی پێنووسرابۆوە، دەیانزانی زمانی کتێبەکە کاریگەرترە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتنی خۆیان، بەڵام لە بارەی ڕەوانبێژییەوە وەکو زانستێکی پڕ هونەر، شتێکی ئەوتۆیان نەدەزانی)).[1]

زانستی ڕەوانبێژی لە ناو هەر یەک لەو نەتەوانە سەریان هەڵداوە و لە لایەن نووسەر و زاناکانیانەوە، دواتر وردە وردە گەشەی سەند و دەست نیشانکرا، کە بەو هۆیەوە ئاخاوتن و دەربڕین لە ئاخاوتن و دەربڕینی ئاسایی جیاکرایەوە،

لەوانە پێگە و کاریگەری ئەرستۆ وەك فەیلەسوفێکی مەزنی یۆنانی بووبێتە هۆی ئەوەی کە کتتێبەکانی ئەو وەك سەرەتا و بەردی بناغە بۆ ئەم بوارە دابندرێت، بۆیە توێژەرێك پێی وایە لای یۆنانییەکان ((یەکەم کەس کە ئامازەی بە هەندێ هونەری ڕەوانبێژی کردبێ (ئەرستۆ) یە، ئەویش لە هەردوو کتێبەکانی: (هونەری شیعر) و (هونەری دوان)، ئەرستۆ کە هات لە دەقە ئەدەبی و سیاسییەکانی سەردەمی کۆڵیەوە(شانۆنامە و خیتابە)، بۆی دەرکەوت ئەم دەقانە بە سوود وەرگرتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە هێزتر و جوانتر دەبن)).[2]

بەڵام لە ڕاستیدا هونەری ڕەوانبێژی لە کولتوری یۆنانیدا بۆ مێژوویەکی دوورتر لە ئەرستۆ دەگەڕێتەوە و یۆنانییەکان لەپێش ئەرستۆش هونەری

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، ٢٠١٣، ل٩.

[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاریی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی – هەولێر، ٢٠١٢، ل١٠.

ڕەوانبێژییان ناسیوە و بەهایان بۆ داناوە و کاریان تێدا کردووە، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان ((کوراکس، تیزیاس-ی شاگردی)* بە دامەزرێنەری هونەری بەلاغەت و ڕەوانبێژی دەژمێردرێن، ئەم دوانە بە قسە قووتی و زیرەکی و حازر وەڵامی و شۆخی بازی بە ناوبانگ بوون، ئەم مامۆستایانە کاریگەری گەورەیان لەسەر خوتبە بێژانی ئاتینەوە هەبوو)).([1])

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەبوونی زانستی ڕەوانبێژی نەك هەر لەناو کارە ئەدەبییەکان ئامادەیی هەبووە بەڵکو پێش کارە ئەدەبییەکانیش کەوتووە، یاخوود دروستتر بڵێین خۆی سەرەتا یان تۆخمی بناغەییە لە کاری ئەدەبی و لەسەر ئاستێکی کرداریتر و گشتگیرتریش لە کار و کەشی ئەدەبیی ئامادەیی هەبووە کە دواجار ئەم کولتورە ڕەوانبێژییە زەمینەیە بۆ گەشەکردنی ئەدەبیات بە شێوەیەکی تایبەتمەندتر و ڕەسمی تر. هەروەها ڕەوانبێژی خۆی لە دەقە ئەدەبییەکان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی و بەهێزی و زیاتر جوانکردنی دەقەکە و کاریگەری بەسەر خوێنەر و گوێگر، ئەمەش وادەکات کە خوێندنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان زیاتر بێت و بە پەرۆشەوە بخوێندرێنەوە، یان گوێیان لێ بگیرێت و بە ئاسانیش بتوانن تێیبگەن و چێژی لێ ببینن.

(دوایی یۆنانییەکان ڕۆمانییەکان دێن کە گرینگیان بەم زانستە داوە، لە وانە (شیشرۆن)* کە گەورە زاناو فەیلەسوفی ڕۆمییە و بە هۆی کاریگەری و پێگەکەیەوە وەك ڕەمزی ڕۆمانەکان دەناسرێت. شیشرۆن لەم بوارەدا خاوەنی چەندین کتێب و نامەیە و جێ دەستی بە فراوانی دیارە، ئەو لە کتێبەکانی (دەربارەی وتاربێژی ) باسی چۆنییەتی هەڵبژاردنی بابەت، دارشتن و ڕێکخستن، چۆنییەتی گوزارشت و دەربڕین و بەکارهێنانی پەیڤان دەکات، هەروەها لە نوسراوی ( وتاربێژ ) باسی هونەرکاریەکانی جوانکاری، درکاندن، جۆری دەربڕین و گوزارشت، نەزمی پەیڤان، وەزن و کێش دەکات). ([2]) لەدوای

---

[1]- بوکنەر ب- تراویک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، حەمە کەریم عارف، بەرگی یەکەم (ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین)، ٢٠٠٧. ل٩٦.

* کوراکس، تیزیاس- ی شاگردی(٤٣٠ پ - ز).

[2] - بوکنەر ب- تراویک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، ل١٣٠.

شیشرۆن (( (هـۆڕاس)ی* ڕۆمـانـی هـات، ئـەویش لـە (هونـەری شـیعر)ی خـۆی جەختی لەسەر گرینگی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردەوە )). ([1])

لـەو ڕووەوە: (هـۆراس نـەك هـەر نـەختی و پـوختی شـیعر دووپاتدەکاتـەوە، بەڵکو خۆشی زۆر پابەندیەتی لە دانانی بەرهەمـەکانی خۆیدا وورد و دوودڵـە، شیعرەکانی لە ڕووی هونەریەوە بە ڕاستی بێ خەوشن و ئەو بە مامۆستای زۆر ژانری شیعر و وەزن و کێشی جۆراوجۆر دەژمێردرێت).([2])

دواتـر عەرەبـەکان دێـن ئـەوانیش گرنگـی زۆریـان بـە لایـەنی ڕەوانبێـژی داوە((بە چڕی و فراوانی گرینگییان بە زاراوە زانستیەکانی ڕەوانبێژی دابێت، ئـەم زانستە وای لێهـاتووە لـە مێژووی ئـەدەب و ڕەخنـەی ئـەدەبی عەرەبیدا ناوێکی دیار و ناسراوی هەبێت، نووسینێکی زۆر و گـەلێك لێکۆڵینـەوە و کتێبی لە بارەوە بنووسرێت بە بەراورد بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر)). ([3])

هەروەك پێشتر بە بۆنـەی باسی پێغـەمبەران و ئاینـەکان ئامـاژەمان بـەوەدا کـە چـۆن کۆمەڵگـەی عـەرەبی لـە سـاتەوەختی هـاتنی ئیسلامدا بابـەتی ڕەوانبێـژی تێیـدا چـەق بـووە و کولتـوری شـیعر و شـیعریش لەسـەر بنـەمای ڕەوانبێژی لەناویان زۆر زیندوو بووە، بە هەمان شێوە لـە قۆناغـەکانی دواتـردا کە شارستانییەتی ئیسلامی گەیشتە لوتکە و زانست و ئەدەب و نووسینیش زۆر گەشەی کرد، ڕەوانبێژیش پشکی خۆی هـەبوو لـەم گەشـەکردن و بـەرەو پێش چوونــە، بــە جۆرێــك کــە لــە ســەدەی حــەوتی کــۆچی لــەناو ســەرچاوە پەیوەندیدارەکان بەم بوارە پۆلبەندی کرا بۆ هەرسێ زانستـەکەی ڕەوانبێژی کــە بــە عــەرەبی بــە ( البیــان و المعــانی و البــدیع ) دەناسـرێن. ([4]) لای کوردەکـانیش لـە کۆنـەوە شـاعیران و نووسـەران و وتـار بێژەکـان هونـەری

---

* شیشرۆن( ١٠٦ـ٤٣ پ - ز).

* هۆراس(٦٥ـ٨ پ – ز).

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ل١٠.

[2] - بوکنەر ب- تراویک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، ل١٤٥.

[3] - هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری (مەحوی) دا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠١٣، ل(٦-٧).

[4] - إحسان صادق سعید، علوم البلاغة عند العرب والفرس (دراسة مقارنة)، الطبعة الأولى، المستشارية الثقافية الإيرانية فی دمشق، ٢٠٠٠، ص٢٣٨.

ڕەوانبێژییان بەکارهێناوە و بەو هۆیەوە زمانی دەربڕینەکانی خۆیان پێ بەهێز و پتەوتر کردووە، ئەو دەربڕینانەیان چێژدارتر بوون. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شاعیرە کوردەکان بە شانازیەوە باسیان لە ڕەوانبێژی شیعرەکانی خۆیان یاخوود توانای ڕەوانبێژی زمانی کوردی کردووە، هەر بۆ نموونە( حاجی قادری کۆیی) لە دێڕێکی کە لەناو قەسیدەیەکی درێژی تایبەت بە بەلاغەتی زمانی کوردییە دەڵێت :

**شەهسواری بەلاغەتی کوردان**

**یەککەتازی فەساحەتی بابان ([1])**

( دیوانی حاجی ل٢١٧)

لە ڕووی توێژینەوە لە زانستی ڕەوانبێژی و هونەرەکانی ئەم زانستەشەوە، لە سەدەی بیستەمەوە گرنگی پێ دراوە و چەندین شتی لە بارەیەوە نووسراوە، لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کوردەوە، ئەو نووسەر و ڕوناکبیر و شاعیرانەی کوردیش کە لێکۆڵینەوەیان لەو بارەیەوە کردووە و خاوەنی چەندین بەرهەمن، کە ئەمانەن: (شێخ نوری شێخ صالح، عەلائەدین سەجادی، عەزیز گەردی، کامل بەسیر، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئیدریس عەبدوڵلا.... هتد) نووسەری تریش هەیە کە توێژینەوەیان لەو بارەیەوە کردووە و دەیکەن.

ئێستاش توێژینەوە دەکرێت و بەردەوامە، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی زانستەکانی ڕەوانبێژی.

زانستی ڕەوانبێژی پێناسە کراوە لە لایەن نووسەرانەوە هەریەکەیان لە تێڕوانینی خۆیانەوە پێناسەی ئەم زانستەیان کردووە، ئەمانەی خوارەوە کە

---

[1]- حاجی قادری کۆیی، دیوان، سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی(لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، لەسەر نووسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی موحەممەدی مەلا کەریم بە پێنووسی: (سەعید کەرەمی) )، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان – سنە، ١٩٣٠، ل٢١٧.

ئاماژەیان پێکراوە، هەندێکن لەو بۆچوونانە: ((هەر قسەیەک کە ئەوترێت یان ئەنووسرێ ئەو کاتە ئەکەوێتە ژێر ئالای ڕەوانبێژی و دەنگ ئەداتەوە کە بچێتە دڵی گوێگر و گوێگر بخاتە سەر هەست و سۆزێکەوە کە هی قسەکەرە، ئەگەر وانەبێ ڕەوان نییە لە جۆش و خرۆشێکی گەرمەوە هەڵنەقولاوە)). (١)
واتە: ڕەوانبێژی هۆکارە بۆ جیاکردنەوەی زمانی دەق لە زمانی ئاسایی خەڵک، کاتێک ئەو گوتنانەی قسەکەر دەریدەبڕێ گەر کاریگەری نەبێ بەسەر خوێنەر و گوێگرەوە، ئەوا ناتوانرێ بچێتە ژێر سایەی ڕەوانبێژییەوە.

ئەم زانستە وەک پارزنێک وادەکات دەربڕوا پارێزراو بێت لە شتی زیادە کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری بەرهەمەکە، چونکە: (( ڕەوانبێژی دروست ئەوەیە: ئاخاوتن واتا پێکبهێنێت، قسە هەڵبژێردرێت، وشەکان بەیەکەوە گونجاو و ڕێک و هاوشێوەبن، کە بەهۆیەوە نزیک و دوور بکرێنەوە و زیادەی لێ لابدرێت)). (٢)

واتە: بە هۆی ڕەوانبێژییەوە دەربڕاو پارێزراو دەبێت لە وشەی زیادە و هەر ناڕێکییەک، کە لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا هەبێت، بەو هۆیەوە گونجاو دەبێت بۆ زیاتر تێگەیشتنی کەسی خوێنەر و گوێگر، چونکە ڕەوانبێژی: ((بریتییە لە دەربڕین و واتا و مەبەست بە وشەی ڕوون و گونجاو، لەگەڵ باری پێویستی مەبەست و کەسی بۆ وتراو.)). (٣)

ڕوونتر بڵێین: کاتێک قسەکەر دەربڕینێک دەردەبڕێت، گەر شارەزایی لە ڕەوانبێژی و زانستەکانی هەبێت ئەوا دەربڕینەکەی بە شێوەیەک دەردەبڕێت کە تەواو گونجاو بێت لەگەڵ باری دەروونی کەسی بۆ دەربڕاو، چونکە وەک پێشتریش وتراوە، ڕەوانبێژی ((یاسای پەیوەندی نێوان ئەدیب و خوێنەرە)).(٤)

---

١ - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (ڕونبێژی – البیان)، بەرگی یەکەم، بغداد، ١٩٧٢، ل١٧.

٢- ابي العباس محمد بن يزيد المبرد، البلاغة، الطبعة الثانية، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة-مصر، ١٩٨٥، ص.٦.

٣ - بسيوني عبدالفتاح فيود، علم المعاني، الطبعة الثالثة، مؤسسة المختار، القاهرة، ٢٠١٠، ص.٣٩.

٤ - عەبدولسەلام سالار، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)، ل.١٢.

واتە: ئەو زانستە وا دەکات خوێنەر بەرهەمەکەی بەلاوە سەرنجڕاکێش بێت و بە باشی تێی بگات، بە هۆی ئەوەی کە وەکو پردی پەیوەندییەک وایە لە نێوانیان.

کەواتە زانستی ڕەوانبێژی بریتییە: لە دەربڕین بە جوانترین شێوە لە ڕووی ڕەوانی و ڕوونی واتا و جوانی لە لایەنی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە، ئەمانە هەموو وادەکەن دەربڕاو بێ کەم و کوڕی بێت و گونجاو بێت لەگەل کەسی بۆ وتراو.

## دووەم: پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی وەکو زانستێک لە ناو ئەدەب لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی پەیدابووە، بگرە لە پێش بەشەکانی تری ئەدەبی، لەو کاتەوەی مرۆڤ هەوڵی جۆرە دەربڕینێکی جوان و ڕەوانی داوە، بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەری زیاتر ڕابکێشێت، بەکارهێنانی ئەو جوانی و ڕەوانییەی کاتێک مرۆڤەکان لە دەربڕینەکان پەیڕەویان کردووە، بێگومان ڕەوانبێژی و زانستەکانی هۆکاری دروست بوون و بەرهەم هاتنیان بوون، بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان درك بە هەبوون و بەکارهێنانی ئەم زانستە بکەن، تێڕوانینی نووسەرێک بۆ پەیوەندی نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب بەم شێوەیەیە، ((ئاشنایەتی نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب وەک و ئاشنایەتی مرۆڤ و گیانلەبەرە، هەموو مرۆڤێک بەر گیانلەبەر بکەوێ، بەلام مەرج نییە هەموو گیانلەبەرێک مرۆڤ بێت)).([1]) واتە: هەموو ڕەوانبێژییەک دەگونجێ ئەدەب بێت، بەلام هەموو ئەدەبێک ڕەوانبێژ نییە.

بەلام لە دواییدا وای لێهات وردە وردە بە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو ڕووەکانەوە ئەم زانستەش پەرەی سەندو وایلێهات بەرەو پێشەوە بچێت و بێتە مەیدانی ئەدەب و لە دایك بێت و سەرهەڵبدات، ئەدەبیاتیش بەهۆی ئەم پێشکەوتنی بەشەکانییەوە بەرەو پێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە. بەم شێوەیە زانستی ڕەوانبێژی بوو بە زانستی سەربەخۆ و لە ناو ئەدەب، ئەم زانستە لای هەموو مرۆڤەکان وەکو یەك نییە واتە جیاوازی هەیە، هەر یەکەیان جیاوازن لەوی تریان و هەیانە توانایەکی سروشتیان

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

تێدایە بۆ بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و ڕستەی پڕ واتا و کاریگەر تا بتوانن بەرامبەر سەرنجڕاکێش بکەن، هەشیانە بە پێچەوانەوە.

ڕەوانبێژی ئیش لەسەر دەربڕین لە لایەنی ڕەوانی و واتا و جوانییەوە دەکات، ئەمانەش هۆکارن بۆ بەرجەستەبوونی ئەدەبیاتێکی پێشکەوتوو لە ناو میللەتان، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەوابێژی و ئەدەب لە کۆن و نوێ دا پەیوەندی هەبووە لە نێوانیان و وەک ئەوەی هاوئەرک و هاوپیشە بن. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کۆن و نوێدا بۆ جیاکردنەوەی دەربڕینە لە دەربڕینی ئاسایی خەڵک، واتە ڕەوانبێژی هۆکارە لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیات و ئەو گوتنانەی لە زار دێنە دەرەوە و بە هۆی ئەم زانستەوە لە ناو ئەدەبیات جێیان دەبێتەوە، چونکە ئەم زانستە وا دەکات دەربڕین ببێ بە دەقی ئەدەبی و جیا بێت لە گوتنی ئاسایی، لەبەرئەوەی ((مەرج نییە هەر شتێک- بەتایبەتی قسە و نووسین- ناو برا بە ئەدەب ((بلیغ و پاراو))بێت، بەلاَم مەرجە لەم ڕووەوە هەر شتێک بەلیغ بوو ئەبێ بە ئەدەب و ئەدەبە. بەلەغەکە ((تان)) و ((پۆ))یەکی ئاوریشمە بۆ پارچەی خۆماڵی ئەدەبەکە)).([1])

کەواتە هەبوونی زانستی ڕەوانبێژی لە دەقە ئەدەبییەکان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی و بەهێزی و زیاتر جوانکردنی دەقەکە و پاراوی و کاریگەری بەسەر خوێنەر و گوێگر، ئەمەش وادەکات خوێندنەوە بۆ بابەتە ئەدەبییەکان زیاتر ببێت و بە پەرۆشەوە بخوێندرێنەوە، یان گوێیان لێ بگیرێت لە لایەن خوێنەر و گوێگرەوە، بە ئاسانیش بتوانن تێیبگەن و چێژی لێ ببینین.

بۆئەوەی بە شێوەیەکی وردتر سۆراغی ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و ڕەوانبێژی بکەین، ئەوا ناچارین بە شێوەیەکی پۆلبەندی لەسەر بنەمای دابەشکردنی بۆ چەند لایەنێکی گرنگ باسەکە زیاتر ڕوونبکەینەوە.

---

[1]- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

## یەکەم : ڕەوانبێژی لای سەفسەتە

سۆفستاییەکان ئەم گروپە فەلسەفیە بوون لە قۆناغەکانی بەرایی یۆنان کە بنەمای بیرکردنەوە و ڕوانینەکانیان بریتیبوو لە نەبوونی هەقیقەت یاخود ڕووکەشگەرایی و ڕێژەگەرایی، کە ئەمەش لە جەوهەردا دژایەتیەکی بنچینەیی بوو لە گەڵ فەلسەفە خۆی، هەربۆیە لە مێژوودا ڕێبازی سۆفستایی دەبێتە نەیار و بەرانبەرێك بۆ فەلسەفە بە مانا ئەبستراکت و ئەقڵیەکەی کە گەورە فەیلەسوفانی وەك ( سوکرات و ئەرستۆ و ئەفلاتوون ) نوێنەرایەتیان دەکرد، ئەوەی خاڵی مەبەست و جێی سەرنجە بۆ ئێمە لێرەدا بریتییە: لەو دەرئەنجامەی کە لە بنەمای ئەم ڕێبازەوە سەرچاوەی گرتووە و خۆشی بووەتەوە بە بنەمایەك یاخود سیمایەکی سەرەکی ڕێبازی سۆفستاییەکان، ئەویش بریتییە لە بنەما و سیمای ( ڕەوانبێژی یاخود هونەری گوتاربێژی ) چونکە ئەگەر سۆفستاییەکان ڕووکەشگەراو ڕیژەگەرابن و دژی ئەقڵی موجەرەد و میتافیزیك بن ئەی ئەو شێواز و بنەمایە چییە کە ئەوان قبوڵی دەکەن و مامەڵەی پێوە دەکەن؟ بێ گومان ئەم میتۆدە بریتییە لە هونەری گوتاربێژی بەو دەربڕینەی کە ئەوە قسەزانی و توانای سەرنجراکێشانی بەرانبەرە کە بیرۆکەیەك وەك ڕاستی دەناسێنێت! واتە کێ قسەی ڕەوانتر بێت و زمان باشتر بەکاربێنێت ئەوا دەتوانێ بیر و ڕاکانی خۆی بسەلمێنێت، کە ئەمەش بایەخدانە بە زمان پاراوی و وشەکاری و لە بەرامبەردا فەرامۆشکردنی بیرکردنەوە و ئەقڵکارییە. هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە فەلسەفە شتێك نییە جگە لە هونەری گوتاربێژی.([1])

لێرەدا ڕەوانبێژی بەرگ یان جوانکاریەك نییە بۆ ناوەڕۆکێك بەڵکو هەرخۆی ناوەڕۆك و مەبەستەکەیە، لەم قۆناغەدا و لەسەر بنەمای ئەم ڕێبازە ڕەوانبێژی توانایەکی زمانییە و پێویستە خاوەن ڕایان و دانا و زاناکان بە باشی بیزانن و مومارەسەی بکەن، چونکە کاری ئەوان یاخود ڕادەی سەرکەوتنی ئەوان یەکسانە بە ڕەوانبێژبوون، بۆیە ئەوەی ڕەوانبێژی باشتر بوایە توانای باوەڕپێهانانی بەرانبەرەکەی و بەسەردازاڵبوونی دەبوو، کەواتە

[1] - ڕابەر تەلعەت، پێگەی ئەقڵ و سەفسەتە لە لای عەلی وەردی (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری شیکارییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٣.

ئەرکی ڕەوانبێژی (( بریتییە لە باوەڕپێهێنان و بەسەردا زاڵبوون)). ([1]) تێبینی دەکەین کە لێرەدا ڕەوانبێژی دەبێتە هونەری باڵاو پێوەری فەلسەفە و ئەدەب و زانابیە، دەبێت لە بیرمان بێت کە ئەم هونەرە باڵایەش پەیوەستە بە پانتایی زمانەوە و هونەرێکی زمانییە، لێرەوە هەر کارێکی ڕەوانبێژی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ بە کارێکی ئەدەبی دادەنرێت، هەر کارێکی ئەدەبیش ناوەڕۆکەکەی بە ئاستە ڕەوانبێژییەکەی پێوانەدەکرێت و بەهای بۆ دادەنرێت، بۆیە ئەدەب و ڕەوانبێژی سەروکارێکی زۆریان بە یەکەوە دەبێت، ئەگەر خۆمان هەڵسەنگاندێك بۆ ئەم روانگەیە بکەین ئەوا وای دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی ڕەوانبێژی دەبێتە چەق و بەهایەکی ئیستاتیکیش بەدەستدێنێت بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی نیمچە ڕەها کارێکی ڕووکەشانە دەبێت بەبێ بوونی هیچ ناوەڕۆکێك، هەرچەندە وەك وتمان ئەم ڕوکەشە لە خودی خۆی دا ئیستاتیکیبوونی تێدایە و ئەمەش بەهای ئەدەبییە، بەڵام ئیستاتیکایەك کە لەسەر حسابی بوونناسی و لۆژیکمەندییە

## دووەم: ڕۆڵی زمان لەنێوان ئامراز و ئایدیاڵ دا

ئەگەر لە ڕوانگەی سۆفستاییەوە ڕەوانبێژی ڕۆڵی ڕووکەشبوونی زمان ببینێت، ئەوا لەسەر ئاستێکی تر هەمان ڕێچکە بە جیاوازیەکی شێوەییەوە بەردەوامی هەیە و لەناو باس و خواس و ڕوانگە ئەدەبییەکاندا لایەنگرانێکی هەیە کە پێشیدەخەن و بانگەشەی بۆ دەکەن، بێ گومان لە قۆناغەکانی دواتردا و هەمیشە بایەخ دان بە جوانکاری لە قسەکردن و پێشبڕکێ لە ڕێکخستنی بەهێزترین شیعر لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە ئامادەیی هەبووە، جا ئەوە نوێنەرایەتیکردنێکە بۆ ئەم ڕێبازە مێژوییەی کە ڕەوانبێژی دەکاتە ناوەڕۆك و ڕەوانبێژی تەنها لە پێناو خۆی دادەبێت نەك لە پێناو نیشاندانی ناوەڕۆکێکی جیاواز.

ئەو پرسیارەی کە ئایا زمان تەنها ئامرازە بۆ پەیوەندی و گواستنەوەی بیرو بۆچوونەکان یان خاوەن چیەتییەکی سەربەخۆیە و هەر لە خودی خۆیدا هەڵگری توانا و بەهایە؟ دەبێتە مایەی تێگەیشتن و ئەنجامێکی جیاواز لە

---

[1] - سعيد الغانمي ـ د.ناصر حلاوي، فلسفه البلاغه، دارالبيضاء - بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٢، ص32.

ئەرکی زمان و ئەرکی ڕەوانبێژی و پەیوەندییەکانی نێوانیان. جیاواز لەو ڕوانگەیەی کە ڕەوانبێژی تێیدا چەقە یاخود زمان تێیدا ئامرازە، ڕوانگەیەکی تر پێی وایە کە زمان و وشەکانی خاوەن چیەتی خۆیانن و لە ڕێگەی گوزارشتکردن لە خۆیان ئەرك و ماناکانیان دەردەکەوێت نەك تەنها ڕۆڵیان نیشانە و ئاماژەکردن بێت بۆ شتێکی تر، هەروەك سارتەر پێی وایە کە ئەمە لە شیعردا بە تەواوی بەرجەستە دەبێت بەو پێەی کە لە ڕەوشی شیعریدا((وشە لە خودی خۆیدا بە شت دادەنێ نەک نیشانەی مانا)).([1]) ئەوەش ئەوە لە پەخشاننووس و وتاربێژ جیادەکاتەوە بەو پێەی کە پەخشاننووس و وتاربێژ وشە وەك ئامراز بۆ نشاندانی شتێکی تر بەکاردێنن، واتە: وشەکان لەبەر سوودەکانیان بەکاردێنن.([2])

دیارە لێرەدا دوو ڕۆڵی جیاواز بۆ شاعیر و وتاربێژ (پەخشاننووس) دادەنرێت کە تێیدا وتاربێژ مەبەستیەتی باسی بابەتێك بکات کە لەبەر چاوە و ئەم بە زمانی و وشەکان دەریان دەبڕێت، بەڵام شاعیر باس لە شتێك ناکات کە لەبەر چاو بێت بەڵکو باس لە شتێك دەکات تەنها لەناو وشەکاندان نەك لە دەرەوە. دیارە لێرەدا زمان وەك پانتاییەکی سەربەخۆ و زیندوو ڕۆڵ دەبینێت، بە پێی ئەم تێزەی سەرەوە ئەم ڕۆڵەی بەتایبەتی لە بواری شیعردایە بەڵام بینینی ئەم ڕۆڵە وەك تایبەتمەندییەتی زمان بە شێوەیەکی گشتی دەچەسپێت، بۆیە زمان بواری داهێنانە و تاك لە ڕێگەی داهێنان لەناو زماندا خودی خۆی بوونیات دەنێت، وە شیعر ترۆپکی ئەم داهێنانەیە. ([3])، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ڕۆڵی ڕەوانبێژییە لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەردووك حاڵەتەکە.

بێ گومان کاتێك کە دەگوترێت شیعر جیهانێکی سەربەخۆیە و مەبەستی مانایە مانای ئەوەنییە کە ئیتر پەیوەندی بە ڕەوانبێژی نامێنێت، بە هەمان شێوە تەماشاکردنی ڕۆڵی زمان وەك ئامرازی گەیاندن و پەیوەندی دیسان مانای جیابوونەوەی نییە لە ڕەوانبێژی، بەڵام لەوانەیە لە هەردوو حاڵەتدا

---

[1] - ژان پۆڵ سارتەر، ئەدەب چییە؟، وەرگێڕانی بۆ کوردی: مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهۆک، ٢٠٠٩، ل٥٥.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

[3] - عەبدولواحد مشیر دزەیی، واتاسازی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی - هەولێر، ٢٠٠٩، ل(١٣٦ – ١٣٨).

ڕەوانبێژی چەق و مەبەست نەبێت بەڵكو ببێتە ڕووكەش یان پێویستییەك بۆ چەق و مەبەستێك لە دەرەوەی ڕەوانبێژییەكە خۆی. واتە ڕەوانبێژی وەك بەهایەكی جوانیناسی هەر دەمێنێتەوە، بەڵام نابێتە ئامانج بەڵكو دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ بوونناسی یان مەعریفە و ماناكان. ڕوانگەی شیشرۆن بۆ ڕەوانبێژی بە باشی ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە كە كاتێك دەڵێت: (كەسێك ناتوانێ ڕەوانبێژێكی چاك بێت مەگەر ئەو كاتەی ڕەوانبێژی گرێ بداتەوە بە لقەكانی دیكەی مەعریفەوە، ئەو دەبێت ئاشنابێت بە ئێتیك و مێژوو، فقە و زانستە جۆراو جۆرەكان ) بۆیە ئەو دەڵێت: ((لە بابەتەكەی خۆت چاك بگە، ئیدی وشەكانی بۆ خۆیان دێن)).([١]) واتە: لێرەدا مانا و مەبەست بنەمایە و سەرەكییە وە ڕەوانبێژی بەرگ و جوانكارییە.

## سێیەم: دوالیزمی ڕووخسار و ناوەڕۆك

ئەم دوو لایەنە بە وردی لەلای ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە تاوتوێ دەكرێت هەر درێژكراوە و تەواوكارە بۆ باسەكانی پێشەوە، دیارە بە شێوەیەكی ئاسایی و گشتی لێرەدا ڕەوانبێژی وەك سیمایەك بۆ ڕووخسار دەردەكەوێت، واتە كاتێك دەڵێین ئایا ڕووخسار زۆرتر بایەخی پێدەدرێت یان پەڕاوێز دەخرێت لە پێناو ناوەڕۆك؟ ئەوا مانای ئەوەیە كە تاڕادەیەكی زۆر باس لە ڕەوانبێژی دەكرێت كە ئایا  ڕەگەزێكی سەرەكی كاری ئەدەبییە یان نەخێر بوارێكی فەرامۆشكراوە لە كارە ئەدەبییەكاندا؟ ئەوەی ڕوونە ئەوەیە كە ڕەوانبێژی لەسەردەمی كۆندا تاڕادەیەكی زۆر جێگای بایەخ بووە، بەڵام ئەمە بەبێ ئەوەی مانای ئەوە بێت یەك ڕۆڵ بۆ ڕەوانبێژی هەیە، بەڵكو ئەم ئامادەبوونەی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كۆندا دەشێت هەردوو ئاڕاستە لێك دژەكە كۆبكاتەوە، واتا ڕەوانبێژی وەك روخسار بۆ ناوەڕۆك یان ڕەوانبێژی لە خودی خۆیدا كە وەك لە رێبازی سۆفستاییەكان بینیمان، جیاواز لە سۆفستاییەكان باسی شیشرۆنیشمان كرد كە چۆن بایەخ بە ڕەوانبێژی دەدات، بەڵام لە پێناو

---

[١]- فاروق رەفیق، ئاشكردنەوەی عەقڵ و عیشق (پەروەردەی لیبراڵ و ئاكاری مەدەنی)، چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٦، ل(٢٠١ـ ٢٠٢).

ناوەڕۆکدا بەو مانایەی کە لە ڕەوانبێژییەکی زیاتر ناوەڕۆك باشتر دەردەکەوێت.

ئەرستۆش ((کۆمەڵێك ڕێوشوێن و تێبینی پێشکەشکردووە سەبارەت بە چۆنییەتی ڕێکخستنی ڕستە و بەکارهێنانی خوازە و خواستن بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری بەسەر گوێگرەوە، ئەوەی لە بۆچوونەکانی ئەرستۆدا دەبینرێت گرنگی دانیەتی بە شێوازی زمانی شیعر و ڕەوانی زمانەکەی بۆ کاریگەری زیاتر و باشتر گەیاندنی پەیام، بۆ نموونە دەڵێ: ( ناکرێت زمانێکی بەرز و پاراو لە منداڵێك، یان لە بەندەیەك ببیسترێت، هەروەك ناکرێت بابەتە کەم بایەخەکان بە زمانێکی بەرز دەربربڕدرێن) )).[1]

هەروەها لەناو بیرمەندانی شارستانییەتی ئیسلامی( بۆچوونی زۆر و جۆراو جۆر لەو بارەیەوە هەیە، هەروەك بیرمەندانی وەك ( جاحظ ابن قتیبة و ابن خلدون ) کە دەبینین لە بۆچوونەکانیان تاڕادەیەکی زۆر هاوسەنگی هەیە، واتە هەم لایەنگری ناوەڕۆکن هەمیش پێیان وایە کە بۆ دەرخستنی ناوەڕۆك پەیڤکاری و ڕەوانبێژی ڕۆڵی یەکلایی کەرەوە دەبینێت).[2]

دیارە لێرەدا لەپاڵ بیروڕای سەفسەتەی یۆنانی و ڕەوانبێژی عەرەبی کە پێشتر ئاماژەمان پێداون بیروڕای تری جیاواز و باڵادەست هەست پێدەکەین بەسەر کۆی سەردەمی کۆنەوە، کە تێیدا ڕەوانبێژی هەم چەقی بابەتە و ناکرێت فەرامۆشبکرێت هەم پێچەوانەی ناوەڕۆکیش نییە و بەڵکو یارمەتی دەریەتی. واتە: ڕەوانبیژی وەك لایەنی ڕووخسار ڕۆڵی خۆی دەبینێت بەبێ کوشتنی ناوەڕۆك، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕەوانبێژی هەروەك توێژەرێك دەڵێت: ((ڕەوانبیژی بە پێچەوانەی وێژە و مێژووی وێژە، خۆی لەگەڵ هەڵبەستەکە وەکو بەرهەمێکی خولقێنراو، یاخود سەرئەنجامێکی هەستپێکراو و دەرفەتێکی تایبەتی خەریك ناکات، بگرە هەموو مەبەستێکی شیکردنەوەی

---

[1] - محمد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی- هەولێر، ٢٠١٢، ل١٤.

[2] - محەمەد عەبدولسەلام کەفافی، ئەدەبی بەراوردکاری (لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی تیۆری ئەدەبی و شیعری داستانی)، وەرگێڕانی بۆ کوردی: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات – هەولێر، ٢٠١١،
ل(٩١-٩٢).

فۆڕمی(ڕووخساری) هەڵبەستەکەیە بەتایبەتی لە ڕووی سازکردنی لێکچواندن و خوازە و خواستە وە درکە و شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە وشەسازیانە)).([1])

کەواتە: ڕۆڵی ڕەوانبێژی لە ئەدەبدا پەیوەستە بەم تیگەیشتنانە بۆ پەیوەندییەکانی ڕووخسار و ناوەڕۆك.

## چوارەم: ڕەوانبێژی و ئەدەبی نوێ و شیعری هاوچەرخی کوردی

هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب لە کۆن و نوێدا پێویستییەکی بەردەوامییە کە دەڵێین ئەدەب هەموو بەشەکانی دەگرێتەوە، هەر میللەتێک ئەدەبی هەبێ ڕەوانبێژیشی هەیە، لەو بارەیەوە وتراوە: (گومان لەوەدا نییە چۆن پەیوەندی لە نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب و شیعری کلاسیک دا هەیە، بە هەمان شێوەش ئەم پەیوەندییە بوونی لە نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب و شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەیە، بۆیە لێرەدا ئەوە دەخەینە ڕوو، کە هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە لە ئەدەبی نوێ و شیعری هاوچەرخی کوردی زانستەکانی ڕەوانبێژییان تێدانییە، واتە: ئەو بەرهەمانەی هەن و دەنووسرێن زانستەکانی ڕەوانبێژییان تێدا پەیرەو ناکرێ و پشتگوێ خراون، بەڵام لە خوارەوە ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە بە پێچەوانەوە ڕاستە، ئەدەب و شیعری نوێش خۆی بە شێواز و هونەرە ڕەوانبێژییەکانەوە ڕازاوە و جوان کردووە).([2])

واتە: شاعیرانی هاوچەرخ لەوانەیە هەندێ هونەری ئەم زانستەیان زیاد کردبێت و هەندێکیشیان بەلاوە نابێ، ئەوەش بە پێی شارەزایی و توانای شاعیران لە شیعرەکانیان بە دیار دەکەوێ. بە جۆرێکی دیکە دەکرێ بگوترێت ((ڕەوانبێژی نوێ لە چوارچێوەی هونەریدا هەموو ئەو گۆڕانکاری و داهێنانە

---

[1] - کامل حەسەن بەصیر، مێژووی ڕەخنەسازی، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشەنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی - بغدا، ١٩٩٣، ل٢٣.

[2] - ئیدریس عەبدوڵلا، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی - هەولێر، ٢٠١٢، ل١٢.

هونەرییانەی دەق دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی هەریەک لە زانستەکانی (ڕوونبێژی و جوانکاری و واتاناسی)ن)). ([1])

ڕەوانبێژی لە ئەدەبی نوێدا دەوری خۆی هەیە لە بەکارهێنانی لە لایەن شاعیرانی هاوچەرخەوە، ((لە فەرەنسا لێکۆڵەران رۆلات بارت و جیرار جینێت و ب.کونتز و کبدی فارکا.....هتد. توانیان ڕەوانبێژی بکەن بە مەبحەسێکی زانستی هاوچەرخ، پاش لێکۆڵینەوە لەسەردەمی نوێدا زانایان بۆیان دەرکەوت مەعقول نییە ئەمە تاکە ئامانجی ڕەوانبێژی بێت بۆیە لێرەوە بۆچوونی تازە بۆ ڕەوانبێژی سەریانهەڵدا، بەڵام بۆچوونی زانستی هاوچەرخ بۆ ڕەوانبێژی جیاوازە بەڵکو پێچەوانەی بۆچوونی پێشووە، لەوە بەدوا ئامانجی ڕەوانبێژی زانستی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو ڕاڤەکردنی دەقە)).([2])

ئێمە کە باس لە نوێبوونەوە دەکەین لە هەر بوارێک، وەک ئەوەی خوای گەورە چۆن گەردوونی دروست کردووە، زۆربەی ئەو شتانەی لە ناو گەردوون دا هەن لە نوێبوونەوە دان، بۆ نمونە: شەو و ڕۆژ، شەو و ڕۆژێکی تر و نوێی بە دوادا دێت، یان وەرزەکانی ساڵ کاتێک دەبێنین  وەرز لە دوای وەرز دێت لە وەرزی بەهار زەوی بەرگێکی سەوز دەپۆشێت و هەموو شتەکان دەبوژێنەوە و نوێبوونەوە بە خۆیانەوە دەبینن، کە لە وانەیە نوێبوونەوەکەیان گەردوون جوانتر بکات لە پێشووتر ئەویش بە هۆی باشتری کەش و هەوای گونجاوەوە، لە هەمان کاتدا هەر ئەو بابەتانەن گەشەی زیاتریان کردووە، لە وانەشە بە پێچەوانەوە بێت.

ئەوەی سەرەوە نمونەیە بۆ شیعری نوێ و ئەدەبی نوێ و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێیاندا، کە ئەوانیش پێویستییان بە نوێکردنەوەی بەردەوام هەیە ئەوەش لە لایەن شاعیرانی نوێوە دەتوانرێ بەرجەستە بکرێت، چونکە ((ئەدەبی نوێ بریتییە: لە ئەدەبی سەدەیەکی دیکە، سەدەیەک لە بیر و ڕۆشەنبیری و سیاسەت و باری خوێندەواری و زەوق و پێویستییەکانی تاک و

---

[1] - هێمن عومەر، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری و پراکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری – هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٠١.

[2] - سەردار ئەحمەد گەردی، ڕەوانبێژی لە نێوان بوون و نەبوون لە بەشەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی- سلێمانی، ژ٢، ٢٠١٤، ل٩٥.

بیناسازی و ململانێی نێو دەوڵەتی لە سەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و ستەمکردنی هەندێکیان لە هەندێکیتریان، هەموو ئەمانە جیا بوو لە سەدەکانی پێشوو، بۆیە ئەدەبیش بووە زمانحاڵی ئەم سەدە نوێیە و بە جیا لەسەدەکانی پێشوو بەرهەمەکانی خستە بەردەستی خوێنەرانی)).([1])

واتە: شیعری هاوچەرخی کوردی: شیعری نەوەیەکی ترە جیا لە نەوەکانی نووسەری شیعری کلاسیک، لە لایەنی (مەعریفەت و لۆژیك و ڕۆشنبیری فیکری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و ئەتەکێت و پەروەردە و کەلتوری شار و شارستانییەت.....هتد).. .

ئەو شاعیرانەی شیعرەکانیان دەکەوێتە قۆناغی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە ناتوانین بڵێین هیچ پەیوەندییەکیان بە شاعیرانی کلاسیکەوە نییە و سوودیان لێیان نەبینیوە لە ڕووی زانستی ڕەوانبێژییەوە، هەر یەکەیان بە پێی توانا و شارەزایی خۆیان سوودیان بینیوە.

## باسی دووەم: زانستەکانی ڕەوانبێژی

### یەکەم: زانستی ڕوونبێژی

زانستێکە لە زانستەکانی ڕەوانبێژی، ((یەکەم کەس کە دانەری ئەم زانستە بوو (ابو عبيدة محمد بن المثنى) لە کتێبی(مجاز القران)، بەڵام دواتر(عبدالقاهر الجرجانی) زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و بنەماکان و جۆرەکانی دارشتن)).([2]) ئەم زانستە لە ڕووی وشەییەوە: (( (ڕوونبێژی) وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە، (ڕوون) سیفەتێکە تایبەتە بە (ئاو)، دەگوترێت (ئاوێکی ڕوونە) واتە بێگەردە و چ تۆز و خۆڵ و پیسییەکی تێدا نییە.. لەگەڵ (بێژی) ئەمەش پێکهاتووە لە (بێژ) ڕەگی چاوگی

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیدا، ل١١.
[2] - هەژار فەقێ سلێمان حوسێن، ڕوونبێژی لە شیعری (مەحوی) دا، ل.١٣.

(بێژتنـــــه) و (ی)ی دروســـتکەری (نـــاوی واتـــایی).. بـــەم شـــێوەیە بـــە سـەریەکەوە(ڕوونبێژی) واتـە: ئـەو گوتـە و ئاخاوتنـەی لـە ڕووی واتـاوە ڕوون و ئاشکرایە و بێ گرفت و ئاڵۆزییە.

لـە ڕووی زاراوەییەوە: (ڕوونبێژی) نـاوی یەکێکە لـە زانستەکانی (ڕەوانبێژی) عـەرەب (البیان)یان بۆ بـەکار هێناوە، لـە کتێبی ڕەوانبێژانـی کـۆنی عـەرەب بـە هـەموو (البلاغة) دەگوترا (البیان) )).[1]

ڕوونکردنـــەوەی تـــریش زۆرن لـــە بـــارەی پێناســـەی ئـــەو زانســـتەوە لێـــرەدا هەنـدێکیان دەخـەینـە ڕوو: ((ڕوونبێـژی زانستێکە فێـری ڕووەکـانی دەربـڕین لـە واتـای مەبەسـتمان دەکـات، بەهەردوو واتـاوە کە پێکـدێن لـە واتـای وشـەی بـۆ دانـراو و واتـای عەقڵـی)). [2] واتـە: ئـەم زانسـتە ئیشـی ڕەوانـی و ڕوونـی ئـەو دەربڕینانـەیـە، کـە لـە دەقـە ئەدەبییـەکان بـەدی دەکرێـت، کاتێـک شـاعیرانی شارەزا ئەو زانستە لە بەرهەمەکانیان پەیڕەوی دەکەن.

لـە نـاو نووسـەرانی کـوردیش لـە بـارەی ئـەم زانسـتەوە وتـراوە: ((ڕوونبێـژی بەشێک، یـان زانستێکی سـەرەکی ڕەوانبێژییـە، بریتییـە لـە کۆمـەڵێک بنـەما و یاسا، بە هۆیانەوە تاکە واتاییێک بە ڕێگای زۆری لە یەک جیا و یـەک لـە یـەک ڕوونتـر و جـوانتر، پێشـکەش دەکرێـت، زیاترلـە هونـەرێکی هەیـە، بـریتین لـە لێکچوواندن و خـوازە و درکـە).[3] ڕوونتـر لـەو پێناسـانـەی سـەرەوە وتوویانـە، ((ڕوونبێژی زیاتر دەرخستنی ڕوونی دەربڕین و گەیاندنی واتایـە)).[4] ڕای ئێمـە زیـاتر لـەگـەڵ ئـەو پێناسـەیەیە، واتـە ڕوونبێـژی بـە تـەواوی ڕوونـی دەربـڕین و گەیاندنـی واتایە بۆ کەسی بۆ وتراو.

لـەو دوو پێناسـەی سەرەوە دەردەکەوێ، کە ڕوونی دەربڕین و تەواو گەیاندنی واتـا زیـاتر لـە ڕێـی پـەیڕەوکردنی ئـەم زانسـتەوە لـە دەقـە ئەدەبییـەکان ڕوودەدات.

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا(بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١١، ل١١٤.

[2] - رکن الوین محمد بن علی بن محمد الجرجانی، الإشارات و التنبیهات فی علم البلاغة، دار الکتب العلمیة، بیروت- لبنان، ٢٠٠٢، ص.١٣.

[3] - ئیدریس عەبدوڵڵا ، لایەنە ڕەوانبێژیەکانی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل.١١٢.

[4] - عەبدالواحد مشیردزەیی، پڕاگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم- هەولێر، ٢٠١٥، ل٧١.

ئـەم زانسـتە وەك بەشـێکی گرینگـی زانسـتی ڕەوانبێـژی لـە پـاڵ هـەردوو زانسـتەکانی تـر باسـی لێـوە کـراوە و دەستنیشـان کـراوە، پێکـدێت لـە چەنـد هونەرێك کە ئەمانەن: ( خوازە، خواستن، چوواندن، درکە).

## دووەم: زانستی واتاناسی

زانستێکی تری ڕەوانبێژی واتاناسییە، لە ڕووی زاراوەییەوە بریتییە لەوەی کە: (بە گوێرەی ئەو یاسایانەی دەردەکەون و بینراون، کە تا چ ڕادەیەک گوزارشتکردن لەو بارە بیرییە ڕێک و گونجاوە، بۆ ئەوەی هیچ هەڵەیەک دروست نەبێت و دەربڕینەکە بۆ ئەو مەبەستە بێت کە بۆی نووسراوە (وتراوە) ) ..([1]) لە پێناسەیەکی نزیک لەو پێناسەدا هاتووە: زانستی واتاناسی ((ئەو بەشەیە کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی (واتا) دەگرێتەبەر پەیوەندی نێوان وشە و مانا ساغ دەکاتەوە و وەڵامی هەندێ پرسیاری وا دەداتەوە کە پەیوەندیان بە مانا و مەبەست و پەیام و کاریگەری وشە و ڕستە و ئاخاوتنەوە هەیە، هەر وشەیەک چۆن بە کار بێ و لە چ شوێنێک بێت باشترە، پاش و پێش کردنی وشەکان چۆن کاردەکاتە سەر گۆڕان و جەخت کردنی مانای ڕستەکە بێجگە لە مانای دروست و بەرچاوی چ مانایەک دەگەیەنێ و چ لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ؟ وشە لە کوێ لە کورتی ببڕێتەوە باشترە؟ ئایە ئەو ڕستەیەی کە هەیە لەگەڵ باری گوێگردا دەگونجێ یان نە ؟ ڕستەکان لە کوێ بە یەکەوە بلکێن و لە کوێوە لە یەک دابڕێن، بۆ ئەوەی مەبەستی قسەکەر بە تەواوی ڕابگەیەنن)).([2]) واتە: بە هۆیەوە شاعیر دوور دەبێت لە هەڵە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و ڕستە لەو شوێنانەی کە پێویستی پێیانە لە ڕووی واتاوە.

---

[1] - أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ٢٠٠٧، ص.٤١.

[2] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەلاح – سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٨.

بەڵام ((لە ڕووی وشەییەوە: واتاناسی وشەیێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (واتا) و (ناسی)، کە بە هەردووکیان مەسەلەی (تێگەیشتن و شارەزابوون و ناسینی واتا) دەگەینن)).[1]

ئەم زانستەش وەکو دوو زانستەکەیتر گرینگی خۆی هەیە لە زمان و ئەدەب، ((نووسەری عەرەب (الجاحظ) لە کتێیبی (اعجاز القرأن) دا لەم زانستە دواوە، هەروەها زۆرێك لەو زانایانەی کە لەسەر ئەم زانستە دواون ئاماژەیان بۆ کردووە لەوانە: (احمد هاشمي) لە کتێبی (جواهر البلاغة)، (د.عبدالعزیز عتیق) لە کتێبی (علم المعاني)، (الشیخ إمام الخطیب القزویني) لە کتێبی (الإیضاح في علوم البلاغة)....هتد. ئەوەی باسیش دەکرێت چەسپاندنی بناغەی ئەم زانستە لەسەر دەستی (عبدالقادر الجرجانی) بووە بەوەی کتێبێکی بە ناوبانگ و بە نرخی لە بارەی ئەم زانستە بە ناوی (دلائل الإعجاز)وە داناوە)). [2]

زانستی واتاناسی لەلایەن زانا و شارەزایانی ڕەوانبێژییەوە، چەندین بۆچوون و پێناسەیان بۆ کردووە لەوانە: ((واتاناسی: زانستێکە دامەزراوە لەسەر چەند بنەمایەك بۆ ناسینی قسە و گوزارشت لەبارەی ڕەوانی و دەربڕین بە پێی پێویستی شوێن و ئاستی کەسی بۆ دەربڕاو)).[3]

واتە: شارەزابوون لەم زانستە وا لە شاعیر دەکات کە بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی ڕێك و گونجاو لە ڕووی ڕەوانی دەربڕین و واتاوە بەرهەم بهێنێت، کە لە ئاستی پێویست و کەسی بۆ وتراو دابێت و بە باشی لێی تێبگات و چێژی لێ ببینێت.

بۆچوونێکی تر بۆ ئەم زانستە ئەوەیە: ((ئەم گوزارەکاتیە (المعانی) بەرامبەری کردن لەگەڵ ((مقتضی ی حاڵ)) بەشێکی هەرە گەورەیەتی)).[4]

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٢٣.
[2] - رۆکان گوریل شعیا هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلکۆری کوردیدا، ، ل.١٠٤.
[3] - احمد الهاشمي، جواهر البلاغة العربیة، المکتبة التجاریة الکبری مصر، الطبعة الثاني عشر، ١٩٦٠، ص.٤٦.
[4] - علائەدین سەجادی خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین-هەولێر، ١٩٨٦، ل.٢١.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: زانستی واتاناسی بریتییە: لە ناسینی واتا لە دەقی دەربڕاودا، کە بەهۆی پەیڕەوکردنییەوە وا لە شاعیر دەکات دەربڕاوەکەی تەواو گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی کەسی بۆ وتراو.

زانستی واتاناسیش پێك دێت لە چەند هونەرێك کە ئەمانەن: ((هەواڵ (خەبەر) – دارشتن (ئینشا) – پێشخستن و دواخستن (التقدیم و التأخیر) – تایبەتی (القصر) – جیاکردنەوە و بەستنەوە (الفصل و الوصل) – یەکسانی (المساواة) – کورتبڕی (الایجاز) – درێژبڕی (الاطناب) )).([1])

## سێیەم: زانستی جوانکاری

لە عەرەبیدا (البدیع)ی پێدەگوترێت، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤایەتی و ئاخاوتنەکانی زانستی جوانکاری وەک یەکێکی تر لە زانستەکانی ڕەوانبێژی سەری هەڵداوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ نەکراوە.

ئەم زانستە بەشێکی گرنگی ڕەوانبێژییە، هەر میللەتە و بەپێی تایبەتمەندی زمان و ئەدەبی خۆیان بە کاریان هێناوە و ئامادەیان بۆ کردووە، لەلایەنی نووسەرانیان بەکار هێنراوە بەتایبەتی لای شاعیران، لە شیعرەکانی پێش هاتنی ئیسلامدا بەکار هاتووە.

دواتریش ئەم هونەرە لە سەردەمی ئاینی ئیسلام بەرەو پێشچوونێکی زۆر بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە ((لە قورئانی پیرۆزدا لە یەکێ لەو شوێنانەی باس دێتە سەر پەسنی خودای میهرەبان، (خودای گەورە) دەفەرموویێت: (( بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ )) سورەتی (البقرة) ئایەتی (١١٧)، واتە: خودا داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، کاتێ فەرمان بە هاتنە دی شتێک بدات، دەفەرموێت: ببەو، دەبێت)).([2]).

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٢٣.
[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٢.

هاتنی ئاینی ئیسلام بووە هۆی زیاتری پێشکەوتنی کۆمەڵگە و رۆشنبیربوونی تاکەکان، ئەمەش وای کرد ئەم زانستە زیاتر پەرەبسەنێت و بوو بە بەشێکی گرینگ لە پشت پێبەستن بۆ زیاتر بە هێزبوونی بەرهەم و ئاخاوتن و دەبڕینەکانیان و لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەندێ لەو نووسەرانە دەکەیەن، کە دەوری بالایان هەبووە لە بەرەو پێشبردنی ئەم هونەرە لەوانەش: ((یەکەم کەس کە دەستورەکانی ئەم زانستەی نووسیوەتەوە (عەبدوڵلای کوڕی موعتەز)ە، کە بەناوی (البدیع)ەوە کتێبێکی داناو تێیدا باسی چەند جۆرێکی هونەری جوانکاری کردووە.)).[1]

ئەم هونەرە لەناو ئەدەبیاتی کوردیش باسی لێکراوە لەناو بەرهەمە شیعری و ئەدەبییەکاندا شوێنی خۆی کردۆتەوە، بەڵام لەلای عەرەبەکان ئەو نووسەرانەی کە کارییان کردووە لەم بوارە ژمارەیان زۆر زیاترە لە چاو ژمارەی ئەو نووسەرانەی کورد کە لەم بوارەدا کارییان کردووە، لەو ساڵانەی دوایی لەناو نووسەرانی کوردیش چەندین کتێب و نامەی (دکتۆرا و ماستەر) نووسراوە و دەنووسرێت.

لێرەدا ناوی هەندێکیتر لەو کتیب و نامە ئاکادیمییانەی کە لەو بارەیەوە نووسراون لە دوای ڕاپەڕینەوە دەیانخەینە ڕوو:

ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان، عەزیزگەردی، ۲۰۰۲. جوانکاری لە ئەدەبی کوردی، ئیدریس عەبدوڵڵا، ۲۰۰۳. جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیی، ئیدریس عەبدوڵڵا، ۲۰۱۲. جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردی، ئیدریس عەبدوڵڵا، ۲۰۱۲. ڕوونبێژی لە شیعری (مەحوی) دا، نامەی ماستەر، هەژار فەقێ سلێمان حوسێن، ۲۰۱۳. بەهاری ڕەوانبێژی، واتاناسی- ڕونبێژی- جوانکاری، موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، ۲۰۱۳.

کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ئیدریس عەبدوڵڵا، ۲۰۱۳. هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، ڕۆکان گوریل شعیا، ۲۰۱٤. پڕاگماتیک و ڕەوانبێژی، عەبدوالواحد مشیردزەیی، ۲۰۱٥. جوانکاری لە شیعری (وەفایی) دا، مەریوان حسین فەرحان نامەی ماستەر، ۲۰۱٥.

[1] - عەبدولسەلام سالارعەبدولڕەحمان، (هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، ل١٣٤.

شاعیران بەگشتی لە نووسینەکانیان بە دوای شتە جوان و بەرچاوەکانی ژیان دا گەڕاون و کردوویانە بە کەرەستە بۆ پێداویستی بەرهەمەکانیان، بۆیە کاتێک نووسەر شارەزای ئەم زانستە نەبێت ئەوا بەرهەمەکانی چێژی تەواو ناگەیێنێ بە خوێنەر و گوێگر، لەبەر ئەوەی نووسەر کە بەرهەمێک دەنووسێت چەندین وشە و دەستەواژە و ڕستەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستەی دەیەوێ بیگەیێنێ، لێرەدا نووسەر بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە لەم زانستە هەیەتی دەتوانێت ئەو کەرەستانەی بەکاری دەهێنێت بۆ چەندین مانا و مەبەستی جۆراوجۆر بە کاری بهێنێت ئەویش بە پشت بەستن بە هونەرەکانی جوانکاری دەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزی بوونی بابەتەکە ودەوڵمەندی بەرهەمەکەی، بەو هۆیەشەوە خوێنەر و گوێگر چێژی تەواوی لێدەبینن، بۆیە دەتوانین بڵێین زانستی جوانکاری زانستێکی سەرەکی و گرنگی ڕەوانبێژییە.

### ١-پێناسە و چەمکی زانستی جوانکاری

دەربارەی زانستی (جوانکاری) ئەم نووسەرانەی خوارەوە کە هەر یەکەیان بە جۆرێک ڕوونکردنەوە و پێناسە و ئاماژەیان بۆ ئەم زانستە کردووە دەیانخەینە ڕوو:

زانستی جوانکاری: بریتییە لەوەی ((زانستێکە بە هۆیەوە دەتوانرێت لایەنە جوانییەکانی قسە بزانرێت، بە گوێرەی کات و شوێنی پێویست و ڕوونی واتا)).([١]) واتە: ئەم زانستە وادەکات لایەنە جوانییەکانی دەربڕین زیاتر ببینرێت، چونکە زانستی (( جوانکاری بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕەگەزو دەستورانە دەدوێ، کە لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەکاتەوە)).([٢]) واتە: بە هۆیانەوە دەتوانرێت بە باشتر لە بەرهەمە شیعرییەکان تێبگەین.

---

[١] - الإمام الخطيب القزويني، الإيضاح في علوم البلاغة المكتبة العصرية للطباعة والنشر والتوزيع - بيروت - لبنان، ٢٠١٢، ص٣٣٣.
[٢] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم(جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی- هەولێر، ١٩٧٥، ل٥.

لە ڕووی زاراوەییەوە (جوانکاری): ((ناوێکی واتاییە، پێکهاتووە لە ئاوەڵناوی بکەری لێکدراوی (جوانکار) و (ی)، کە وەک پاشگرێکی دروستکردنی ناوی واتایی هاتۆتە سەر (جوانکاری)ی ئاوەڵناو، (ناوە واتایی)یەکەی لێ دروست کردووە، کە (جوانکاری)یەو بەسەر یەکەوە واتە: ئەو کارە جوانانەی هەر کەسێک لە بواری پسپۆڕی خۆیدا ئەنجامی دەدات.. بەڵام لە (ڕەوانبێژی)دا لای کورد و عەرەب (جوانکاری) واتایەکی تر دەگەیێنێ، ئەویش ئەو زانستەیە کە ڕووە جوانەکانی دەربڕینی پێدەناسرێتەوە)).([1])

ئێمە دەڵێین: ئەو زانستە هەردوو بۆچوونەکە دەگرێتە خۆی، وەک ئەوەی وتراوە، زانستی جوانکاری ئەو کارە جوانانەیە کە هەر کەسێک ئەنجامی دەدات. یان بە هۆیەوە ڕووە جوانەکانی دەربڕینی پێدەناسرێتەوە، .

لە شوێنێکی تر بەم شێوە پێناسەی (جوانکاری) کراوە، دەڵێت: ((جوانکاری (البدیع) زانستێکە بەکاردێت بۆ ناسینی جوانی واژە و واتا، لە دوای گونجانی لەگەڵ باری پێویستی گوێگر و خوێنەر)).([2])

لەم پێناسانەی سەرەوە کە بۆ زانستی (جوانکاری) کراون، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەموویان لەیەکتر نزیکن، لە ڕووی چەمک و تێگەیشتنەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیان دا نابینرێت، لەوەدا یەک دەگرنەوە کە ئەم زانستە هۆکارە بۆ جوانی دەربڕین، ئەمەش جوانی بە ناوەڕۆک و ڕووخساری بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبەخشێت و دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرانەش سوودییان لە یەکتری بینیوە لەو نووسین و پێناسانەی هەریەکێکیان دەربارەی ئەم زانستە کردوویانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لە ئەنجامی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتوون لەو سەرچاوانەی توانیومانە سوودیان لێوەرگرین، دەتوانین بڵێین: (جوانکاری): زانستێکە لە زانستە گرینگەکانی ڕەوانبێژی، کە جوانی بە دەربڕینی وشە و دەستەواژە و

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل، ١٢.

[2] - موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی- ڕونبێژی- جوانکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین- هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٤٨.

ڕستە دەبەخشێت و چێژدارتریان دەکات، بەو هۆیەشەوە خوێنەر و گوێگر چێژی تەواوی لێدەبینن.

لەگەڵ دوو زانستەکەی تری ڕەوانبێژی بە یەکەوە  بە شێوەیەکی ڕەوانتر و جوانتر ڕووەکانی دەربڕین بە دیاردەخەن، خوێنەر و گوێگر وا لێدەکەن زیاتر چێژ لە بەرهەمە ئەدەبییەکان ببینن.

بە بوونی هونەرەکانی(جوانکاری) لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەوڵەمەندی بابەتەکە دیاردەکات و لێهاتوویی نووسەریش نیشان دەدات لە بوونی فراوانی توانای بەکارهێنانی وشە  و دەستەواژە و ڕستەی جۆراوجۆر و پڕ مانا و مەبەست بۆ  زیاتر چێژ گەیاندن و دەربڕینی لە شوێن و کاتی دیاریکراو.

نووسەر و شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی دەربارەی جۆرەکانی زانستی جوانکاری لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ئەم زانستە دوو جۆری سەرەکی هەیە، ئەمانەش بریتین لە (جوانکاریی وشەیی ، جوانکاریی واتایی)، هەر یەکێک لەو جۆرانە لە چەند هونەرێک پێکدێن، بە پێی بۆچوونی هەندێ لە نووسەرانی کورد و عەرەب لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | **جوانکاریی وشەیی ، جوانکاریی واتایی** | | | |
| **(عەبدوڵڵای کوری موعتەز** | (پێنج)هونەر بەبێ جیاکردنەوە | | | |
| **عبدولقاهری جورجانی** | (حەوت)هونەر بەبێ جیاکردنەوە | | | |
| | **جوانکاری وشەی** | **جوانکاریی واتایی** | **دزی ئاشکرا** | **دزی نائاشکرا** |
| **خەتیبی قەزوینی** | (حەوت) جۆر | (سی) جۆر | (سێ) جۆر | (پێنج) جۆر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نووسەرانی(البلاغةالواضحة | (سێ) جۆر | (شەش) جۆر | |
| نوووسەرانی(فنون البلاغة | (حەوت ) جۆر | (چواردە)جۆر | |
| عەزیز گەردی | (هەشت) جۆر | (چواردە) جۆر | |
| عەلائەدین سەجادی | **جوانکاری وشەی** | **جوانکاریی واتایی** | **دزی لە هۆنراوە** |
| | (پێنج )جۆر | (بیست و شەش) جۆر | (پێنج )جۆر |
| عەبدلکەریمی مودەریس | (بیست و دوو) جۆر | (سی) جۆر ). | |

([١])

ژمارەی جۆر و هونەرەکانی زانستی جوانکاری، لەلای نووسەرانی کوردو عەرەب لە کلاسیک و لە ئێستاشدا وەک و یەک نین و جیاوازییان هەیە، نووسەر هەیە هەمان ئەو هونەرانەی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوە و دەکاتەوە بەبێ داهێنانی هیچ هونەرێکیتر، لەگەڵ ئەوەش نووسەری تریش هەیە لەگەڵ باسکردنی هونەرەکان داهێنانیش دەکات، واتە هونەری تر دادەهێنێت، لەبەرئەوە ناتوانرێت بە دەستنیشانکراوی بوترێت ژمارەیان ئەوەندەیە.

## ٢-پەیوەندی زانستی جوانکاری بە شیعری هاوچەرخی کوردییەوە:

زانستی جوانکاری، یەکێکە لەو زانستانەی پەیوەندی بە شیعری نوێوە هەیە، بە هۆی جوانیناسی شاعیرە نوێیەکانەوە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ئەم زانستە، کە بە هۆیەوە بەرهەمە ئەدەبییەکە لە ڕووی جوانی ڕووخسار و واتاوە بەرەو پێشتر دەچێت، ئەم زانستە بەهۆی بەکارهێنانی لە لایەن شاعیرانی نوێوە دەکرێت گۆڕانکارییان بە سەردا هاتبێت. ئەوەش دەوەستێتە سەر شارەزایی و لێهاتووی ئەو شاعیرەی کە لە بەرهەمەکانی بەکاری

[١] - ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ل(١٠ – ٢١).

دەهێنێت، دەگونجێت داهێنان لەو هونەرانەدا بکات و زیادییان بکات، یاخود هەندێکیان پشت گوێبخات.

واتە: بەکارهێنانی زانستەکانی ڕەوانبێژی بەتایبەتی زانستی جوانکاری لە لایەن شاعیرانی هاوچەرخی کوردی دەگونجێت هەمان ئەو هونەرانە بن کە لە لایەن شاعیرانی کلاسیکەوە بەکارهێنراون، بەڵام زیاد و کەمیان کردبێت و داهێنانیشیان لە هەندێکیان دا کردبێت و بۆشاییەکانی کۆنیان پێ پڕکردبێتەوە. ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی هونەری جوانکاری بە شاعیرەوە، واتە: شاعیر یان لە بەر شارەزایی لەو بوارە، یاخود لە بەر نەبوونی شارەزایی تەواویەتی.

## ٣-چەمکی شیعرییەت و دیارخستنی پلەی شاعیرییەتی شاعیر

چەمکی شیعرییەت هەروەک و بابەتەکانیتری ئەدەب پێناسە و پێوەرەکانیش بۆ چەمکی (شیعرییەت) جیاواز دەبن، بە جۆرێك کە هەر تێگەیشتنێك بۆ ئەم چەمکە لەو بوارەی کە لەوێوە باس لە شیعرییەت دەکرێت سەرچاوە دەگرێت، جا ئەمە لەڕووی زمانەوانییەوە بێت یان ئەدەبی یان فیکری...هتد ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (شیعرییەت) ڕاستەوخۆ و بناغەی لە بابەتی (شیعر) هەڵکۆڵدراوە، چونکە دواجار (شیعر) خۆی پەیوەستە بەم بوارە جیاوازانەی ئاماژەیان پێدراوە.

هەروەك نموونە بۆ پێناسە جیاوازەکانی چەمکەکە ئاماژە دەدەین بە بۆچوونی(جان کوهین) کە پێی وایە شیعرییەت چەمکێکی فراوانە و لە دیاردە هەست بزوێنەکانی سروشت دەکۆڵێتەوە - شیعر دیاردەیەکە لەدەرەوەی زمانیش بوونی هەیە جا لە سروشتدا بێت یان لە هونەردا، هەروەك هەڵفڕینی باڵندەیەك تا تابلۆی شێوەکارێك ) هەروەها (یاکوبسن) بەپێی دابەشکاری بۆ ئەرکەکانی زمان دەڵێت: کە شیعرییەت لێکۆڵینەوەیە لەو هەلومەرجانەی کە زمان دەخەنە ئەرکی ئەدەبییەوە).([1])

---

[1] - محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک و نمونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی – هەولێر، ٢٠١٢، ل(١١-١٢).

دیاره ((شیعرییەت وەك دەستەواژە لە کۆندا بوونی نەبووە، بەڵام فەیلەسوفە یۆنانییەکان هەوڵیان داوە بزانن کە سیحری شیعر لە چی دایە، هەروەها ڕەخنە گرانی عەرەبی وەك (جاحظ) (جورجانی) بەردەوام پرسیاریان کردووە کە ئەو هۆکارانە چین کە دەقی ئەدەبی بەبێ بوونیان نابێ؟ )).([1])

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم چەمکە ئەو مانایە دەگەیەنێ یان ئاماژەی ئەو مانایەیە کە (شیعر) خاوەن ناوەڕۆکە و هەڵسەنگاندنی شیعریش پەیوەستە بە پابەندبوونی ناوەڕۆکی شیعرەکە بەم بەها شیعریانەوە، کە ئەمەش دەبێتە پێوەر بۆ شیعر و دەگونجێ شیعر و ناشیعر یان ڕاددەی شیعر بوون لێك جیابکاتەوە و دیاری بکات.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە شیعر گرینگترینە بۆ دەربڕینی هەست و هۆشیاری و دەتوانرێت هەر کەسێك بە ئاسانی دەستی بۆ ببات و بەرهەمی هەبێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شیعر مێژووی خۆی هەیە، چونکە لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە مرۆڤ ئەزموونی شیعری هەبووە و بەرهەمی شیعری بۆ بە جێهێشتووین، لەلایەکیتریشەوە دەتوانین بڵێین شیعر میللیشە، چونکە زۆر خەلکی ئاسایش دەتوانن بنووسن، یان کە شیعریشیان نە نووسیبێ پێشوازیان لە بەرهەمە شیعرییەکان کردووە و کردوویانەتە ڕێگایەک بۆ دەربڕینی هەست و ناخی خۆیان، ئەمە بەئاسانی ئەوەمان نیشاندەدات کە سەرەڕای ئەوەی لەلایەك باسی ئەوە دەکەین کە خوێندنەوە بۆ شیعر هۆشیاری و تێگەیشتنی بەرزی دەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا شیعر وەك بابەتێك دادەنرێت کە دەتوانرێت زۆر سادە و بێ مەرجدار بێت. هۆکاری ئەوەی کە شیعر دەگونجێ ڕۆڵی بەمشێوە جیاواز ببینێت، وەک ئەوەی دەبینین هەندێک شیعر واتای خۆی نیشان دەدا کە سادەو ساکارە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەن ناوەڕۆکێکی قولیشە، یان بە پێچەوانەوە شیعر هەیە بە ڕووکەش شیعرە، بەڵام نەیتوانیووە ناوەرۆکێکی بەهێزی هەبێت، جا ئەم ناوەڕۆکە بەگشتی بۆ شیعر پێی دەڵێین (چۆنییەتی شیعر یان شیعرییەت )

لەپاڵ ئەم باسکردنەی سەرەوە بۆ شیعر، تێگەیشتنێکی باویش هەیە بۆ شیعر بەو شێوەیەی کە چاوەڕوانی ئەم ئەرکە لە شیعر ناکات و تەنها وەك

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(قسەی ڕێك یان ڕێكحستنی دروشم) لێی تێدەگات و چاوەڕوانی لێ دەكات. دیارە ئەم شێوازە لە مامەڵەكردن لەگەڵ شیعر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە دیاردە یان بابەتێكی ڕاستەقینە هەیەو هەوڵدەدرێت پەیامێكی هاندەرانە یان ئامۆژگاریانە ئاڕاستە بكات و سوود لە شێوازی شیعر وەردەگرێت وەك ڕێگایەک بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە، كە دیارە زۆربەی لایەنەكانی (چاكسازی كۆمەڵایەتی و سیاسی...هتد) دەكەونە ئەم بوارەوە. ئەوە بەبێ ئەوەی مانای ئەوە بێت هەموو شیعرێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی پەیوەست بێت بەمەوە، هەروەها بەبێ ئەوەی ئەم لایەنەش ڕەتبكرێتەوە لە شیعردا لە لایەک جوانی و لەلایەكیتریش مانا بەتەواوی ئامادە نەبن، بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە ئەم شیعرە بریتی بێت لە ئامرازێكی ڕووت بۆ گەیاندنی بانگەوازێك.

بەڵام تەماشاكردنی شیعر وەك بابەتێك بۆ مەعریفەی مرۆڤ بە بوون و پێدانی ئەم ئەركە جدییە پێی بریتییە لەم ڕوانگەیەی كە (چیەتی شیعر یان شیعرییەت) بۆی زۆر گرنگە. هەروەك مارتن هایدگەری گەورە فەیلەسوفی بوونگەرایی گوزارشت لەم ڕوانگەیە دەكات بۆ شیعر و پێی وایە كە ڕۆڵی شیعر بریتییە لە ئەزموونی هۆشیاری مرۆڤ بە بوون(بە خۆی و جیهانەكەی) هەربۆیە لە روانگەی ئەوەوە (شیعر تەنها بەكارهێنانێكی ئامرازیانەی زمان نییە بەڵكو بە پێچەوانەوە شیعر بنەمایە بۆ زمان..) ([1]) لێرەوە دەبینین ڕۆڵی شیعر داهێنەرانەیە و مرۆڤ لە دۆخی شیعرییەتدا لە ساتی بوونسازی و بووناسی دایە! بۆیە هەرلە ڕوانگەی هایدگەرەوە ( شیعر شانبەشانی فیكر ڕۆڵی بەرجەستەكردنی هەقیقەتی بوون دەبینێت..([2])

لەڕاستیدا تەماشاكردنی شیعر وەك (یەكەیەكی ئیستاتیكی) بریتییە لە ڕوانگەی بەربلاو و ئاساییی و دانانی ئەم ڕۆڵە بۆ شیعر و سەرەنجام پێوانەكردنی (شیعرییەت) بەسەر بەرهەمە شیعرییەكان زیاتر لەسەر ئەم بنەمایە.

[1] - ابراهم احمد، انتولوجیا اللغە عند مارتن هایدکر، الطبعةالاولی، الجزائر، دارالعربیە للعلوم ناشرون، ٢٠٠٨، ل ١٠١.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ڕوانگەیە ئاماژە بە بۆچوونی ئەدیبی ئینگلیز (ئەدگار ئالان پۆ) دەدەین کە دەڵێت: ((شیعر پەیوەندی بە خێر و هەقەوە نییە، بەڵکو تەنیا بە جوانییەوە هەیە)).([1])

دیارە ئەم بابەتە بەشێکە لە باسکردنی ( ڕووخسار و ناوەڕۆك ) و بەو پێیە بێت زیاتر گرنگی بە ڕووخسار یان جوانی وشە و لایەنە مۆسیقیەکەی دەدرێت، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ناوەڕۆك فەرامۆش دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووخسار یان جوانی ڕووخسار مەبەستی سەرەکییە ئەوا بابەتی مانا تاڕادەیەك دەکەێتە پلەی دووەم یان بە جۆرێکی تر ماناش دەبێتە بەشێك لە لایەنە جوانییەکە. واتە: (( شیعر هێزی ئیستاتیکی خۆی لە دوو لایەنەوە وەردەگرێت: ئەو واتایەی دەیگەیەنێت لەگەڵ شێوەی گوزارشتکردنەکەیدا، بەڵام دەتوانین گوزارشتکردن بە پلەی یەکەمدادابنێین، وەك پێوەرێکی ئیستاتیکی، ئینجا واتا، ئەگەریش هەردووکیان پێکەوە لەیەك کاردا کۆبونەوە، هێزی ئیستاتیکی ئەم شیعرە لەبەرزترین ئاستیدا دەبێت)).([2])

لە ڕاستیدا هەبوونی لایەنەکان بە یەکەوە لە شیعردا زیاتر سەرکەوتووترە، سەرەڕای پێشخستنی یەکێکیان.

بە گشتی شیعر بۆ هەر لایەنێ لەو لایەنانەی سەرەوە ئامادەیی هەیە، بەڵام لەوانەیە ئەستەم بێت بتوانرێت بەتەواوی لەیەك کاتدا هەر سێك ببینرێن ، بەڵکو کام بابەتییان بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەرکەوێ ، ئەوا دەگونجێ بە شێوەیەکی گشتی ئەم لایەنەیانی بۆ بکەینە ناونیشانی شیعرەکە و بەم ناوەوە ئاماژەی پێ بکەین، کە لە هەمان کاتدا کەم و زۆر لایەنەکانیتریش بوونیان دەبێت لە شیعرەکەدا.

نووسەر بۆ ئەوەی شیعرییەتی بەرهەمەکانی خۆی بسەلمێنێت، پێویستی بە خوێنەری شارەزا و لێهاتوو هەیە، کە بەرهەمەکە کاریگەری بە سەرییەوە هەبێت و شیعرییەتی خوێندنەوەی لا بەرزبێت.

---

[1] - جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٥.
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

هۆشیار عەبدوڵڵا قەڵادزەیی، بۆچوونی خۆی دەربارەی شاعیری هاوچەرخی کوردی، (گۆران عەباس) بەمشێوە دەخاتە ڕوو: ((ئەوەی روحیانەت و عیشقی لا تاتبەتمەنتر کردووە ئەوەیە ئەم شاعیرە ئەوەندی گەریدەی ناو بیرکردنەوە قوڵەکانی ناو دنیای رۆحی خۆیەتی، ئەوەندە شەیدا و عەوداڵی کتێب و ڕستەکان نییە، ئەمەش وای کردووە لەدەرەوەی شێوازی خەڵکان بنووسێت و کەمترین کاریگەری لە سەر بێت، ئەمە گۆران و شیعری گۆران جیادەکاتەوە)).([1])

لێرەدا بە نمونە شیعرەکانی گۆران عەباسمان وەرگرتووە، یەکێکە لەو شاعیرە نوێیانەی کە لە دوای ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە و تا ئێستاش بەردەوامە، شاعیر بە هەردوو شێوازی کلاسیک و ئازاد شیعری نووسیووە و لە لاسایی کردنەوە دوور بووە، بەبێ ئاگایی هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعری نەنووسیوە و شارەزایی هەبووە، تا ئێستا نزیکەی ٢٥٠ شیعری ئەم شاعیرە لە لایەن هونەرمەندانەوە کراون بە گۆرانی سروودە نیشتمانی نەتەوەییەکان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە شیعرەکان خاوەن مۆسیقای خۆیانن بۆیە کراون بە سروود و گۆرانی*.

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بەرهەمەکانی گۆران عەباس تایبەتمەندی شیعرییەتییان تێدایە، ئەو شتانەی باسمان کرد بەردەوام دەربڕین گۆرانکاری بە سەر دادیت و ڕیتم لە هەڵکەوتە ئاساییەکەی تام و چێژێک بە وەرگر دەبەخشێت و پلەی شیعرییەت لای وەرگر زیاد دەکات. واتە: دەقەکە چەند ئاواز و ڕیتم زیاتر لە خۆ بگرێت ئەوا پلەی شیعرییەتی زیاتر بۆ دادەنرێت.

لە کۆتایی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شێوە و دەربڕین و سیمای چنینی شاعیرانە دەوردەبێنێت نەک قالبی دیاریکراوی کلاسیک.

---

[1] - گۆران عباس، خەمەکانی نیشتمان، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٣، ل(٨-٩).

*- نامەی تایبەتی شاعیر، ٦\٨\٢٠١٧ .

## هونەرەکانی زانستی جوانکاری:

ئەم زانستە دوو جۆر هونەری سەرەکی هەیە، ئەمانەن:

**یەکەم: هونەری جوانکاریی وشەیی**

**دووەم: هونەری جوانکاریی واتایی**

# بەشی دووەم

## جوانکاریی وشەیی و هونەرەکانی
## لە شیعرەکانی گۆران عەباس دا

## بەشی دووەم
## جوانکاریی وشەیی و هونەرەکانی

### جوانکاریی وشەیی

جۆرێکە لە جۆرەکانی زانستی جوانکاری، ((بریتییە لەو جوانییەی کە دەگەڕێتەوە بۆ وشە))([1]) واتە: ئەم هونەرە ئیشی جوانکردنی ڕووخساری وشەیە وشەیە نەک ناوەڕۆک، ئەمەش جوانییەکی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێ. نووسەرانی کوردیش پێناسەی ئەو هونەرەیان کردووە، بەو جۆرەی کە بریتییە لەوەی ((جوانکاریی وشەیی لە لایەنی ئاوازا و مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵە و ئاوازی وشەکان لە ڕەگەزەکانی بەرهەمی ئەدەبی پەیوەندی ئاوازو مۆسیقایان دەکەوێتە نێوان و چۆن بەم ئاواز و ناوەکی و دەرەکییە، کەشی دەربڕینی بیرو سۆز بە جۆشتر دەبێ و چنینی ڕستە و دێرەکان، سفت و تۆکمە دەبێ، ئەم بەشە زیاتر خۆی بە دووبارەبوونەوەی دەنگ خەریک دەکات، کە ئاوازی ناوەوە و ڕەگەزدۆزی دووبارەبوونەوە و سەروا دەگرێتەوە)). ([2])

واتە: جوانکاریی وشەیی لە لایەنی ئاواز و مۆسیقای دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بەمەش بوونیادی دەقەکە لە ڕووی ڕووخسارەوە پڕشنگدارتر دەبێ و بە هۆی ئەو جوانی چنینی وشە و ڕستانەوە زیاتر کاریگەری لای خوێنەر دروست دەکات، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ((جوانکاریی وشەیی بریتییە: لەوەی کە لە لایەنی مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵە و ئاوازی وشەکان لە هەردوو لایەنی ئاسۆیی و ستونی دا بە یەکەوە دەبەستێتەوە، دەیەوێ لە ڕووی مۆسیقای بەهێزی دەربڕینەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر یا بیسەر دروست بکات)). ([3])

---

[1] - محمد طاهر اللادقي، المبسط في علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع ) نماذج تطبيقية، المكتبة العصرية – بيروت – لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٠٥.

[2] - عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٢، ل٦٩.

[3] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ل١٤.

واتە: ئەو هونەرە دەبێتە هۆی ڕێکخستنی وشەکان و ئاواز پێبەخشینیان لە هەموو لایەنێکی دەرەکییەوە، ئەمانەش ڕازاوەیی و پتەوی زۆرتر دەبەخشێتە بەرهەمەکە و زیاتر کاریگەری بە سەر خوێنەرەوە دروست دەکات.

لێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەو پێناسانەی سەرەوە دا هەیە، ئەویش بە هۆی ئەوەیە ئەو نووسەرانە دوور و نزیک سوودیان لە یەکتری بینیوە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا دەتوانین بڵێین: (جوانکاریی وشەیی ) بریتییە: لە لێکۆڵینەوە لە لایەنی مۆسیقا و ئاوازی وشەکان و چنینییان بە شێوەیەکی جوان و گونجاو، کە دەقەکە بە هۆیەوە جێگەی خۆی لەلای خوێنەران و بیسەرانی بەهێزتر دەکات. ئەو هونەرە زۆر جۆری هەیە، ئێمە ناتوانین بە تەواوی ژمارەکەی دەستنیشان بکەین، چونکە هەر نەتەوە و نووسەرێک ئاماژەیان بە ژمارەیەک کردووە، بە گوێرەی هەبوونی ئەو هونەرانەش لە دیوانەکەدا ئیمە دەستنیشانیان دەکەین و نمونە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە لە ژێر ڕۆشناییان شیکاردەکەین، بەشێك لەو هونەرانە کە ئاماژەیان پێ دەکەین ئەمانەن: (ڕەگەزدۆزی - هێنانەوە - گێڕانەوە - گەڕانەوە - پاتکردنەوە - جیاوازی نێوان (گێڕانەوە) و (پاتکردنەوە) - بوونی پێویستە - لێوەرگرتن - تێکهەڵکێش - جیاوازی نێوان لێوەرگرتن و تێکهەڵکێش - دوو سەروا - دواخستن – هاوبڕی - ڕەنگامە یان مولەمەع).

## هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی

### یەکەم: ڕەگەزدۆزی

### ڕەگەزدۆزی

ڕەگەزدۆزی هونەرێکی گرینگ و سەرەکی جوانکاریی وشەیی ە، (لەلای کوردی (ڕەگەزدۆزی)یان بۆ بەکارهێناوە بەرامبەر بە(الجناس)ی عەرەبی، یەکەم کەس کە ئەم وشەی بەکارهێناوە(عەلائەدین سەجادی) بووە).[١]

هەر نووسەرە لای خۆ پێناسەی ئەم هونەری کردووە، بەڵام لێکچوون لە نێوان پێناسەکاندا هەیە، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێکیان کە لەو بارەیەوە نووسراون، لەوانە: ڕەگەزدۆزی ((بریتییە لە دوو وشەی هاوشێوە لە ڕووخسار، بەڵام جیاواز لە ماناادا)). [٢] ئەو نووسەرە دەڵێ دوو وشە بێنی هاوشێوەبن لە ڕووخسار و جیاواز لە مانا، بەڵام، نووسەرێکی تر دەڵێ دوو وشە یان زیاتر لە دوو وشە بێنی، وەک لەم پێناسەی خوارەوە لەو بارەیەوە دەڵێت: ((بریتییە لە دوو وشە یان پتر بێنی لە ڕواڵەتدا وەک و یەکبن یا بە یەک بچن، بەڵام هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودا بێت لە واتای وشەکانی تر)).[٣]

واتە: ڕەگەزدۆزی بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر، بە تەواوی لە یەک بچن یان بە جیاوازییەکی کەم، بەڵام هەریەکەیان سەربەخۆبن لە واتا.

ئەگەر ڕەگەزدۆزی وەک هونەرێکی کۆنی ڕەوانبێژی ناسرابێ، ئەوا لەو پەیوەندییەی نێوان شیعرییەت و ڕەوانبێژی، ڕەگەزدۆزی دەبێتە کەرەستەیەکی سوودمەند بۆ شیعرییەت، بە واتاییەکیتر بۆ تەواو بوون و بە دەستهێنانی بەهای شیعرییەت، شیعرییەت سوود لە ڕەگەزدۆزی دەبینێ لەو ڕوانگەوە کە ببێتە ئامرازێک بۆ لادان لە ئاخاوتنی ئاسایی هەستکردن بە جوانی دەق.

---

[١] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و توێژینەوە لە ئەدەبی کوردیدا، بغداد، چاپخانەی مەعارف، ١٩٦٨، ل٨٣.

[٢] -.محمد على سلطانى، المختار من علوم البلاغة والعروض، الطبعة الأولى، دارالخطماء-- دمشق - سوريا، ٢٠٠٨، ص١٦٣.

[٣] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا(جوانکاری)، ١٩٧٥، ل٧.

ئەم هونەرە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بریتین لە: (ڕەگەزدۆزی تەواو، ڕەگەزدۆزی ناتەواو) لەخوارەوە باسی هەریەکەیان دەکەین بە نمونەی شیعرییەوە.

## جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی

### یەکەم: ڕەگەزدۆزی تەواو

هونەرێکی سەرەکی و گرینگی جوانکاریی وشەییە، کە بریتییە لە((هاوڕەنگیی تەواو لە نێوان حەرفەکانی دوو لەفزدا)).([1]) یان: ((لە ڕێکەوتنی دووشت لە چوار شت، یەکەم: جۆروسیمای پیتەکان لە جولاّن وجێگیربوونیان، دووەم: ژمارەیان، سێیەم: شێوەکانیان، چوارەم: ڕیزی پیتەکانیان)). ([2])

واتە: ئەو وشانەی دەکەونە ژێر سایەی ئەم هونەرەوە لە شێوە و ژمارە و ڕیزبوونی پیتەکانییان وەک و یەکن، واتە: بە تەواوی لەیەک دەچن، تەنها لە ڕووی ماناوە جیاوازن.

ئەم هونەرە گرینگی خۆی هەیە وا لە خوێنەر دەکات زۆر بە وریاییەوە بیری لێبکاتەوە و لە ماناکەی وردتر بێتەوە، چونکە کاتێک خوێنەر سەیری هەردوو وشەکە دەکات دەبینێت لە هەموو ڕووەکان وەک و یەک وان، تەنها لەمانادا نەبێت جیاوازن، ئەمەش وای کردووە کە بەرهەمە شیعرییەکە بە پێزتر بێت بە هۆی بەکارهێنانی ئەم هونەرە، لێرەدا هەندێ لەو نمونە شیعرییانەی شاعیر کە ئەم هونەرەیان تێدایە لە ژێر ڕۆشنایی هونەرەکە شییان دەکەینەوە:

**بۆم و لێڵە ئاسمانی دێ**

**بە بۆنی ڕێحانەوە دێ**

(گ.ب.٢، ل.٢٤)

---

[1] - مەلا عبدالكريمى مدرس، بەديع و عەرووزى نامى، چاپخانەى دارالجاحظ - بغداد، ١٩٩١ل.٣٨.

[2] - أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة(البيان والمعاني والبديع)، المكتبة العصرية – للطباعةوالنشروالتوزيع – بيروت - لبنان، ٢٠١٢ص٢٩٧.

لێرەدا شاعیر وشەی (دێ)ی دوو جار بەکارهێناوە لە هەردوو نیوەدێردا، لە شێوە و ژمارە و ڕیزبوونی پیتەکانییان وەک و یەکن، واتە: بە تەواوی لەیەک دەچن، تەنها لە ڕووی ماناوە جیاوازن، لە نیوەدێری یەکەم بە مانای ناوی (گوند) دێت، لەنیوەدێری دووەم بە مانای هاتنی (بۆن) دێت، ، بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو دروست بووە.

**کەچی هێشتا یا لەم سەرین یا لەم سەرین**

**لەهەر سەرێك بین بێ سەرین**

(گ، ب.٣، ل.٧٥)

لێرەدا وشەی (سەرین) چوار جار هاتووە، لە شێوە و ژمارە و ڕیزبوونی پیتەکانییان وەک و یەکن، واتە: بە تەواوی لەیەک دەچن، تەنها لە ڕووی ماناوە جیاوازن، سێ جاریان بە مانای لا هاتووە، واتە یا لەم لاین، یا لەو لاین، لە هەر لایەک بین، جاری چوارەم، کە دەکەوێتە کۆتایی دێرەکە، بە مانای ئەوە دێت، کە ئێمە بێ خاوەنین، ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکەیان پێکهێناوە ڕیتم و مۆسیقایان بە دەقەکە بەخشیوە، ئەمەش شاعیرییەتی شاعیر نیشان دەدات.

### جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو

#### ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو، کە ((بریتییە لەوەی کە هەموو ئەو وشانەی دەکەونە بەر ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن، واتە لە یەک ڕەگەز وڕەسەن دا بن، وەک ئەوەی هەموویان (ناو)بن، یان (کار)بن)). ([1])

واتە: ئەو وشانەی ئەم هونەرە دەیانگرێتەوە دەبێ لە یەک ڕەگەز و ڕەسەن دا بن، ئەگەر یەکێکیان کار بێت ئەویتریش دەبێت کار بێت، یان ناو بێت

[1] - مختار عطية، علم البديع و دلالات الاعتراض في شعر البحترى دراسة بلاغية، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية - مصر، ٢٠٠٤، ص١٣٠.

دەبێت ئەویتریش ناو بێت، یا هاوەڵناو بێت بەهەمان شێوە ئەویتریش هاوەڵناو بێت.....هتد.

**ئاخر پیرم تۆ دەزانی دەستی نەمام چ لۆن دەگری**

**چاوی وشکی داری زڕی بێ بەری پیر چ لۆن دەگری**

(گ.ب.٣، ل.٦٠)

لێرەدا ئەو دوو وشەی (دەگری) و (دەگری) کە ڕەگەزدۆزی تەواو دورست دەکەن لە شێوە و جۆری پیتەکان و ڕیزبەندی پیتەکان وەك یەکن، بەڵام لە واتادا لێک جیاوازن، لە نیوە دێری یەکەم وشەی (دەگری) بەواتای دەستگرتنی لاوان و گەنجانە، بەڵام وشەی (دەگری) لە نیوە دێری دووەمدا بە واتای گریانی چاو دێت، کەواتە هەردوو وشە لە یەک ڕەگ و ڕەسەن دان، بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواوی هاوڕەسەن دورستبووە.

لێرەدا دەبینین دووبارە بوونەوەی دەنگی کۆتایی وشە بە دوای یەکدا هاتووەکانیش لە نیوە دێری دووەم دا هەیە:

**چاو<u>ی</u> وشک<u>ی</u> دار<u>ی</u> زڕ<u>ی</u> بێ بەر<u>ی</u> پیر چ لۆن دەگری**

هاتنی ئەو دەنگانە بە دوای یەکدا مۆسیقا و ئاواز بە بەرهەمەکە دەبەخشن و لە چوارچێوەی لادان خۆیان دەبینن، ئەمەش نیشانەی شاعیرییەتی شاعیرە، چونکە بە هۆیەوە دەربڕینەکە لە ئاوخاوتنی ئاسایی جیا دەبێتەوە.

گرینگی ئەم هونەرە ئەوەیە جوانی بە دێرە هۆنراوەکان دەبەخشێت، وا لە خوێنەر دەکات زیاتر وردبێتەوە لە مانای هۆنراوەکە، چونکە کاتێک سەیری وشە هاوڕەسەنەکان دەکات لە هەموو لایەنێکەوە وەک و یەک وان، دەبێ ئەوە بزانێ تەنها لە لایەنی واتا لەیەکتری جیاوازن، لێهاتووی هۆنەریش بەدیار دەخا لە هێنانەوەی وشەی هاوڕەسەن لە شیعرەکانی، کە هەر یەکەیان مانای سەربەخۆی خۆیان هەیە.

## ڕەگەزدۆزی تەبا

جۆرێکی ترە لە ڕەگەزدۆزی تەواو، بریتییە: ((لەو دوو وشەیەی کە ڕەگەزدۆزییەکە پێکدەهێنن و لە ڕەگەز و ڕەسەنیان لە یەکتری جیاوازن و دەگونجێ یەکێکیان ناو بێت ئەویتریان هاوەڵناو بێت، یان یەکێکیان ناو بێت ئەویتریان کار بێت)). ([1])

**نمونە:**

**تا ئێوارە شوێن دەڕاسەیەک کەوتبێ**

**تا مشتێ گەنمی ڕژاوی چنگ کەوتبێ**

(گ، ب٣، ل ٨٠)

لێرەدا شاعیر وشەی (کەوتبێ)ی دوو جار بەکارهێناوە لە هەردوو نیوەدێردا، بەڵام جیاواز، لە نیوە دێری یەکەم بە مانای (بە دواکەوتن) دێت، لە نیوە دێری دووەم بە مانای هاتنی (دەستکەوت) دێت، واتە هەردوو وشە لە یەک ڕەگەز و ڕەسەن دا نین، بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو لە جۆری تەبا دورست بووە.

**نمونە:**

**لە بیری هێجگار جەنجاڵی،**

**هەر هیچ نەبێ حاڵی دەبوو چییە حاڵی**

(گ، ب٣، ل٩٣)

لێرەدا شاعیر وشەی (حاڵی)ی دوو جار بەکارهێناوە لە نیوە دێری دووەم، بەڵام هەر جارە و بە مانایەکی جیاواز، جاری یەکەم بە مانای (تێگەیشتن)

---

[1]- ڕۆکان گوریل شعیا، هونەری ڕەگەزدۆزی لە پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، ژ٤٠، ٢٠١٦، ل ٩٨.

دێت، جاری دووەم دووەم بە مانای (گوزەران) دێت، واتە هەردوو وشە لە یەک ڕەگەز و ڕەسەن دا نی ن، بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو لە جۆری تەبا دورستبووە.

## جیاوازی نێوان ڕەگەزدۆزی (هاوڕەسەن) و (ڕەگەزدۆزی تەبا)

جیاوازی ڕەگەزدۆزی تەبا لەگەڵ ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن ئەوەیە، لە ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن دەبێت هەردوو وشەکە لەیەک رەگەز و ڕەسەن دا بن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕەگەزدۆزی تەبادا هەردوو وشەکە سەر بە یەک ڕەگەزو ڕەسەن نین.

## دووەم: ڕەگەزدۆزی ناتەواو

ئەم هونەرە جۆری دووەمی ڕەگەزدۆزییە، کە ((بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە یەک، یان زیاتر لەمەرجێکی (ڕەگەزدۆزی تەواو) لە دەست دەدات، واتە: بەشێکی گرینگی (ڕەگەزدۆزی)یە، لە دوو وشە پێکدێت، کە تاڕادەیەک لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لێکچوونەکە تەواو نییە، لە واتاشدا هەردوو وشەکان لە یەکتری جیاوازن و هەر یەکەیان واتای سەربەخۆی خۆی هەیە)).([١])

هونەرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواویش چەند جۆرێکن، ئەم جۆرانەش لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

### جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواو

### ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواو، ئەم ڕەگەزدۆزییە: ((بریتییە لە دوو وشە، کە لە ڕووی ژمارە و شێوە و ڕیزبوونی پیتەکانیان یەکسانن، بەڵام پیتێکیان جیاوازە لەگەڵ یەکتر واتە لەڕووی پیتەوە لە یەکتر جیاوازن)). ([٢])

**نمونە:**

---

[١] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیدا، ل١٨.

[٢] - صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال مەحمود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٤، ل٩٥.

**تۆ نەرمای و نازی ڕەوتی سپێدەی ئاوی چەمی**

**گۆرانی بەربەیانی بوون خەزانی فەصلی غەمی**

(گ،   ب.١،

ل.٢٨٨)

وشەکانی (چەمی) و (غەمی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دورست دەکەن، چونکە تەنها لە پیتی یەکەمدا جیاوازن.

**بە سپێدەی پڕکەیفەوە، بە بۆنی بەهەشتەوە هاتی**

**بۆ سارای وشکی بێ ژیان، بۆمان، بەوەشتەوە هاتی**

(گ،   ب.٢،

ل.٢١٨)

وشەکانی (بەهەشتەوە) و (بەوەشتەوە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دورست دەکەن، چونکە لە یەك پیتی سێیەمیان لە یەک جیاوازن.

**نمونە:**

**چۆن کزەی بەر بەیانێکی**

**کزو لاوازی بێهەستی**

**ئەمێستاکە بێ کەسی تۆ**

**بێ پشت و پەنا و بێدەسی**

(گ، ب٣، ل١٤٧)

وشەکانی (بێهەستی) و (بێدەستی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دورست دەکەن، چونکە لە یەك پیتی سێیەمیان لە یەک جیاوازن.

**نمونە:**

**یاسەمین و وەنەوشە ... چنوری بوکی کێوان**

**نێرگز بە تارای سپی شەوبۆی شاگوڵ شێوان**

(گ،   ب ٢،

ل ٢١٤)

وشەکانی (کێوان) و (شێوان ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دورست دەکەن، چونکە لە یەك پیتی یەکەمیان لە یەک جیاوازن.

## ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها

((ئەو ڕەگەزدۆزییەیە، کە دوو وشەکانی لە ژمارە و شێوە و ڕیزبوون و جۆری پیتەکانیان دەشێ لێکجیا بن، بەڵام هەردووکیان یەک ڕەگیان هەیە)).([1])

واتە: هەردوو وشەکە یەک سەرچاوەیان هەیە.

**نمونە:**

**ئەمە کەناری مەرگی حەقیقەتەکانە**

**دیوانی شیعرە پەڕ و باڵ سووتاوەکانە**

**کەس بیر لە مردنی ناکات**

(گ، ب ١، ل ٣٦)

وشەکانی (مەرگ) و (مردن) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها دورست دەکەن، چونکە هەردووکیان لە چاوگی (مردن) وەرگیراون.

**نمونە:**

**ئێسا مەرگ لە نێو دڵدا نیشتە جێ یە**

**دڵیش دەمرێت..**

**کەمێکی تر گەر سەرکەوێت**

[1]- ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل ٢٢.

**ئەو دەمانە زمان دەمرێت..**

**شیعریش مەرگی خۆی دەبینێت**

(گ، ب ٢، ل ١٠٧)

لەم پارچەی سەرەوە دا وشەکانی (مەرگ) و (مردن) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها دورست دەکەن، هەردووکیان لە چاوگی (مردن) وەرگیراون.

## ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد

جۆرێکی تر لە هونەری ڕەگەزدۆزی ناتەواو ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە، ((بریتییە لەوەی دوو وشەکان جۆر و شێوە و ڕیزی پیتەکانیان یەک بێ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێ، یەکێکیان پیتێک یان دوو پیتی لەوی تر زیاتر بێت)). ([1])

بە پێی ئاماژەی نووسەران ئەم ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادەش چەند جۆرێکی هەیە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

**یەک:** هەندێک جار وشە پیت زیادەکە پێش وشە پیت کەمترەکە دەکەوێت.

**نمونە:**

**شەپۆلی عەشقت ڕوحم ڕاژەنێ**

**نەسیمی سوبحت نەی مانم ژەنێ**

(گ، ب ١،
ل ٣٠٨)

وشەکانی (ڕاژەنێ) و (ژەنێ) دوو وشەن یەکەمیان بە دوو پیت زیاترە لە دووەمیان بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست بووە.

---

[1]- ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ل ٣٢.

**دوو:** جاری واش هەیە وشە پیت کەمەکە پێش وشە پیت زیاترەکە دەکەویت.

**نمونە:**

**نەسیم سەرگەرمەن ئەو وێڵی ساران**

**سوارەن هەناش دوەی کۆساران**

(گ، ب.٢،
ل.٢٣١)

لەم دێرە هۆنراوەیە دا وشەکانی (ساران) و (کۆساران) دوو وشەن دووەمیان بە دوو پیت زیاترە لە یەکەمیان، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست بووە.

**دەنگ دەوری ئەم شیعرەی داوە**

**نزیک هەموویان زۆر نزیکە و**

**جارێکی تر یەکگرتنەوەیەك ڕویداوە**

(گ، ب٢،
ل٧٨)

لێرەدا وشەکانی (داوە) و (ڕوویداوە) دوو وشەن دووەمیان بە سێ پیت زیاترە لە یەکەمیان، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری زیاد بەرهەم هاتووە.

دەگونجێ ئەو دوو وشەی کە باسمان کرد لە هەردوو جۆرەکەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد هەردووکیان لە دێریک بن، یان هەریەکە و لە دێرێکی جیادابن.

**نمونە:**

**لێرە بە درێژای ساڵ تاریکای ئەبارێت**

**ڕۆژمان ڕەش و شەوان ڕەشتر**

(گ، ب.٣،
ل.٨٠)

لێرەدا ئەو دوو وشەی کە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست دەکەن بریتین: لە وشەکانی (ڕەش) و (ڕەشتر) وشەی دووەمیان بە دوو پیت لە وشەی یەکەم زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروستبووە.

**وەچاو چاوەڕێ وە دڵ شکاویم**

**وە چارە ڕەشی بەرگ سیاییم**

(گ، ب ٣، ل ٩)

لەو دێرە شیعرەدا، لە نیوە دێری یەکەمدا، ئەو دوو وشەی کە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست دەکەن بریتین: لە وشەکانی (چاو) و (چاوەڕێ) وشەی دووەمیان بە سێ پیت لە وشەی یەکەم زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروستبووە.

**بەرزی دەماخ و شنروێ تەمەن**

**گوڵان بە وێنەی کۆری ماتەمەن**

(گ، ب ٣، ل ١٢٦)

لەو دێرە شیعرەدا، ئەو دوو وشەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست دەکەن لە کۆتایی هەردوو نیوە دێرەکە هاتوون، بریتین: لە وشەکانی (تەمەن) و (ماتەمەن) وشەی دووەمیان بە دوو پیت لە وشەی یەکەم زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد بەرهەم هاتووە.

**سێ:** ئەم جۆرەیان جیاوازە لە جۆرەکانی پێشووتر، بەو شێوەیەی پیتە زیادەکە کەوتۆتە پێش پیتی کۆتایی.

**نمونە:**

**ئەو منداڵەی سیروان بردی**

**ئەو هاوارەی هاواری کردی**

(گ، ب ۱، ل ۱٦۱)

لێرەدا دەبینین لە نیوە دێری دووەم دا وشەی (هاوارەی) بە یەک پیت لە وشەی (هاواری) زیاترە، بەڵام ئەم جۆرەیان جیاوازە لە جۆرەکانی پێشووتر، بەو جۆرەی پیتە زیادەکە کەوتۆتە پێش پیتی کۆتایی، بەمجۆرە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد بەرهەم هاتووە.

## ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی

ئەمەش جۆرێکی ترە لە ڕەگەزدۆزی ناتەواو، کە ((بریتییە لە بوونی دوو وشە، ئەگەرجی زۆربەی پیتەکانیان لە یەک جیابێت، بەڵام لەسەر یەک کێش بن)). ([1])

**لەگەڵ ئەشکی تەنهایی دا**

**بە ئەسپایی ئەتکێمەوە**

**دەبمە شەونمی سەحەر و**

**لەگەڵ بوونتا ئەڕوێمەوە**

(گ، ب ۱، ل ۲۸۷)

هەردوو وشەکانی (ئەتکێمەوە) و (ئەڕوێمەوە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروست دەکەن، چونکە ژمارەی پیتەکانیان وەك یەکە و هەندێ لە پیتەکانیان لە یەك جیاوازن، بەڵام لەسەر یەك کێشن.

**بە دوری یادەی عەشقەوە دەسوتێ دڵ چ سوتانێ**

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیدا، ل۲۸.

**نەبوونی پیاڵەی مەستە دەگرێ روح چ گریانێ**

(گ، ب ٢،
ل ٣٤٨)

هەردوو وشەکانی (سوتانێ) و (گریانێ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروست دەکەن، چونکە ژمارەی پیتەکانیان وەك یەکە و هەندێ لە پیتەکانیان لە یەك جیاوازن، بەڵام لەسەر یەك کێشن.

**نەما ڕێز و قەدر و قیمەت باری کرد ڕووی کردە غوربەت**

**ئێستا لێرە کە میوانە خەم و حەسرەت، دەرد و مەینەت**

(گ، ب ٣، ل ١٧٦)

لەم دێرە شیعرەی سەرەوە دا هەردوو وشەکانی (غوربەت) و (مەینەت) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروست دەکەن، چونکە ژمارەی پیتەکانیان وەك یەکە و هەندێ لە پیتەکانیان لە یەك جیاوازن، بەڵام لەسەر یەك کێشن.

## ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواو، ((بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە دووەمیان کەرتی یەکەمیانە، واتە: وشەی دووەم لە ڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لە وشەی یەکەم کەمترە، ئەوەش وابێت، کە وابێ واتای هەردوو وشەکەش لە یەکتری جیا دەبنەوە و هەر یەکەیان واتایەکی سەربەخۆی خۆی دەبێت)). ([1])

**نمونە:**

**بۆ شەمعدانی شەمعی عیشقت دڵم وا پەرێشانە**

**بێ کەسم تەنها کەسم تۆی ئەی عالەمی لەحزانی من**

(گ، ب ١، ل ٣٧٨)

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (بەنمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، ل ٢٣٦.

لێرەدا لە نیوە دێری یەکەم کەرتە وشەی دووەم ڕاستەوخۆ لە دوای کەرتی یەکەم هاتووە، کەرتی دووەم (شەمع) کەرتی وشەی یەکەم (شەمعدان)ە، بەمەش رەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی دروست بووە.

**ئیدی چاوی چاوەڕوانی**

**کز.. کز وەک ئاگری ئاگردانی**

**ماڵە هەژارێک ئەسووتا**

(گ، ب ١، ل ٤٤)

لێرەدا لە نیوە دێری یەکەم وشەکانی (چاو) و (چاوەڕوانی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست دەکەن، لە نیوە دێری دووەمدا (کز..کز) پاتکردنەوە دروست دەکەن و لە هەمان نیوە دێر وشەکانی (ئاگر) و (ئاگردان) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی دروست دەکەن، بەڵام ئەو جارە کەرتە وشەی (ئاگر) پێش کەرتی یەکەم (ئاگردان) هاتووە.

**ئێسە چوون باخی بێ پەرژین مشۆ**

**باخەوان باخش جەویر بەردەنۆ**

(گ، ب ٣، ل ١٢٦)

لێرەدا لە نیوە دێری دووەم کەرتە وشەی دووەم ڕاستەوخۆ لە دوای کەرتی یەکەم هاتووە، کەرتی دووەم (باخش) کەرتی وشەی یەکەم (باخەوان)ە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی دروست بووە.

لە کۆتایی دا لە هەموو ئەو نمونانەی سەرەوە لە هەر سێ بەرگەکە کە بۆ هەموو جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو و ناتەواو هێنامانەوە، بۆمان دەرکەوت کە زۆر جۆری هەیە، لە چۆنییەتی ڕێکخستن و هێنان و دانانی وشەکان لە ناو بەرهەمە شیعرییەکان، ئەو دوو وشەی کە ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن، دەکەونە کۆتایی، یان، ناوەڕست، جاری واش هەیە لە ناو نیوە دێرێک، یان لە دێرێک دا. لە دانانی لە هەموو ئەو جۆرانەی شاعیر لە بەرهەمەکانی بەکاری

هێناون، گرینگی خۆیان هەیە لە دروستکردنی بەهایەکی ڕیتمی و دوو لایەنی، کە روخسار و زمانیان دەوڵەمەندتر کردووە، ئەمانەش شاعیرییەتی شاعیر دەخەنە ڕوو.

جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر کە نمونە شیعرییەکانمان لە ژێر ڕۆشناییان شیکردۆتەوە، لە جۆری تەواو و ناتەواون، لە جۆری تەواو (دوو) جۆرە، بریتین لە (هاوڕەسەن، تەبا)، لە جۆری ناتەواو (پێنج) جۆرە بریتین لە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی (جودا، زیاد، هاوکێشی، ڕەها، کەرتی)، بە نزیکەیی ژمارەی بە کارهێنانیان لە بەرگی یەکەم (٤٧) جار، بەرگی دووەم (٢٨) جار، بەرگی سێیەم (٥١) جار، واتە هونەری ڕەگەزدۆزی بە گشتی لە بەرگی سێیەم زیارتر بە کارهاتووە، لە دوو بەرگەکەیتر.

سەرجەمی بە کارهێنانی هەموویان دەگاتە (١٢٦) جار، لە هەموو جۆرەکان زیاتر ئەوەی کە لە بەرهەمەکانی دەبینرێت، ڕەگەزدۆزی ناتەواوی (جودا)یە، کە ژمارەکەی دەگاتە (٧٦) جار، لە بەرگی یەکەم (٢٥) جار و لە بەرگی دووەم (١٧) جار و لە بەرگی سێیەم (٣٩)جارە.

## دووەم: هێنانەوە

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ، ((بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک، یان زیاترلە کۆتایی دێرە شیعرەکە بۆ هەر شوێنێکی تری ئەو دێرە)). ([1])

[1] - عەبدوڵڵا خدر مولوود، حەمدی و ڕەوانبێژی، گۆڤاری ڕامان – هەولێر، ژ٥٣، ٢٠٠٠، ل١٠.

لە شوێنێکی تر لە بارەی ئەم هونەرەوە وتراوە، هێنانەوە: ((واتە گێڕاندنەوەی دوا بڕگەی وتار بۆ سەرەتاکەی، وەک لە فەرموودەی خوادا کە ئەفەرموێت: "وتخشى الناس والله احق أن تخشاه")). ([1])

واتە: بریتییە لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە، لە یەک نیوە دێر یا دوو نیوە دێر، یان زیاتر، کە هەر یەکەیان لە شوێنێکی ناو دێرەکە یان نیوە دێرەکە دەهێنرێنەوە، بە مەرجێ لە تەنیشت یەکەوە نەبن.

لەم بۆچوونانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، هونەری هێنانەوە هونەرێکی گرینگە جوانی بە بەرهەمە شیعرییەکە دەبەخشێت، شارەزایی هۆنەریش نیشان دەدات لە هەبوونی توناو شارەزایی لەم هونەرە، کە بە هۆیەوە توانیویەتی ئەم وشە هاوشێوانە بهێنێ و بیان خاتە ناو دێرە هۆنراوەکانی خۆی، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

**جۆرەکانی هێنانەوە**

١- هاتنی یەک لە وشەکان لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و هاتنی ئەوەی تریان لە پێش کۆتایی هەمان نیوە دێر:

**هەناسەیەک.. تەنها هەناسەیەک نابات**

**دەتوێیتەوە و دەبیتە مشتێک تاریکی**

(گ، ب ٢،

ل ١١)

وشەی(هەناسەیەک) لەم دێرەدا دوو جار هێنراوەتەوە، جاری یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و جاری دووەم لە پێش کۆتایی هەمان نیوە دێر، بەمەش هێنانەوە دروست بووە.

٢- هاتنی وشەی یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و هاتنی وشەی دووەم لە کۆتایی نیوە دێری دووەم

**نمونە:**

---

[1] - مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع و عەرووزی نامی، ل٤٩.

**سوتانت لەگەڵ ئەودا خولقان**

**یاخود ئەوت بۆ سوتان**

(گ، ب ١، ل ٢٢٠)

(سوتان) لەم دێرەدا دوو جار هاتووە، یەکەمیان لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و ئەوەی دووەم لە کۆتایی دێرەی دووەم هێنراوەتەوە، بەمەش هێنانەوە دروست بووە.

**چ کەمانچە ژەنێکە بەم ناوەختە**

**ختوکەی تاڵە ژێ شەکەتبووەکانی**

**سەر سینەی کەمانچە پیرەکەی ئەدات**

(گ، ب ١، ل ١٢٧)

وشەی (کەمانچە) لەم سێ نیوە دێرە دوو جار هێنراوەتەوە، جاری یەکەم لە دوای سەرەتای نیوە دێری یەکەم و جاری دووەمیش لە ناوەڕاستی نیوە دێری سێیەم، لە شیعری ئازاد دا دەگونجێ هێنانەوەکە لە سنوری دوو نیوە دێر تێپەر بێت، وەک ئەو نمونەی سەرەوە، بەمجۆرە هێنانەوە دروست بووە.

٣- هاتنی یەك لە وشەکان لەناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم و ئەوەی تریان لە ناوەڕاستی نیوە دێری دووەم.

**پەنجەرەکانی عەشقمان لێ دا ئەخەن**

**کۆڵانەکانی عەشقمان یاساغ دەکەن**

(گ، ب ١، ل ٣٦٨)

وشەی (عەشقمان) دوو جار هێنراوەتەوە جاری یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم و جاری دووەم لە ناوەڕاستی نیوە دێری دووەم هاتووە، بەمجۆرە هونەری (هێنانەوە) دروست بووە.

٤- هاتنی یەك لە وشەكان لەناوەڕاستی نیوە دێری یەكەم و ئەوەی تریان لە كۆتایی نیوە دێری دووەم.

**تەنها ڕاپەڕین دەرمانی دەردە**

**هەناسەی مانیش هەر ڕاپەڕینە**

(گ، ب ١، ل ٣٩٤)

وشەی (ڕاپەڕین) كە لە ناوەڕاستی نیوە دێری یەكەم و كۆتایی نیوە دێری دووەم هاتووە، بەمجۆرە هونەری (هێنانەوە) دروست بووە.

٥- هاتنی وشەی یەكەم لە كۆتایی نیوە دێری یەكەم و وشەی دووەمیش لە دوای سەرەتای نیوە دێری دووەم:

**با بسوتێ دۆزەخ بۆ خۆی كە یاری**

**كە تۆ یاری كەریمی هەم غەفاری**

(گ، ب ٣، ل ١٤٢)

لێرەدا وشەی (یاری) دوو جار هێنراوەتەوە، یەكەمی كەوتۆتە كۆتایی نیوە دێری یەكەم و دووەمیشی كەوتۆتە دوای سەرەتای نیوە دێری دووەم، بەمەش (هێنانەوە) دروست بووە.

٦- هاتنی وشەی یەكەم لە كۆتایی نیوە دێری یەكەم و وشەی دووەمیش لە كۆتایی نیوە دێری دووەم:

**لە شەوقی خۆری پرتینت شەو و ڕۆژ هەر ڕۆژی ڕووتە**

**میحراب قامەتی بەرنەدا هەر عەسر و نیوەڕۆی ڕووتە**

(گ، ب ٣، ل ٣٢٢)

لێرەدا وشە هێنراوەكە (ڕووتە) وشەی یەكەمی كەوتۆتە كۆتایی نیوە دێری یەكەم و وشەی دووەمیش كەوتۆتە كۆتایی نیوە دێری دووەم، بەمەش (هێنانەوە) دروست بووە.

٧- هاتنی وشەی یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری دووەم و ئەوەی تریان لە کۆتایی هەمان نیوە دێر:

**ئەی ڕوحی شەکەت ماندوی پڕی سەفەر**

**عەشق دەردێکە و دەرمانی عەشقە**

(گ،ب ١،ل ٣٢١)

وشەی (عەشق) لەم دێرە دوو جار هێنراوەتەوە، جاری یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری دووەم و جاری دووەمیش لە کۆتایی هەمان نیوە دێر.

**با لە کەناری ئەم خەیاڵە تولانییەدا**

**پیر ببم پیر**

(گ، ب ١، ل ٢٠٦)

لێرەدا وشەی (پیر) دوو جار هێنراوەتەوە، جاری یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری دووەم و جاری دووەمیش لە کۆتایی هەمان نیوە دێر، بەمجۆرە هێنانەوە دروست بووە.

**هەندێ جۆریتری هێنانەوە:**

**١-** هاتنی وشەی یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و ئەوەی تریان لە سەرەتای نیوە دێری دووەم:

**خودای من ڕەحمانی هەمووان**

**خودای ڕۆزیدەر بۆ ژیان**

(گ، ب ٣، ل ١٨٢)

لێرەدا وشەی (خودا) دوو جار هێنراوەتەوە، جاری یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم و جاری دووەمیش لە سەرەتای نیوە دێری دووەم، بەمجۆرە هێنانەوە دروست بووە.

١- هاتنی هەردوو وشەکە لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێر:

**کە هەوری ماتەم ئەبارێ**
**دەبمە تەم ماتەم باری تۆم**

(گ، ب ۱، ل ۲۸۷)

لێرەدا وشەی (ماتەم) دوو جار هێنراوەتەوە، لە هەردوو جار لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێرەکە هاتووە، بەمجۆرە هێنانەوە دروست بووە.

۳- هاتنی وشەی یەکەم لە پێش کۆتایی نیوە دێری یەکەم و ئەوەی تریشیان لە پێش کۆتایی  نیوە دێری دووەم:

**دڵ کە دەروێشی ڕێگایە بێ دەنگی شەو حاڵە بۆی**

**خەو خەنیمی چاوی سورە زوڵمەتی شەو ژوانە بۆی**

(گ، ب ۱، ل ۳۱۳)

لەم دێرەی سەرەوەدا وشەی (شەو) دوو جار هێنراوەتەوە، جاری یەکەم لە پێش کۆتایی دێری یەکەم و جاری دووەمیش بە هەمان شێوە لە پێش کۆتایی نیوە دێری دووەم، بەمجۆرە هێنانەوە دروست بووە.

## سێیەم: پاتکردنەوە

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ، بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو بەرهەمەکانی شاعیران جێگەی خۆی کردۆتەوە بەتایبەتی شاعیرانی نوێ، لە پێناسەیەکدا هاتووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: ((بریتییە لە پاتکردنەوەی وشە، یان دەستەواژەیەک، لە جارێک زیاتر لە ناو کۆیەکدا، بە مەبەستی دروستکردنی جەختکردنەوە یان زیادکردنی ئاگایی، ترساندن، چێژ گەیاندن، زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەست.... هتد)).(۱) واتە: دووبارەبوونەی وشە یان

۱ - السيد على صدرالدين بن معصوم المدنى، انوار الربيع فى انواع البديع، الطبعة الاولى، مطبعة النعمان - النجف الاشرف - العراق ، ١٩٦٩، ص٣٤٥.

دەستەواژەی ناو دێرەکە یان کۆپلە شیعرییەکە، بە مەبەستی زیاتر جەخت کردنەوە لە بابەتێک کە شاعیر مەبەستییەتی.

نزیک لەو پێناسەی سەرەوە وتراوە: ((بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، بۆ چەند جارێک لە سنوری دێرە شیعردا لە دوای دەربڕینی مەبەست، بە مەرجێ واتاکەی گۆڕانکاری بەسەر دا نەیێت، بە هۆی دووبارەکردنەوەکەی)).([1]) واتە: دووبارەبووونەوەی ئەو بەشەی ئەو شاعیر کە مەبەستییەتی بە مەرجێک هەمان واتای هەبێت. بەهۆی تێگەیشتنمان لەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانیت بڵێین: پاتکردنەوە بریتییە لە دووبارەبوونەوەی وشە یان دەستەواژە یان ڕستە، بە هەمان واتا.

لە شیعری هاوچەرخدا دەگونجێ لە دوو سێ نیوە دێردا ئەم پاتکردنەوەیە ڕووبدات، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شیعری نوێش بێ زانستی ڕەوانبێژی نییە و هونەرەکانی هەر سێ زانستەکەیان تێدا بەرجەستە دەبێت. بە نمونەی شیعرەکانی شاعیری هاوچەرخ (گۆران عەباس) هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە ڕادەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت بۆ جەخت کردنەوە لەسەر واتای ئەو شتانەی کە مەبەستییەتیی و لە ناخ و دەروونی شاعیردا هەیە بیگەیێنێ بە خوێنەر و گوێگر.

### جۆرەکانی پاتکردنەوە

**یەکەم:** پاتکردنەوە بە پێی جۆری پاتکراوەکە، واتە بە پێی کەسایەتی پاتکراوەکە، کە لە ناو ڕستەدا دەوردەبینێت، ئەم جۆرانەی هەیە:

**١- پاتکردنەوەی دەنگ**

(پاتکردنەوەی دەنگ لە دەقە شیعرییەکاندا بە بوونیادێکی بنچینەیی سیستەمەکە دادەنرێ زوو هەستی پێ دەکرێ و ئەو لادانانەی دووبارەبوونەوەی دەنگ، هەموویان خزمەتی ئەرکی ئیستاتیکای دەق دەکەن).([2])

[1] - موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی - ڕوونبێژی - جوانکاری)، ل٢٩٠.
[2] - هێمن عومەر، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری و پراکتیکییە)، ل٩٤.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هەندێ لەو نمونانە دەخەینە ڕوو کە دووبارەبوونەوە و ڕێکخستنی دەنگییان تێدایە:

**١- دووبارەبوونەوەی دەنگەکان لە نێو (بڕگە) دا:**

**یەک:** بوونی جووت دەنگەکە لە ناو یەک بڕگەدا، بەڵام لە دوو وشەی بە دوای یەک داهاتوودا:

**ئەمەش دوو جۆری هەیە:**

**أ- وەک یەک : لە هەردوو وشەدا چۆنییەتی ڕیزبوونی دەنگەکان وەک یەک بن:**

**قەڵەمێکی چاو شۆڕی دەربار بهێنە**
**لە گەڵ برینی جەستەدا نامەیەکی بۆ**
**نان دەرد و دەم داخەر و خەو لێخەری**
**سەر لە بەری پڕ گەندەڵی ئاغای خۆی و**
**دەردی سەری تۆ نووسیبێ؟**

(گ، ب٣،

ل٢٢)

لەم پارچەیەدا دەبینین لە نیوە دێری سێیەم گونجانێکی دەنگی لە نێوان هەردوو وشەی (دەرد) و (دەم)دا هەیە لە هەر دووکیاندا دەنگی/د/ و /ە/ لە تاکە بڕگەیەکدا دووبارەبوونەتەوە، دوو وشەکەش بە دوای یەکدا هاتوون هیچ ناوبڕێک لە نێوانیان نەهاتووە.

هەر لەو پارچەیەی سەرەوە دەبینین دووبارەبوونەوەی دەنگی کۆتایی لە پێنج وشەی بە دوای یەک داهاتوو هەیە، لە گرێیەکانی (خەو لێخەری) و ( سەر لە بەری) و (پڕگەندەڵی) و (ئاغای خۆی) و (دەردی سەری)، بەم شێوەیە دووبارەبوونەوەی دەنگ بەرهەم هاتووە.

**مەرحەبا ئەی پیری پیران، بە شینی دەفەوە هاتی**

---

**مەرحەبا دەروازەی جەننەت، بە کەیف و شەوقەوە هاتی**

**(پ+ی) و (پ+ی)**

(گ، ب ٢، ل ٢١٩)

لە نیوە دێری یەکەم بوونی جووت دەنگ لە ناو یەک بڕگەدا لە دوو وشەی بە دوای یەک داهاتوودا هەیە، لە وشەکانی (پیری) و (پیران) دا هەردوو دەنگی (پ+ی) و (پ+ی) دووبارەبوونەتەوە.

**ب- پێچەوانە: لە هەردوو وشە دا ڕیزبوونی دەنگەکان، پێچەوانەی یەکتر بن:**

**چەندینساڵە لە کەناری بێ ئەمەلیدا وەستاوم**

**هەر وەک ئێوارەیەکی مات بێ هیوام و هەڵکوڕماوم**

**(و+ا) (ا+و)**

(گ، ب ١، ل ٢٩٦)

هەردوو دەنگی (ا) و (ن) لە هەردوو وشەی بە دوای یەکداهاتووی (هیوام) و (هەڵکوڕماوم) دا دووبارە بوونەتەوە، بە شێوەیەکی پێچەوانە و لە وشەی یەکەم (و) لە پێشەوە هاتووە، کەچی لە وشەی دووەم (ا) لە پێشەویە.

**دوو: دوو دەنگە دووبارە بووەکە لە ناو یەک بڕگەدا، بەڵام لە دوو وشەی لێک دابڕاو:**

**ئەوەش دوو جۆری هەیە:**

**أ- وەک یەک:**

**شیعرێ، حاڵێ، ناڵە، ناڵێ، گەر دەرنەخا دەردی دڵ**

**بەر لەوەی ڕسوای زەمەن بێ، بۆخۆی بچێتە ژێر گڵ**

(ڵ +یٚ )(ڵ +یٚ )

(گ، ب ٢، ل ٢٢٣)

**ب- پێچەوانە:**

**نانیان خواردی و کانیاوی ڕوونیان لێڵ کردی**

**ناو و نازناویان ون کردی**

**(ن +ا) (ا +ن)**

(گ،ب ٣،ل ٢٣)

**چەند جۆرێکی تری دووبارە بوونەوە**

**١- دووبارە بوونەوەی دەنگی یەکەمی وشە بە دوای یەکداهاتووەکان.**

**أ- دوو وشەی بە دوای یەکداهاتوو:**

**١- سەرەتای وشە:**

**شەو شاڵاوی وا بە ڕێوە**

***/ش/ /ش/***

(گ، ب ١،

ل ١٣)

**نمونە**

**میزەڵانی مناڵەکانیان تەقاند**

***/م/ /م/***

(گ،

ب ١، ل ٣٥)

**٢- دوای سەرەتای وشە:**

**بە سەر سنگی**

***/س/ /س/***

چقڵە وشک هەڵهاتووەکان هەڵواسرابوو

(گ، ب ١،

ل ١٨)

ب- سێ وشەی بە دوای یەکداهاتوو:

١- لە سەرەتای ڕستە:

چل چراو چل شەو و ڕۆژ

/چ/ /چ/ /چ/

(گ،

ب ٣، ل ٧٦)

٢- لە دوای سەرەتای وشە:

لەگەڵ یانگی یەیانیدا یەگشت جیهان ڕاگەیەنن

/ب/ /ب/ /ب/

(گ،

ب ١، ل ٢٨)

نمونە:

ببنە سێبەری سەر سەریان

/س/ /س/ /س/ /س/

(گ،

ب ٢، ل ١٢)

٢ - پاتکردنەوەی وشە:

أ- پاتکردنەوەی (ناو):

ئەو جا ناوی لێنا بەعس

بەعس.. بەعس مەرگ و ماتەم

بەعس.. بەعس کاولکاری و غەم

(گ، ب ۲، ل ۲۰٦)

له نیوه دێری دووەم و سێیەم ناوی (بەعس) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمجۆره پاتکردنەوەی ناو دروست بووه.

**ئاغا ئاغا کەوتنه پێشیان**

**هەر هەموویان لە ژێر بەیداغێکی ڕەشداو**

**به چۆغەی سور و سپییەوه**

(گ، ب ۳،
ل، ۳۱)

لێرەدا ناوی (ئاغا) له نیوه دێری یەکەم دوو جار پاتکراوەتەوە، بەم هۆیەشەوه پاتکردنەوەی ناو دروست بووه.

**(مام زۆراب) (مام زۆراب)**

**مەڕۆ مەڕۆ مێوژم دەوێ**

(گ، ب ۲، ل ۱٤۸)

لێرەدا ناوی لێکدراوی (مام زۆراب) له نیوه دێری یەکەم دوو جار پاتکراوەتەوە، بەم هۆیەشەوه پاتکردنەوەی ناو درووستبووه.

**ب- پاتکردنەوەی (جێناو):**

**ئەم سەحەره**

**شازادەی ونت دیتەوه**

**وەڵێ خودایه**

**نێوان ئەو و ئەو**

**هێندەی نێوانی**

**ئەو و ئەو فراوانه و**

**پەڕینەوەی**

**جارێکی تری سوتانەوەی دەوێت**

(گ، ب ١، ل ٢٢٥)

لەم پارچە هۆنراوەدا (ئەو) جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی تاک دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی جێناو هاتۆتە بەرهەم.

**ج- پاتکردنەوەی (هاوەڵناو):**

**شەو بە هێمنی بۆ کەنار ئەکشێ**

**شەرمی شەونمی تک .. تک لێ ئەتکێ**

(گ، ب ١، ل ٢٩٩)

لەم دێرە هۆنراوەدا هاوەڵناوی (تک) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵناو هاتۆتە بەرهەم.

**کۆترێکی سپی سپی پاڵ کەعبەیە و**

**هەموو ساڵێک**

**یەکەم کەسە بە دەوری کەعبا دەسوڕێ و**

**توند توند قوڵفی کەعبە دەگرێ**

(گ، ب ٢، ل ١٣٤)

لەم پارچەی سەرەوەدا هونەری پاتکردنەوە دوو جار هاتووە، لە نیوە دێری یەکەم هاوەڵناوی (سپی) دوو جار پاتکراوەتەوە، لە نیوە دێری چوارەم دا هاوەڵناوی (توند) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵناو دروست بووە.

**وەک ئاگرە سورەی لێهات**

**سورە سورە لە خۆم دوورە**

(گ، ب ٣،
ل ٣٠)

لەم دێرە هۆنراوەدا هاوەڵناوی (سورە) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵناو هاتۆتە بەرهەم.

**دەنگێک**

**بە پاشکۆی تاساوی هاوارێکدا**

**نەرم .. نەرم بۆ ئێرە دێت**

**ڕەنگی ماندوو بوون و**

**هەناسەی سوتانی گزنگی**

**لەگەڵ خۆیدا هێناوە**

(گ، ب ١، ل ٥٥)

لەم پارچی سەرەوەدا هاوەڵناوی (نەرم) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵناو دروست بووە.

**کاتێ کە ئەو دەگاتە جێ..**

**لە بێژەنگی دڵی حیزب ئەدرێتەوە**

**جارێکیتر دەبێتە خوێنێکی خەست و**

**پیر پیر دەگرێ ملی ڕێگا**

**سارد .. سارد هەنگاو قورس دەکا**

(گ، ب ٢، ل ١٧)

لێرەدا هاوەڵناوی (پیر و سارد) هەریەکایان لە نیوە دێری چوارەم و پێنجەم دوو جار پاتکراونەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵناوی دوویی هاتۆتە بەرهەم.

**ت- پاتکردنەوەی هاوەڵکار:**

**قردێلـەی ئـەو کچۆڵـە ئاویـەش**

**لـە تاڵـە سپی یـەکانـی سـەرم گیربووە و**

**هێدی .. هێدی هـەنگاو دەنـێ**

(گ، ب ١، ل ١١٥)

لێرەدا (هێدی) هاوەڵکارێکی سادەیە، دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش بەهاو ڕیتمی بە دەقەکە بەخشیوە، بەمجۆرە پاتکردنەوەی هاوەڵکاری چۆنی بەرهەم هاتووە.

**ئەو تەنها عەکسێکی تەڵخی بۆر و لێڵە هاوڕێیەتی پاش وچانێک**

**هێدی هێدی هاتە قسەو ڕووی لە شێخی دیدە نورینی شیعر کرد**

(گ، ب ٢، ل ٥٧)

لێرەدا (هێدی) هاوەڵکاری سادەیە جارێک هاتووە و جاری دووەم پاتکراوەتەوە، بەمجۆرە پاتکردنەوەی هاوەڵکار بەرهەم هاتووە.

**پاتکردنەوەی هاوەڵکاری (ژمارە):**

**ئەوان هاتن**

**یەک .. یەک دیواری مێژوویان ڕماندەوە**

(گ، ب ١، ل ١٥٩)

لەم دێرە هۆنراوەدا هاوەڵکاری ژمارەی (یەک) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵکاری ژمارە بەرهەم هاتووە.

**خەیاڵیشمان**

**تاڵ.. تاڵ فەڕشی شەو ئەچنێت و**

**لە ژێر جەستەی بێ ئاگابووندا ڕایدەخات**

(گ، ب ١، ل ٧٠)

لێرەدا هاوەڵکاری ژمارەی (تاڵ) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵکار دروست بووە.

**لە بەر بەیانێکی زوودا**

**یەک .. یەک .. بەرەو کەناری پڕ سۆزی**

**دەنگی (بیلال) دەکەونە ڕێ..**

(گ، ب ٢، ل ١٣٧ - ١٣٨)

لێرەدا هاوەڵکاری ژمارەی (یەک) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵکاری ژمارە بەرهەم هاتووە.

**شۆڕشی گەنجان..**

**وەک خۆشویستیمان بۆ تۆ سنور ناناسێ و..**

**یەک یەک بتەکانی سەردەم لە بەرپێدا دێنە سەر چۆک**

**کڕنوش دەبەن..**

(گ، ب ٣، ل ١١٩)

لێرەدا هاوەڵکاری ژمارەی (یەک) دوو جار لە نیوە دێری سێیەم پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵکاری ژمارە بەرهەم هاتووە.

**د- پاتکردنەوەی (کار):**

**ئەسرینەکان**

**وەک پرچێکی ژێر سەرپۆشی دایکە وڵات**

**بێ گەردییان لێدەچۆڕێت**

**ئەگرین ئەگرین**

(گ، ب ١،
ل ٢٨)

لێره دا کاری ڕانەبردووی (ئەگرین ئەگرین) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەم جۆرەش پاتکردنەوەی کاری دوویی دروست بووە.

**مام زۆراب بێدەنگ دەبێت و**

**هەنسک دەدات**

**دەگری .. دەگری**

(گ، ب ٢، ل ١٥٢)

لێرەدا لەم پارچەیە لە نیوە دێری سێیەم کاری (دەگری) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی کار دروست بووە.

**ئەوا هاتووین.. هاتووین و گشت دەمانەوێت**

**بێیتەوە نێو ئومەتەکەت .. گەر چی بۆ لەحزەیەکیش بێت.**

(گ، ب ٣، ل ١١٢)

لێرەدا لە نیوە دێری یەکەم کاری (هاتن) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی کار دروست بووە.

**٣- پاتکردنەوەی (گرێ):**

**ئەی شەو .. ئەی شەو**

**بە هێمنی خۆت بمکە هاوخوانی سەفەرت**

**با پێکەوە بکەوینە**

**ماچکردنی ئەڵقەی دەف و**

**ناڵەی نەی و**

**چریکانەی دەروێشانەی**

(گ، ب ١، ل ٣٨١)

لێرەدا لە نیوە دێری یەکەم گرێی (ئەی شەو) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی گرێ بەرهەم هاتووە.

**لە هەنسکی درەخت و**

**ڕووتانەوەی باخێکی سەوز دەچێت و**

**بێ کەس .. بێ کەس ئەویش دەگری**

(گ، ب ٢، ل ٧٧)

لێرەدا لە نیوە دێری سێیەم گرێی (بێ کەس) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی گرێ بەرهەم هاتووە.

**نمونە:**

**تا چل هەزارساڵی تریش**

**چل ڕۆژ چل ڕۆژ گەر بیژمێرین**

(گ، ب ٣، ل ٧٦)

لێرەدا لە نیوە دێری دووەم گرێی (چل ڕۆژ) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی گرێ بەرهەم هاتووە.

### ٤- پاتکردنەوەی (ڕستە) :

**پارچەی شوشە شکاوەکان ئەدۆزمەوە**

**بێ هیوانیم**

**پارچەی میزەڵانە تەقیوەکان ئەدۆزمەوە**

**بێ هیوانیم**

**بێ هیوانیم**

(گ، ب ١،

ل ٤٢)

لێرەدا لە نیوە دێری سێیەم و چوارەم ڕستەی (بێ هیوانیم) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی ڕستە بەرهەم هاتووە.

**پیر و دەروێش و ساقی بن**

**ئێوە کوڕی یەک خانەقا و**

**گشتمان دەروێشێکی زیندوین**

**گشت لا دەروێشێکی زیندوین**

(گ، ب ٢، ل ١٢٩-١٣٠)

لەم پارچەی سەرەوەدا نیوە دێری سێیەم و چوارەم ڕستەی (گشتمان دەروێشێکی زیندوین) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی ڕستە دروست بووە.

**بۆت ئەنووسم**

**بۆت ئەنووسم**

**لە نیشتمانی خەنجەر و پشتوێنەوە**

**لە جمهورییەتی جەنجاڵی و ویستەکاندا**

**بایە قوشەکانی سەر کڵاوە خاپورەکان**

**نینۆکە پڕ لە خاڵەکانیان**

**بە گیرفانە چەورەکان شۆڕئەکەنەوە**

(      گ،

ب ١، ل ٨٣)

لێرەدا ڕستەی (بۆت ئەنووسم) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمجۆرە پاتکردنەوەی ڕستە دروست بووە.

**بۆن دێ .. بۆن دێ**

**بۆنی ڕەشی خیانەت و..**

**دەنگ دێ**

(گ، ب ١، ل ٢٤١ – ٢٤٢)

لێرەدا ڕستەی (بۆن دێ) دوو جار دووبارەبۆتەوە، بەمجۆرە پاتکردنەوەی ڕستە دروست بووە.

**وەرن هەموو ئاوەدانی کوردستان و..**

**یەکگرتووی و.. ئازادی گەل بڵێنەوە**

**یەکگرتووی و.. ئازادی گەل بڵێنەوە**

(گ، ب ١، ل ٣٨٥)

لێرەدا لە نیوە دێری دووەم و سێیەم ڕستەی (یەکگرتووی و.. ئازادی گەل بڵێنەوە) دوو جار پاتکراوەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی ڕستە بەرهەم هاتووە.

**دووەم:** پاتکردنەوە بە پێی ژمارەی وشە، یا دەستە واژە، یا ڕستە، کە دەگونجێ پاتکراوەکە دوویی، یا سێی، یا چواری، یا پێنجی، بێت بە پێی مەودای دێرە شیعرەکە، زۆر بێت یا کەم:

١- **پاتکردنەوەی دوویی:** ئەو پاتکردنەوەیە کە پاتکراو دوو جار تێییدا پاتکراوەتەوە:

**هەناسەی جەن کەن با نەشنێ مۆمی پڕ کز کز ئەسوتێ**

**شەمعی شای شاعیران ئەم شەو بە هیواشی تک تک ئەتکێ**

(گ، ب ١،

ل ٣٢٠)

لێرەدا لەو دێرە هۆنراوەیە هاوەڵکاوی (کز کز) و (تک تک) هەر یەکەیان دوو جار دووبارەبوونەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵکاری دوویی بەرهەم هاتووە.

چەشنی لیژنەی هەڵچنراوی سووتوی

ئاگردانی ستەمکاری

ڕەش... ڕەش

وەک ڕووخساری گوناهکاری

هێواش هێواش

وەک چکینی دواتکەی بەنگای تەمەنێک

بۆ نێو جۆگەی مەرگی شەوێک

بەرەو لاوازی داگەڕا

(گ، ب ١، ل١٩- ٢٠)

لێرەدا هاوەڵناوی (ڕەش ڕەش) و هاوەڵکاری (هێواش هێواش) هەر یەکەیان دوو جار دووبارەبوونەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی هاوەڵناوی دوویی و هاوەڵکاری دوویی بەرهەم هاتووە.

مام زۆراب بێدەنگ دەبێت و

هەنسک دەدا

دەگری .. دەگری

قوڵ .. قوڵ

هەنسکی قوڵ دەدات

(گ، ب ٢، ل ١٥٢)

لێرەدا کاری (دەگری) و هاوەڵکاری (قوڵ) هەر یەکەیان دوو جار دووبارەبوونەتەوە، بەمەش پاتکردنەوەی کاری دوویی و هاوەڵکاری دوویی دروست بووە.

٢- **پاتکردنەوەی سێی:** ئەو پاتکردنەوەیە کە پاتکراو سێ جارتێیدا پاتکراوەتەوە:

**پاتکردنەوەی کاری داخوازی سێی :**

**دەماڵئاوا....**

**پیرۆزت بی کۆچی پاکت**

**دە تێر بنوو ... بنوو .. .بنوو**

(گ، ب ١،

ل ٣٥٦)

لێرەداکاری داخوازی (بنوو) سێ جار پاتکراوەتەوە، بەمجۆرە پاتکردنەوەی کاری سێی دروست بووە.

شاعیر لە ناو بەرهەمە شیعرییەکانی نزیکەی (١٤٢) جار هونەری پاتکردنەوەی بەکار هێناوە، لە هەموو جۆرەکانی پاتکردنەوەش زیاتر پاتکردنەوەی ( هاوەڵناو و هاوەڵکاری) بەکارهێناوە، سەرجەمی بەکارهێنانی هەردووکیان لە هەر سێ بەرگ دەگاتە نزیکەی (٩٨) جار، (٥٠) جار لە بەرگی یەکەم و (٣١) جار لە بەرگی دووەم و (١٧) جار لە بەرگی سێیەم.

## چوارەم: گێڕانەوە

جۆرێکی تر لە هونەری جوانکاریی وشەیی گێڕانەوەیە، کە بریتییە: ((لە هێنانەوەی وشە یان ڕستە، لە دوای وشە، یان ڕستەی پێش خۆی، بەڵام هەر جارێک پەیوەندی بە شتێکی تایبەتییەوە هەبێت، بەمەش واتاکەی جیاواز دەبێت)).[١]

واتە: بریتییە لە گێڕانەوەی وشە یان دەستەواژە یان ڕستە لە دوای یان لە پێشی وشە و ڕستە لە ناو دەقە شیعرییەکان.

ئەو هونەرەش گرینگی خۆی هەیە لە گێرانەوەی ئەو وشە و ڕستانە بە جۆرێکی وا کە جوانی و بەهێزی و چێژی زیاتر بە بەرهەمەکە ببەخشن.

[١] - عەبدوالواحد مشیر دزەیی، پڕاگماتیک و ڕەوانبێژی، ل١٣٨.

هونەری گێڕانەوەش لە چەند جۆرێک پێکدێت لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

**یەکەم: گێڕانەوەی وشە:**

**ئەرێ ئەی یار چ یارێکی**

**عەشقت هێند پاکە**

**ئەرێ ئەی ناو چ ناوێکی**

**بەرزیت هێند تاکە**

(گ، ب ٣، ل١٣٥)

لە یەك کۆپلەدا وشەکانی (ئەرێ، ئەی، چ، هێند) وەك وشە هەر یەکەیان دوو جار گێڕدراونەتەوە، وێرای دەنگیش کە زۆر لە دەنگەکانی وشەکانی تر دووبارەبوونەتەوە، لەگەڵیشیدا رەگەزدۆزییان لە جۆری ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا لە وشەکانی (تاك و پاك) و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی لە وشەکانی (یارێك و ناوێك) دروستکردوە.

**١- گێڕانەوەی( ناو):**

**شەیتانی ڕەش**

**شەیتانی مەرگ**

**شەیتانی گەورەی ستەم و درۆ و نیقاب**

(گ، ب ٢، ل١٣٥)

لێرەدا ناوی (شەیتان) سێ جار گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ناو بەرهەم هاتووە.

**خودای من ئەی خودای هەمووان**

**خودا ئەرز و خودای ئاسمان**

(گ، ب٣، ل ١٨٠)

لێرەدا ناوی (خودا) چوار جار گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ناو بەرهەم هاتووە.

**٢- گێرانەوەی ناوی (واتایی):**

ناوی واتایی: ((ئەو ناوەیە کە نابینرێت و ناگیرێت بەڵام بە ئەندێشە لە دڵدا وێنەی بۆ دەکێشرێت و هەستی پێ دەکرێت، وەک کوردایەتی، باوەڕ، شەرم، زانین....)). ([1])

**تاوانی وێرانکردن**

**تاوانی جەستە سوتاندن**

**تاوانی سواڵ پێکردن**

**تاوانی بێ ناز، بێ کەسیت**

**تاوانی ونکردنی گشت عەلییەکانت**

(گ، ب٣، ل٣٠)

لێرەدا وشەی (تاوان) پێنج جار لە سەرەتای نیوە دێرەکان گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ناوی واتایی دروست بووە.

**٣- گێڕانەوەی (کار):**

**وەرن ئێستا سەفەرمان**

**بۆ تۆخایی سیا چرکەکان بەڕێ بخەین**

**وەرن ... هەنوکە هەنگاومان**

**بۆ تونێلەکانی پاش کۆتایی هاتن هەڵگرین**

---

[1] - لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (لێکۆڵینەوە)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی دا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١١، ل(٢٠-٢١).

(گ، ب ۱،

ل ۱٤۱)

لێرەدا کاری (وەرن) دوو جار لە پاڵ هەردوو نیوە دێری (ئێستا سەفەرمان) و (هەنوکە هەنگاومان) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی کار دروست بووە.

**٤- گێڕانەوەی (چاوگ):**

**ئیتر هاتن .... ئەو قەڵەمە قەزەمانە هەموو هاتن**

(گ، ب ۳،

ل ۳۷)

لێرەدا چاوگی (هاتن) چاوگێکی (تائی)یە دوو جار گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی چاوگ بەرهەم هاتووە.

**٥- گێڕانەوەی (هاوەڵناو)**

**أ- گێڕانەوەی هاوەڵناوی نیشانەی (ئەم...ە) بۆ نزیک:**

**پیری پیران ... ئەی باخەوانی ئەم باخە دڵ زویرە**

**ئەی دەستە خەم و سۆزەکەی گشت ئەم دارە کز و پیرە**

(گ،

ب ۳، ل ۷)

هاوەڵناوی نیشانەی (ئەم...ە)، کە بۆ نزیك بەکاردێت دوو جار لەپاڵ هەر دوو نیوە دێری (باخەوانە دڵ زویر) و (دارە کزو پیر) گێردڕاوەتەوە، بەو جۆرەی هەردوو نیوەدێرەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی هاوەڵناوی نیشانەکەوە.

**ب- گێڕانەوەی هاوڵناوی نیشانەی (ئەو...ە) بۆ دوور :**

**ئەو سارا وشك و بێ ئاوە**

**ئەو دڵە لە غەم گیراوە**

(گ، ب ٣، ل ٨)

لێرەدا هاوەڵناوی نیشانەی (ئەو...ە)، کە بۆ دوور بەکاردێت، دوو جار لە پاڵ هەر دوو نیوە دێری (سارا وشک و بێ ئاو) و (دڵە لە گەم گیراوە) گێڕدراوەتەوە، بەو جۆرەی هەردوو نیوەدێرەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی هاوەڵناوی نیشانەکەوە.

### ج- گێڕانەوەی هاوەڵکاری (ژمارە):

**لە یەک پۆلدا و لە سەر یەک مێزیش دائەنیشتن**

**تەنانەت یەک جووت پێڵاویشمان هەبوو**

(گ، ب ١، ل ١٤٩)

لێرەدا هاوەڵکاری ژمارەی (یەک) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (پۆل) و (مێز) و (جووت پێڵاو) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی هاوەڵکاری ژمارە دروست بووە.

**نمونە:**

**دونیا هەمووی**

**یەک جەژنیساڵی نوێی هەیە..**

**پڕ ئاسمانێک مۆم و یەک شەو**

**دونیایەک هەناسە و یەک شەو**

**ئەو هەموو ژوانە و..**

**هەر یەک شەو**

(گ، ب ٢، ل ٢٦٠—٢٦١)

لەم پارچەی سەرەوە دا هاوەڵکاری ژمارەی (یەک) چوار جار گێڕدراوەتەوە، جارێک

لە پاڵ وشەی (جەژن) و سێ جاریش لە پاڵ وشەی(شەو)، بەمجۆرە گێڕانەوەی هاوەڵکاری ژمارەی دروست بووە.

**نمونە:**

**لێرە هەر یەک باخی لێیەو یەک باخەوان**

**دیلە باخی پیری بێ بەری دەست خەزان**

(گ،

ب ٣، ل ١٣)

لێرەدا هاوەڵکاری ژمارەی (یەک) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (باخ) و (باخەوان) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی هاوەڵکاری ژمارە دروست بووە.

بەکارهینانی هاوەڵکاری ژمارە، بەتایبەتی ژمارە (یەک) شاعیر لە هەر سێ بەرگ دا زۆرتر بەکاری هێناوە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەکانیتر، لە ئەنجامی وردبوونەوەمان دەرکەوت کە هاوەڵکاری ژمارە (یەک) لە بەرگی یەکەم (٩) جار و لە بەرگی دووەم (١) جار و لە بەرگی سێیەم (٦) جار گێڕدراوەتەوە، واتە بە کۆی گشتی (١٦) جار لە هەر سێ بەرگەکە گێڕدراوەتەوە.

### ٦- گێڕانەوەی وشەی پرس:

**أ- گێڕانەوەی هاوەڵناوی (پرس):**

**١- (کام)**

**کام زامی تۆ بهۆنمەوە و من هاوناڵینی تۆ نەبم؟**

**کام سەحەر و کامە مەغریبی حەزینی تۆ بەیان کەم**

(گ، ب ١، ل ١٦١)

لەم دێرەدا هاوڵناوی پرسی (کام) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (زام) و (سەحەر) و (مەغریب) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی هاوڵناوی پرسی (کام) دروست بووە.

**نمونە:**

**کام گوڵەن، کام ڕەنگ، کام بۆ وێنەش بۆ**

**دوورەن جەدیدەش مە بۆ رەنجەڕۆ**

(گ، ب ٢،

ل ٢٣٠)

لێرەدا هاوڵناوی پرسی (کام) سێ جار لە پاڵ وشەکانی ( گوڵەن و رەنگ و بۆ وێنەش) گێڕ دراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی هاوڵناوی پرسی (کام) دروست بووە.

**نمونە:**

**پێمان ناڵێن بەم حاڵەوە شوێن کام هیوای وێڵتان کەوتوون؟!**

**شوێن کام هەنگاوی سڕاوەی بێ ئاسەواری ون کەوتوون؟**

**لە کام گۆشەی بێ ئاگای و جەهلا خەوتوون؟**

(گ، ب ٣،

ل ٧٣)

لێرەدا هاوەڵناوی پرسی (کام) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (هیوا) و (هەنگاو) و (گۆشە) گێڕدراوەتەوە.

**٢- گێڕانەوەی وشەی پرسی (کێ):**

**کێ بێداربوو ... کێ ڕاچەنی**

**کێ تەمی خەو گرتی بەرچاوی سەری**

(گ، ب.٣،

ل.٩١)

لێرەدا وشەی پرسی (کێ) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (بێداربوو) و (ڕاچەنی) و (تەمی)دا گێردراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی وشەی پرسی (کێ) دروست بووە.

**٣- گێڕانەوەی نیشانەی پرسی (چ):**

**چ مەخلوقێکی سەیرو**

**چ سەیرێکی بێ نموونەی**

**لە چ چەرخێکی بێ عاتیفەدا خولقاوین و**

**لە چ چەمێکی لیتاویدا**

**تینووەتیت شکاندووە؟**

(گ، ب ١، ل ١٢٢)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چ) چوار جار لە پاڵ هەر چوار نیوە دێرەکانی (مەخلوقێکی سەیرو) و (سەیرێکی بێ نموونەی) و (چەرخێکی بێ عاتیفەدا خولقاوین و) و (چەمێکی لیتاویدا) گێڕدراوەتەوە، بەڵام لە نیوە دێری سێیەم و چوارەمداجیاوازی هەیە ئامرازی (لە)ی بۆ زیادبووە، کە بە یەکەوە گێرانەوەیەکی دوو وشەیی یان گرێی دروست دەکەن، بەمجۆرە گێڕانەوە بەرهەم هاتووە.

**نمونە:**

**چ دیمەنێکی سەیر بوو**

**چ هەواڵێکی سەیر بوو**

**تۆ دەمێکە هەیت**

(گ، ب ١، ل ٢٠١)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چ) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دیمەن) و (هەواڵ) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی نیشانەی پرس دروستبووە.

**نمونە:**

**چ کەیفێکمان بە بوونمان دێت و**

**چ پرسیارێکیشمان لەو یاخی بوونە**

**سەر شێتانەی ئیبلیس دەکەین**

(گ، ب ٢، ل ٥٨)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چ) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (کەیف) و (پرسیار) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی نیشانەی پرس دروست بووە.

**ئەرێ ئەی یار چ یارێکی**

**عەشقت هێند پاکە**

**ئەرێ ئەی ناو چ ناوێکی**

**بەرزیت هێند تاکە**

(گ، ب ٣، ل ١٣٥)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چ) دوو جار لە پاڵ هەردوو وشەکانی (یار) و (ناو) گێڕدراوەتەوە.

**٤- گێڕانەوەی نیشانەی پرسی (چی):**

**ئادەی خێرا**

**چی دەستی سپییە بیبڕن**

**چی چاوی قاوەیی هەیە با سورکرێ**

**یا لە زانکۆی نابینایی ناو نوسی کەن**

(گ، ب ١، ل ٣٧)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چی) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دەست) و (چاو) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی نیشانەی پرس دروست بووە.

**نمونە:**

**چی موسەیلەمە و عبدڵڵە وحەجاج هەنە**

**چی عفلەق و زادەی گرگنی**

**چاو شۆڕ هەنە..**

**هەموو جەمن..**

(گ، ب ٢، ل ١٧١)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چی) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (موسەیلەمە) و (عەفلەق) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی نیشانەی پرس دروست بووە.

**نمونە:**

**ئەوەی بڕیار بوو بۆت بکرێ چی کراوە**

**ئەوەی بڕیار بوو پێت بدرێ چی دراوە؟**

(گ، ب ٣، ل ٢٣)

لێرەدا نیشانەی پرسی (چی) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (کراوە) و (دراوە) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێرانەوەی نیشانەی پرس دروست بووە.

### ٧- گێڕانەوەی هاوەڵکار

### أ- گێڕانەوەی هاوەڵکاری( پرس):

**چەند نەمامی تاك و تەنهای ڕوو لە چەند لات کردە برا**

**چەند فتیلەی کز کز سووتوویی دوکەڵك کردە چرا**

(گ،

ب ٣، ل ٥)

لێرەدا وشەی (چەند) هاوەڵکاریی پرسە، سێ جار لە پاڵ وشەکانی (نەمام) و (لات) و (فتیلە) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی هاوەڵکاری پرس دروست بووە.

**نمونە:**

**ئاخر ئێمە بۆچی نابێت ڕێک لە جوانی سروشت بچین؟**

**بۆچی نابێت هەر وەک شنە و بەربەیان بین**

(گ، ب ٣، ل ١٧٣)

لێرەدا وشەی پرسی (بۆچی) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (نابێت) و (نابێت) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی وشەی پرس دروست بووە.

ئەو وشە پرسانەی شاعیر لە هونەری گێڕانەوە بەکاری هێناون ژمارەیان (٦)ە، لە هەر سێ دیوان بریتین لەمانە: (کام، چەند، چی، کێ، چ، بۆچی)، بە پێی ئەو ئامارەی کردوومانە، بە کۆی گشتی نزیکەی (٣٥) جار ئەو وشە پرسانەی بەکارهێناوە، لە هەموویان زیاتر نیشانەی پرسی (چ) ی بەکارهێناوە، کە ژمارەی دەگاتە (١٢) جار، (٩) جار لە بەرگی یەکەم و (٢) جار لە بەرگی دووەم و (١) جار لە بەرگی سێیەم.

**ث- گێڕانەوەی هاوەڵکاری(شوێنی):**

**تا لەبەر دەم مزگەوتێک دا**

**لەسەر ڕێگایی زانکۆیەک دا**

**لەسەر جادەیەکی پڕدا**

**ڕۆژانە سواڵت پێداکا**

(گ، ب ٣ل ٢٧)

لێرەدا هاوەڵکاری شوێنی دوو جار لەپاڵ هەردوو نیوە دێرەکانی (ڕێگای زانکۆیەک دا) و (جادەیەکی پڕدا) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی هاوەڵکاری شوێنی دروست بووە.

**٨- گێڕانەوەی جێناو**

**أ- گێڕانەوەی (جێناوی کەسی سەربەخۆ):**

**هاتی بە خێر هاتی ئەی نەسیمی نیانی من**

**لە تەکیەی یاران ببیسن ناڵینی من**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٧)

لێرەدا دەبینین جێناوی کەسی سەربەخۆی (من) دوو جار لە کۆتایی هەردوو نیوە دێرەکە گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی جێناوی کەسی سەربەخۆ بەرهەم هاتووە.

**٩- گێڕانەوەی ئامرازەکان:**

**أ- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بە):**

**بە سەربڕینی شیعرێکم**

**بە ئەتک کردنی رستەیەکم**

**بە چاو هەڵکۆڵینی وشەیەکم**

**بە فڕاندنی پیتێك**

(گ، ب ١، ل ٧٧)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بە) چوار جار لە پاڵ وشەکانی (سەربڕین) و (ئەتککردن) و (چاو هەڵکۆڵین) و (فڕاندن) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی بەرهەم هاتووە.

**ئەمە زەمەنی بە پەراوێز بوونی سەر دێڕ و**

**بە سەراب بوونی حەقیقەتە**

(گ، ب ١، ل ١٠٠)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بە) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (پەراوێز) و (سەراب) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی بەرهەم هاتووە.

**هەر ئەو بە دەم بە گریانەوە**

**بە دەم نرکە و ناڵینەوە**

**دێت و دەچێت.. ئەخولێتەوە**

(گ، ب ٢، ل ١٧٣)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بە) سێ جار گێڕدراوەتەوە، دوو جار لە پاڵ وشەی (دەم) و جارێکیش لە پاڵ وشەی (گریان)، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی بەرهەم هاتووە.

**وەک بێدەنگی پێش نوسینەوەی شیعرێک**

**بە ترسەوە بینوسیت و**

**بە شەوقەوە ببیە هاوڕێی**

(گ، ب ٣، ل ٥٥)

لەم سێ نیوە دێڕەی سەرەوە ئامرازی پەیوەندی (بە) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ترس) و (شەوق) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی بەرهەم هاتووە.

**نمونە:**

**گەر گوناهت لە بەرزیدا، بە بەرزی گشت چیاکان بێت**

**نغرۆبوون ڕووە و قولاییی، بە قولی گشت زەریاکان بێت**

(گ، ب ٣، ل ١٨٣)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بە) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (بەرزی) و (قول) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی دروست بووە.

**ب- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (لە):**

**شارێک..**

**ئەمە شارێکە لە گریان**

**شارێک لە شیوەن**

**هۆ شارەکەم..**

**ئاسودە بە.. ئەم جارەشیان شێخێکی تری بەرخودان..**

**پەیام هێنەری برایان**

**بۆ ئامێزی پڕ حەنینت بەڕێوەیە..**

(گ، ب ۱، ل ۲۵۲-۲۵۳)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (لە) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (گریان) و (شیوەن) دا گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی دروست بووە.

**لە پێش نیوەڕۆی گشت ڕۆژێك ...**

**لە پیری هەموو زستانێك ...**

**لە سێبەری ڕەوە مەل و**

**لە باڵی خۆشت ترساوی**

(گ، ب ۲،

ل ۱۱٤)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (لە) چوار جار لە پاڵ وشەکانی (پێش) و (پیری) و (سێبەر) و (باڵی)دا گێڕدراوەتەوە.

**سڵاو لە حەزرەت، لە خاتەم، لە شاری موختار**

**لە موستەفاو تەها و یاسین.. بەدری نازدار**

(گ، ب ۳، ل ۱۱٤)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (لە) چوار جار گێڕدراوەتەوە، سێ جار لە نیوە دێری یەکەم و یەک جار لە نیوە دێری دووەم لە پاڵ وشەکانی (حەزرەت) و (خاتەم) و (شار) و (موستەفا)دا.

**بۆچی بێ دەنگ دێن و دەچن**

**بۆ نابارن.. لە کێ دەچن؟ لە زەمین یان لە ئێمە**

(گ، ب٣، ل١١٣)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (لە) سێ جار لە نیوە دێری دووەم لە پاڵ وشەکانی (کێ) و (زەمین) و (ئێمە) دا گێڕدراوەتەوە.

**ج- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ):**

**ئێوە بۆ هێندە بەم عەشقەی من وەرس دەبن؟**
**بۆ منداڵە بێ نەواکانم لێ هار ئەکەن**
**بۆ پیاڵەی هەنگوینی عەشقم بگرین**

(گ، ب١، ل١٠٢)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بۆ) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (هێند) و (مناڵ) و (پیاڵە) و گێڕدراوەتەوە.

**چەتری نەرمی گەڵایەکت بۆ هەڵبکەم**

**تا سەفەری بارانێکت بۆ باسبکەم**

(گ، ب١، ل٣٠٨)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بۆ) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (هەڵبکەم) و (باسبکەم) و گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی بەرهەم هاتووە.

**چاو دەگێڕێت**

**بۆ سێ بێچووی ئەنفالکراو**

**بۆ کانیلە چاو شینەکەی خوار ئاوایی..**

**بۆ هێلانە پڕ پوشەکەی**

**سەر پیرە دارە تاکەکەی**

**پیری پیران دەگەڕێت و**

**چەندین ساڵە ئەو دەگەڕێت**

(گ، ب ٢، ل ١٦٠-١٦١)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بۆ) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (سێ) و (کانیلە) و (هێلانە) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) بەرهەم هاتووە.

**بەڵام بۆ سارای عاشقی هەنگاوی نور**

**بۆ سێبەری قەد و باڵای چارەسەر و دەرمانی گیان**

**هەر وەکو مانگ هەر سەر لە ئێوارە دیاربوون**

(گ، ب ٣، ل ١٠٠)

لێرەدا ئامرازی پەیوەندی (بۆ) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (سارا) و (سێبەر) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) بەرهەم هاتووە.

**د- گێڕانەوەوەی ئامرازی نەرێ (نەرێکردن):** ئەمەش بە پێی جۆری ئامرازە نەرێیەکان زیاتر لە جۆرێکی هەیە، لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

**١- گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نە):**

**هەنجیرێکی شۆڕەوە بووی**

**سەر کەناری جۆگەیەکی شڕی خوڕی**

**نە سێبەرت دادێ ئەدات**

**نە بەریشت تامی هەیە**

**بەر و سێبەرت ئاو ئەیبات**

(گ، ب ١، ل ١٢٣)

لێرەدا ئامرازی نەرێی (نە) لە نیوە دێری سێیەم و چوارەم دوو جار لەپاڵ وشەکانی (سێبەر) و (بەر) و گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نە) بەرهەم هاتووە.

نە تینی گڕی هاوین و

نە کزەی وشکی پایز و

نە شەستە بارانی مەستی لای زستان

نە خەونی قورسی سەر حەوز و

ژێر سێبەری نیوەڕوانی بەهارانیش

هەر بۆ تەنها لەحزەیەکیش

هەنگاوی ئێوەی قورس نەکرد

(گ، ب ٢، ل ٩٢)

لە نیوە دێری یەکەم و دووەم وسێیەم و چوارەم و حەوتەم ئامرازی نەرێی (نە) لە پاڵ وشەکانی(تین، کزە، شەستەباران، خەو، کرد) پێنج جار گێڕدراوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە نیوە دێری یەکەم و دووەم وسێیەم و چوارەمدا بە جیا هاتووە و لە نیوە دێری حەوتەم بووە بە بەشێک لە کارێکی نەرێی، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نە) دروست بووە.

نە کورد نە عەرەب نە تورکن نە کافرن نە باوەڕدار

ئەوانە مەزهەبێک ناناسن

(گ، ب ٣، ل ٧٣)

لێرەدا ئامرازی نەرێی (نە) پێنج جار لەپاڵ وشەکانی (کورد) و (عەرەب) و (تورك) و (کافر) و (باوەڕدار) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نە) بەرهەم هاتووە.

١- گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نە) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (لە):

هەڵەبجە هێشتا یەخسیرە

ئەو ئەسیری دەستی کوردە

نە لە دەستی عومەر دەچێت

**نە لە دەستی ئەو کەسەشی کە ئەوی کوشت**

(گ، ب ٣،

ل ٥٠)

لێرەد دەبینین ئامرازی نەرێی (نە) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (لە) دوو جار لە پاڵ هەردوو نیوە دێری (دەستی عومەر دەچێت) و (دەستی ئەو کەسەشی کە ئەوی کوشت) گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نە) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (لە) بەرهەم هاتووە.

**أ- گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نا):**

**چۆن لەبەر حەشمەت ناچەمێمەوە**

**لە کەنار عەشقتا ناتوێمەوە**

(گ، ب ١،

ل ٣٧٣)

لێرەدا ئەمرازی نەرێی (نا) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ناچەمێمەوە، ناتوێمەوە) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نا) دروست بووە.

**ئاخ لە ئەوان.. لە هیچ شتێکدا لێک ناچن**

**لە لوشینی نانی خەڵک و لە مژینی خوێندا نەبێ**

**لە هیچ شوێنێکدا نابینرێن لە بەر دەرگای بانکدا نەبێ**

(گ، ب ٣، ل ٧٤)

لێرەدا ئەمرازی نەرێی (نا) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (چوون) و (بینین) دا گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (نا) دروست بووە.

**ج- گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (بێ):**

مناڵێکی

بێ چاو... بێ دەست... بێ دڵ

جەستەیەکی سوتاو

چون قەفەزێکی دروستکراوی

داری تاوان

سووتوی کۆترێک و

دوو فرمێسک و

چەپکە خەندەیەکی ژاکاوی لێ جێمابوو

(گ، ب ۱، ل۱۷)

لێرەدا ئامرازی نەرێی (بێ) لەنیوە دێری دووەم سێ جار لە پاڵ وشەکانی (چاو) و (دەست) و (دڵ) گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (بێ) بەرهەم هاتووە.

یالێ غەرقی کوڕی حاڵ بێ وەک شۆرەبی دێ و دەچێ

چاوی مەستی شەوی تار بێ ئەو نەزەڕی پێ دەشێ

(گ، ب ۲، ل۲۲۳)

لێرەدا ئامرازی نەرێی (بێ) لە هەردوو نیوە دێر دوو جار لە پاڵ وشەکانی (وەک) و (ئەو) گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (بێ) بەرهەم هاتووە.

تۆ دەتزانی لەو ڕۆژەوە چەند منداڵت هاتە دونیا

ئەمێستاکەش چ گەنجێکی بێ گیرفان و بێ ناز و بێ خزمەت ڕواوە

(گ،

ب۳، ل۱۹) لێرەدا ئامرازی نەرێی (بێ) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (گیرفان) و (ناز) و (خزمەت) گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (بێ) بەرهەم هاتووە.

**د- گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (مە):**

**کە هاتن..**

**لا پەڕە زەردەکانی مێژوو پێش خۆ مە خەن**

**کە هاتن..**

**هەناسە چەورەکانی خیانەت مە دەنەوە و**

**کەوشەکانی خۆونکردن سەر پێ مەخەن**

**تا حەقیقەت زویر نەکەین و**

**تەپۆلکە بێعارەکانیش دڵخۆش نەبن**

(گ، ب ١، ل ١٤٤)

لێرەدا ئامرازی نەرێی (مە) سێ جار لە نیوە دێری دووەم و چوارەم و پێنجەم گێڕدراوەتەوە، بەمجۆرە گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (مە) بەرهەم هاتووە.

**کە ئەگەڕێمەوە**

**نیگاکانت لە قولایی چاوەکانم مە چەقێنە**

**بە نازەوە بۆ سڵاوی جارانم مە گەڕێ**

(گ، ب ١، ل ١٧٤)

لێرەدا ئامرازی نەرێی (مە) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (چەقاندن) و (گەڕان) دا گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی نەرێی (مە) دروست بووە.

بە گشتی گێڕانەوەی ئەو ئامرازانە مەرج نییە هەر تەنها لە سەرەتای ڕستە بێت بەڵکو لە ناوەڕاست و کۆتاییش دەگێڕدرێنەوە، وەک لەو نمونانەی سەرەوە خستۆتمانە ڕوو.

ئەو ئامرازە پەیوەندی و نەرێیانەی شاعیر لە هونەری گێڕانەوە لە ناو بەرهەمە شیعرییەکانی بەکاری هێناون ژمارەیان (حەوت) ئامرازە، لە هەر

سێ بەرگدا بریتین لەمانە: (بە، بۆ، لە، نە، نا، بێ، مە)، بە پێی ئەو ئامارەی کردوومانە، سەرجەمیان بە نزیکەیی دەگاتە (٢٢٨) جار، لە ئامرازە پەیوەندییەکان ئەو ئامرازەی کە زۆرترینی بەکارهێناوە، ئامرازی (لە) یە، کە ژمارەی بەکارهێنانەکەی دەگاتە (٥١) جار، (٢٢) جار لە بەرگی یەکەم و (١٧) جار لە بەرگی دووەم و (١٢) جار لە بەرگی سێیەم.

کۆی ئەو ئامرازە نەرێیانەی (نە، نا، بێ، مە)، بەکاری هێناون نزیکەی (٩٢) جارە، ژمارەی بەکارهێنانی ئامرازی نەرێی (بێ) کە لە وانیتر زیاترە دەگاتە (٥٥) جار، (١٩) جار لە بەرگی یەکەم و (٤) جار لە بەرگی دووەم و (٣٢) جار لە بەرگی سێیەم.

**د- گیرانەوەی ئامرازی لێکدەر:**

**أ- گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (یا):**

**ئەمە هاواری بوونی بێ دڵانە**

**یا دڵی بێ ترپە**

**یا ترپەی بێ دەنگ**

(گ، ب ١، ل ٢٠)

ئامرازی لێکدەری (یا) دوو جار لە پاڵ هەردوو نیوە دێری دووەم و سێیەم دا گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (یا) دروست بووە.

**هەندێک یەک جار..**

**زۆربەی کاتیش هەر نامبینن**

**کاتێکیش هەم .. یا دەکرێمە تۆپ تۆپێن**

**یا (ئت و ئن) م فێردەکەن**

(گ، ب ٣، ل ٦٩)

ئامرازی لێکدەری (یا) دوو جار گێڕدراوەتەوە، جارێک لە ناوەڕاوستی نیوە دێری دووەم و جارێکیش لە سەرەتای نیوە دێری سێیەم دا، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (یا) دروست بووە.

### ب- گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (مەرجی):

**گەر تفەنگ پڕمی**
**هەزار جار بڵێی سەبر مەرگ لە دایک ئەبێت**
**گەر تفەنگ پڕمی**
**هەزار جار بڵێی خێر شەڕ لە دایک ئەبێت**

(گ، ب ۱، ل ۳۹۵)

لێرەدا ئامرازی لێکدەری (گەر) دوو جار لە پاڵ هەر دوو نیوە دێری (گەر تفەنگ پڕمی) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (گەر) دروست بووە.

**گەر بەهەشتیش جوانی وەک تۆی تیا نەبێت کوا جەننەتە**
**گەر هەبێ بۆ من چ فەرقە، ئێرەشم وا جەننەتە**

(گ، ب ۲، ل ۲۳۷)

لێرەدا ئامرازی لێکدەری (گەر) دوو جار لە پاڵ هەر دوو نیوە دێر گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (گەر) دروست بووە.

**گەر توانیتان بتاسێنن، دەنگی هاژەی ئاوی ڕوون**
**گەر توانیتان بخنکێنن، عەشقی شنەی سەبای ڕوون**
**گەر توانیتان بسوتێنن، تینی رۆژ یاری دەم کەل**
**گەر توانیتان بتارێنن، ئاواتی ئازادی گەل**

(گ، ب ٣،

ل ١٢١)

لێرەدا ئامرازی لێکدەری (گەر) چوار جار لە گەڵ وشەی ( توانیتان ) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (گەر) دروست بووە.

**و- گێڕانەوەی ئامرازی بانگکردنی (ئەی):**

**ئەی باعسی ژینی سرور قیبلەی گشت ساتی من**

**ئەی خالقی گشت وجودێک حاکم و ساداتی من**

(گ، ب ١، ل ٣٨٧)

لێرەدا ئامرازی بانگکردنی (ئەی) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (باعس) و (خالق) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی بانگکردن بەرهەم هاتووە.

**تۆش ئەی شیعرە عارفەکەی**

**ڕۆحی "مەحوی"**

**ئەی قەصیدە چاو سەوزەکەی**

**پیرەمێرد و**

**ئەی با ڕەشە زۆر تورەکەی سلێمانی**

**بە کەیف و دڵ تەڕ دیاری**

(گ، ب ٢، ل ١٢٣-١٢٤)

لێرەدا ئامرازی بانگکردنی (ئەی) سێ جار لە پاڵ وشەکانی (شیعر) و (قەصیدە) و (با) گێڕدراوەتەوە.

**پیری پیران ... ئەی باخەوانی ئەم باخە دڵ زویرە**

**ئەی دەستە خەم و سۆزەکەی گشت ئەم دارە کز و پیرە**

(گ،

ب.٣، ل.٧)

لێرەدا ئامرازی بانگکردنی (ئەی) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (باخەوان) و (دەستەخەم) گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی ئامرازی بانگکردن بەرهەم هاتووە.

**٥- گێڕانەوەی وشەی (داد و شەکوا):**

**بە زوانۆ ڕۆچێوە من ڕووەو دەربازەت ئامانێ**

**بە دەرگاوانو بەرزی وێتفەرماوا قبوڵت ئامانێ**

(گ، ب١،

ل٣١٩)

لێرەدا وشەی شەکوای (ئامانێ) دوو جار لە کۆتایی هەردوو نیوە دێر گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی وشەی دادو شەکوا دروست بووە.

**دووەم: گێڕانەوەی (گرێ):**

**لە وەتەی بوون تەنها ڕەنگی ڕەش دەبینن**

**تەنها ڕەنگی ڕەش دەبیستن**

(گ، ب١، ل٤٧)

لێرەدا گرێی (تەنها ڕەنگی ڕەش) دوو جار لە هەردوو نیوە دێرەکە گێڕدراوەتەوە، بەمەش گێڕانەوەی گرێ دروست بووە.

## پێنجەم: بوونی پێویستە

یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی هونەری (بوونی پێویستە)یە، ئەم هونەرە شاعیران لە کۆن ئێستادا بەکاریان هێناوە بۆ زیاتر جوان کردنی بەرهەمە شیعرییەکانیان، ئەم هونەرە بەم جۆرە پێناسەی بۆ کراوە، کە ((بریتییە لە وەکیەکی هاوشێوەهاتنی پیتێک، یان چەند پیتێکی بەر لەو پیتەی، کە لە هۆنراوەدا (سەروا) و لە پەخشاندا (سەوادار) دروست دەکات، ئەمەش (سەروا) و (سەروادار)ەکان جوان و ڕێکتر دەکات لە شێوە، بۆ سەر زار خۆشتر گۆ دەکرێن، بەر لە گەیشتنمان بە کۆتایی ڕستە، یان دیرە شیعرەکە، دەزانین کۆتاییان بە چی دیت)).([1])

ئەم هونەرە جوانی بە شیعرەکە دەبەخشێ، شارەزایی شاعیر نیشان دەدا لە وەکیەک هێنانی ئەو پیتانە، کە دەبیتە هۆی دروست بوونی بوونی پێویستە. ئەم هونەرە چەند جۆری هەیە، کە لە خوارەوە باسیان دەکەین.

**سروشت سەراپا گشت سپی ئەنوێنێ**

**دیدەی بێ گەردی لادێ ئەنەخشێنێ**

(گ، ب ٢، ل ٢٣٩)

لێرەدا پیتی (ن) پیتی ڕەوییە، (ێ) کە لە پێش (ن)ە کە هاتووە (بوونی پیویستە)یە، (ێ) پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستە دروست بووە.

**من فیدای هەناسەی گەرمت**

**فیدای ویقاری ڕووی نەرمت**

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵلا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ل٥٣.

(گ، ب٣، ل١٢٩)

لێرەدا پیتی (م) پیتی ڕەوییە، (ە) و (ر) کە لە پێش (م)ە کە هاتووە (بوونی پیویستەن)، (ت) پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستە دروست بووە.

**جۆرەکانی بوونی پیویستە:**

بوونی پێویستە چەند جۆرێکی هەیە، بە پێی هەبوونی ژمارەی ئەو پیتانەی لە پیش پیتی ڕەوی هەن، ئەوانیش ئەمانەن:

**١- بوونی پێویستەی یەک پیتی: واتە لێرەدا تەنها یەک پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی هەیە، یاخود دێت:**

**مەغریبێکی بێ دەنگ بوو، دوور لە دیداری**

**بەفرێکی ورد بە ئەسپایی دەباری**

(گ، ب٢، ل٢٣٨)

لێرەدا پیتی (ر) پیتی ڕەوییە، (ا) کە لە پێش (ر)ە کە هاتووە (بوونی پیویستە)یە، بۆ وشەکانی سەرواى دێرەکە، (ی) پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستە دروست بووە.

**لە دایك بوونت پیرۆزە**

**جەژنی خۆشەویستی و سۆزە**

(گ، ب٣،

ل١٢٨)

لێرەدا پیتی (ز) پیتی ڕەوییە، (ۆ) کە لە پێش (ز)ە کە هاتووە (بوونی پیویستە)یە، بۆ وشەکانی سەرواى دێرەکە (پیرۆزە) و(سۆزە) زۆر بە ئاسانی دەوترێت.

**٢- بوونی پێویستەی دوو پیتی: ئەمەیان بریتییە لە بوونی دوو پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی:**

**من ئەمەوێت هەناسەیەک بتخوێنمەوە**

**وەک شیعرێکم لە ناو دڵما بتنوسمەوە**

(گ، ب ١، ل ٣٠٨)

لێرەدا پیتی (و) پیتی ڕەوییە، (م) و (ە)کە لە پێش (و)ە کە هاتووە (بوونی پیویستەن)، (ە) پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستەی دوو پیتی دروست بووە.

**من دەنگێکم چەندین ساڵە**

**لەم خاکەدا کپ کراوم**

**هاوارێکم لە زیندانی**

**دوژمناندا تاسێنراوم**

(گ، ب.٢، ل.٢١١)

ئەم دوو دێڕە بە وشەکانی (کراوم) و (تاسێنراوم) سەروادار کراون، (و) پیتی ڕەوییە، سەروای دروست کردووە پیتەکانی (ر) و(ا) پێش ڕەوینە، (بوونی پێویستەن) سەرواکەیان تۆکمە و بەهێز کردووە، (م)ی کۆتایی پاش ڕەوییە.

**من و ئەڵقەی زیکری پیران مەستی یەک حاڵین**

**بەبێ چریکەی سۆزی یار غەرقی خەیاڵین**

(گ، ب ٣، ل ١٦٢)

ئەم دوو دێڕە بە وشەکانی (حاڵین) و (خەیاڵین) سەروادار کراون، (ی) پیتی ڕەوییە، سەروای دروست کردووە پیتەکانی (ا) و (ڵ) پێش ڕەوینە، (بوونی پێویستەن) سەرواکەیان تۆکمە و بەهێز کردووە، (ن)ی کۆتایی پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستە دوو پیتی دروست بووە.

**٣- بوونی پێویستەی سێ پیتی: ئەمەیان بریتییە لە بوونی سێ پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی:**

**دایەی شیرینم هەر کات دێمەوە**

**لە سایەی ئەوینتا ئەحەسێمەوە**

(گ، ب ١، ل٣٧٣)

لێرەدا لەم دوو نیوە دێرە بە وشەکانی (دێمەوە) و (ئەحەسێمەوە) سەروادار کراون، (و) پیتی ڕەوییە، سەروای دروست کردووە، پیتەکانی (ێ)، (م)، (ە) پێش ڕەوینە، (بوونی پێویستەن) سەرواکەیان بەهێزتر کردووە، (ە) پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستە سێ پیتی دروست بووە.

**ئەوا زامێکی دێرینم ئەم بەهارەش کولایەوە**

**بۆ یەک جاری چرای کزبووی ئەم هەوارە کوژایەوە**

(گ، ب ١، ل٣٩٣)

لێرەدا لەم دوو نیوە دێرە بە وشەکانی (کولایەوە) و (کوژایەوە) سەروادار کراون، (و) پیتی ڕەوییە، سەروای دروست کردووە، پیتەکانی (ا)، (ی)، (ە) پێش ڕەوینە، (بوونی پێویستەن) سەرواکەیان بەهێزتر کردووە، (ە) پاش ڕەوییە، بەمەش بوونی پێویستەی سێ پیتی دروست بووە.

## شەشەم: گەڕانەوە

ئەم هونەرە ((بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر بۆ وتەی پێشووی، بەمەبەستی تۆخکردنەوەی ئەو وشەیەی کە پێشووتر شاعیر باسی کردووە)).([1]) واتە: دووبارە گەڕانەوەی بۆ واتای ئەو وشە، یان ئەو وشانەی کە پێشووتر باسی لێوە کردووە، ئەمەش جوانییەک بە دێرە هۆنراوەکە دەبەخشێ، کە ئەم جوانییە وادەکات سەرنجی خوێنەر زیاتر بێت بۆ بەرهەمە شیعرییەکە، بەرهەمەکە بە چێژتر بێت.

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە گەڕانەوە: ((بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتایی دێری دووەمیدا، بۆ جەختکردنەوە لە سەر واتای ئەو وشە، یان ئەو وشانەی، لە ناوەڕاست، یان کۆتایی دێری یەکەمیدا، یان نیوە دێری یەکەمیدا هێناویەتی، مەبەستیش لەوە تۆخکردنەوەی ئەو وشەیەیە کە دووبارە دەگەڕێتەوە سەری، جا ئەمەی لە بەر نیشاندانی دەسەڵاتی شیعری خۆی بێت، وەها بکات، یان لە بەر جوانییەک کە بە هۆیەوە چێژێکی ئەدەبی خۆشتر بۆ شیعرەکەی دروست دەکات، یا بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو بارە بێ، کە گوزارشتی لێ کردووە، یان لە بەر هەر پێویستی و جوانکارییەکی تر، کە شاعیر بە پێویستی دەزانێت) ).([2]) واتە: گەڕانەوەی شاعیر لە نیوە دێری دووەم بۆ یەکێک لەو وشانەی کە لە نیوە دێری یەکەم دا باسی لێوەکردووە.

بەڵام لە شیعری ئازاد ئەو وشەیەی کە شاعیر مەبەستییەتی و باسی لێوەکردووە لە کۆتایی کۆپلەکە بێت لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو.

**بە دڵ پێی خۆشە بستە خاکێ بێت، ببێت بە گڵ**

**گڵی جێی هەنگاوی ئەو موحەدمەدە، نەسیم و گوڵ**

(گ، ب ٣، ل ١٦١) شاعیر لە کۆتایی دێری یەکەم وشەی (گڵ)ی هێنا، لە سەرەتای بەیتی

---

[1] - الإمام الخطيب القزويني، الإيضاح في علوم البلاغة، ص٣٤٨.

[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ل ٤٤.

دووەم یەکسەر گەڕایەوە سەر (گڵ)ەکە و ڕاڤەی کرد، کە چییە، بەمەش هونەری (گەڕانەوە) بەرهەم هاتووە.

**ئەشێت .. پایز**

**وەرزی هەموو عاشقەکان بێت**

**ئەگونجێت.. قەصیدەیەکی**

**هەموو شاعیرە دەروێشەکان بێت**

**زۆریش نزیکە ..**

**حاڵی دەرونێکی تەنها و**

**فەرهادێکی بێ شیرین بێت**

**پایز وەرزێکیشە بۆ خەزان و**

**ڕووت کردنەوەی چنارە باڵا بەرزەکان..**

(گ، ب ٢، ل ٤١-٤٢)

لەم پارچەی سەرەوە لە نیوە دێری یەکەم دا ناوی پایزی هێناوە و بە چەند نیوە دێرێک باسی کردووە، دواتر لە نیوە دێری پێش کۆتایی دووبارە ناوی پایزی هێناوەتەوە و باسی کردۆتەوە، واتە گەڕاوەتەوە سەری، بەمەش گەڕانەوە دروست بووە.

**نەیانزانی.. ئێستا ئیسلام دینی تەزبیح و لاپتۆپە**

**دینی عیشق و خۆشەویستیی و خوا ویستییە**

**دینی سەرپۆش و سیاسەت ...**

(گ، ب ٣،

ل ٤٨)

لە کۆتایی دێری یەکەم وشەی (ئیسلام) هاتووە، کە وەسف کراوە بە (دینی تەزبیح و لاپتۆپ)، لە دێڕەکانی دووەم و سێیەم گەڕاوەتەوە سەر هەمان ئەو

(دین)ە و وەسفی دیکەی بۆ زیادکردووە، چونک بەوەندەی دێری یەکەم دڵی دانەکەوتووە، بەم جۆرەش هونەری( گەڕانەوە ) دروست بووە.

## حەوتەم: لێوەرگرتن

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ، زۆربەی شاعیرانی کۆن و نوێ ئەم هونەرەیان لە بەرهەمە شیعرییەکانیان بەکارهێناوە، بە هۆی شارەزاییان لە بوارە جیاجیاکانی دەوروبەریان لە ڕابردوو و لە ئێستادا، ئەمەش سوودی خۆی هەبووە لە دەوڵەمەندکردن و فراوان بوونی بەرهەمەکانیان، هەر یەکە و بە پێی توانای هونەری خۆی توانیویەتی سوود لەم هونەرە وەربگرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی.

ئەم هونەرە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، کە هەندێکیان بەم شێوەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

لە یەکێک لە پێناسەکان دا دەڵێت: لێوەرگرتن بریتییە لەوەی ((کە ئەوەتە جوملەیەک لە قورئان و حەدیثی پێغەمبەر بخەیتە ناو قسەی خۆتەوە بە جۆرێ کە خوانا بزانێ ئەو جوملەیە هی خۆت نییە و قورئانە یاخود حەدیثە)).([1]) واتە: کاتیک خوێنەر دەقەکە دەخوێنێتەوە بزانێ کە ئەمە هی خودی شاعیر نییە و وەریگرتووە بێ ئەوەی ئاماژەی بە خاوەنەکەی کردبێت، وەک لەو بۆچوونە ڕوونتر دیارە کە دەڵێت: ((بریتییە لە وەرگرتنی فەرموودە، یان ئایەتی قورئانی پیرۆز، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەوە لە وانە)).([2])

لەم دوو پێناسەی سەرەوە تەنها باسی ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودە کراوە، بەلام ئەم هونەرە بەردەوام بەرەو پێشچووە، هەربۆیە پێناسەی تریشی بۆ کراوە، جگە لەم دوو بابەتەی کە لەو پێناسانەی سەرەوە باسکراون هۆنەر دەتوانێ چەندین بابەتی تریش وەرگرێ و تێکەڵ بە قسەی خۆی بکات، وەک

[1]- مەلا عبدالکریمی مدرس بەدیع و عەرووزی نامی، ل ٦١.
[2] - علی الجارم و مصطفی أمین، البلاغة الواضحة (البیان، والمعانی، والبدیع) ودلیل البلاغة الواضحة، دارقباء الحدیثة للطباعة والنشروالتوزیع – القاهیرة، ٢٠٠٧، ص ٤٤٢.

لەو پێناسەیەی خوارەوە دا هاتووە: ((لێوەرگرتن: بریتییە لەوەی پەخشان، یاخود شیعر، یا شتێک لە قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)، یا هەر گوتە و دەربڕینێکی بەهێز لە خۆ بگرێت، بەڵام مەرج لێرەدا ئەوەیە، کە وەرگیراوەکە، نابێت لە ڕستەیەکی سادە کەمتر بێت و نابێ ئاماژەش هەبێ، کە ئەو گوتەیە وەرگیراوە)).[1]

دەبینین لەم پێناسەیەدا چەند شتێکی تری بۆ زیادکراوە، جگە لە ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدا کە ئەم هونەرە بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

گرینگی ئەم هونەرە لەوەدایە، هۆنەر بە هۆی وەرگرتنی شتی شاعیرانی تر تێکەڵ کردنی بە بەرهەمی خۆی، دەتوانێ بەرهەمەکانی خۆی پێ بەهێز تر بکات، بە شێوەیەک کە خوێنەر هەموو کات هەست بەوەنەکات، کە ئەمە وەرگیراوە، ئەمەش بەهۆی لێهاتوویی هۆنەر بەرهەم دێت، لە هەمان کاتیش، گەر درک بەوە کرا کە شاعیر بەشێکی بەرهەمەکەی وەرگرتووە، ئەوا شاعیر دان بە وەرگیراوەکە دا دەنێت.

بێگومان شاعیر سوودی لەو هونەرە وەرگرتووە، لە خوارەوە هەندێک لەو نمونانە دەخەینە ڕوو:

**١- لێوەرگرتن لە پەندی پێشینان:**

**هەمیشە پێیان دەوتین**

**هەڵەبجەیی بەرخی نێرەو بۆ سەر بڕین کراوە**

(گ، ب٣، ل٣٦)

لێرەد دەبینین شاعیر پەندێکی کوردی هێناوە و تێکەڵ بە شیعرەکەی خۆی کردووە، پەندەکەش بریتییە لە (بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە)، بەمەش لێوەرگرتن لە پەندی پێشینان بەرهەم هاتووە.

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیدا، ل٦٤.

**٢- لێوەرگرتن لە قسەی سەرزاری خەڵک:**

**وەک ئاگرە سورەی لێهات و**

**سورە سورە لە خۆم دوورە**

(گ،

ب٣، ل٣٠)

لێرەد دەبینین شاعیر قسەیەکی باوی سەرزاری خەڵکی هێناوە و تێکەڵ بە شیعرەکەی خۆی کردووە، قسە باوەکەش بریتییە لە: (ئاگرە سورە لە خۆم دوورە)، بەمەش لێوەرگرتن لە قسەی سەرزاری خەڵک بەرهەم هاتووە.

**٣- لێوەرگرتن لە شیعری شاعیران:**

**ئێستا من و نیوە شەوین**

**حاڵی پیران ئەکەینەوە**

**(جەبێ کەسی وێم تۆم کەردی وە کەس**

**نە بە کەس شیای نە بە نیمە کەس)**

(گ، ب.١،

ل.٣٤٨)

لێرەدا شاعیر ئەم دێرە شیعرەی کۆتایی لە(مەولەوی)، وەرگرتووە و ئاماژەشی بە ناوی شاعیرەکە نەکردووە، کە خاوەنی دێرە هۆنراوەکەیە، لەگەڵ شیعرەکەی خۆی نووسیویەتی و تێکەڵی کردووە و گونجاندویەتی، بەمەش لێوەرگرتن دروست بووە. (لە پەراوێزی دیوانەکەی خۆی ئاماژەی کردووە کە لە (مەولەوی) وەرگرتووە.

**(ئای کێ بێ هەواڵ لوای تۆش ئاورد**

**بەختیش بەرگەشت بۆ، هۆشم وەحشی کەرد**

**مەیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهان دا**

**چوون اسم (ڕحیم)و(وەشۆن)و(ڕحمان)دا)**

**شەو ئەی دەنگی پێی بێ دەنگی**

**شەو ئەی خەڵوەتگەی دڵانی بێدار**

**شەو ئەی خانەقای عارفان و...**

**تەکیەی موریدانی زیکری ئەبەدی**

**شەو ئەی خامەی شاعیران و...**

**لقاخانەی ئەوینداران)**

(گ، ب ١،

ل ٢٤٤)

شاعیر هاتووە چوار نیوە دێری بەشی یەکەمی لە شاعیری کورد (مەولەوی) وەرگرتووە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی شاعیرەکە بکات، بەمەش لێوەرگرتن دروست بووە. (لە پەراوێزی دیوانەکەی خۆی ئاماژەی کردووە کە لە (مەولەوی) وەرگرتووە.

**بەیەک جاریش پشتمان لە سفرەی تەعریب و**

**ڕومان لە مەرقەدی بەرزی**

**شێخی قازیمان کردەوە و هاوارمان کرد**

**(قەومی کورد ئسباتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین**

**میللەتێکن قارەمانن هەر ئەبێ سەربەرز بژین)**

(گ، ب ١،

ل ٢٦٨)

لێرەدا شاعیر دێرە هۆنراوەیەکی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)ی هێناوە و تێکەڵ بە هۆنراوەکەی خۆی کردووە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی شاعیرەکە بکات، کە ئەم دێرە هۆنراوەیە هی کێیە، بەمەش لێوەرگرتن دروست بووە.

## هەشتەم: تێکهەڵکێش

یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی تێکهەڵکێشە، ئیشی ئەم هونەرە تێکەڵکردنی دەقە بە یەکتری واتە: ((تێکهەڵکێش ئەوەیە کە هۆنەر یا نووسەر نیوە دێرە هۆنراوە یا دێرە هۆنراوەیەک یا پارچە هۆنراوەیەکی تەواوی هۆنەرێکی تر بێنێ و لە نووسین یا هۆنراوەکەی خۆی هەڵبکێشێ و پێی برازێنێتەوە)). ([1])

لەم پێناسەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، تێکهەڵکێش، واتە تێکەڵکردنی دوو بەرهەم، یەکێکیان هی خودی شاعیرەکە، ئەوەی تریان لەدەرەوەی بەرهەمی شاعیرەکە، واتە بەرهەمی کەسێکی تر، بە شێوەیەکی گونجاو، کە هەندێ جارئەگەر شاعیر خۆی ئاماژە بە ناوی خاوەن دەقە وەرگیراوەکە نەکات ئەوا خوێنەر هەست بەوەناکات کە ئەمە هی خۆی نییە، بەڵام مەرجی تێکهەڵکێش ئەوەیە کە شاعیر ئاماژە بە ناوی خاوەن دەقە وەرگیراوەکە بکات.

ئەم هونەرە شاعیران زۆر بەکاریان هێناوە لە بەرهەمەکانیان، گرنگی ئەم هونەرە لەوەدایە:

١- هیچ کەسێک قسەکانی بەهێز نابێت، ئەگەر بە قسەی کەسانی تر پشت ئەستوری نەکا، لەبەر ئەوە شاعیریش ناچارە دەربڕینەکانی خۆی بەهێز بکات، بە تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ بەرهەمی نووسەرانی تر.

٢- مانای شارەزایی و زیرەکی شاعیر نیشان دەدا، کە وا ئاگایی زۆرە لە دەقە جۆراو جۆرەکانی تر.

٣- پەیامی شاعیر بەمشێوە بەهێزتر و کاریگەرتر دەگاتە بیسەر و خوێنەر.

شاعیر ئەم هونەرەی زۆر بە ڕێک و پێکی بە کار هێناوە و چەندین نمونەی شیعری لەو بارەیەوە هەیە، لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین.

---

[1] -عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم(جوانکاری)، ل٥٢.

١- تێکهەڵکێش بە ئایەتی قورئانی پیرۆز:

**ئەوا هاتوین**

**ئەوین شەمچرای سەفەرو**

**هەواری ڕای خزمەتمانە**

**لەگەڵ جیکەی هەزار مێردێکی کورداندا**

**وانەی (إقرأ)**

**دەڵێینەوە.**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٤)

شاعیر ئایەتی(إقرأ) لە قورئانی پیرۆز هێناوە و تێکەڵ بە هۆنراوەکەی خۆی کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەمە ئایەتی قورئانە، بەمەش تێکهەڵکێش بە ئایەتی قورئانی پیرۆز دروست بووە....... سوڕەتی پیرۆزی (العلق) ئایەتی یەکەم.

**بە دەنگێکی هێجگار لاواز و سستەوە**

**هەموو شەوێك لەگەڵ ئازاری ئەودا**

**هەریەك ئایەت دەڵێتەوە**

**خودایە هەر خۆت فەرموتە**

**(الاعراب أشد كفرا ونفاقا) ([1])**

(گ، ب ٢،

ل ١٧٥)

[1] - سورەتی تەوبە، ئایەتی (٩٧).

لەم پارچە هۆنراوەیەدا شاعیر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی هێناوە و تێکەڵ بە هۆنراوەکەی خۆی کردووە، ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەمە ئایەتی قورئانە، بەمەش تێکهەڵکێش بە ئایەتی قورئانی پیرۆز دروست بووە.

**لە پەنجەرەی دووەمەوە**

**ورد بڕوانن ...**

**وا لە هۆڵی خڕی ساڵدا**

**گشت کاتەکان ئامادەن و**

**لە ژێر دروشمی (والعصر)**

**کۆنفرانسی ساڵانەیان گرێ داوە ...**

(گ، ب ٣، ل ٦١-٦٢)

لێرەدا شاعیر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی هێناوە و تێکەڵ بە هۆنراوەکەی خۆی کردووە، ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەمە ئایەتی قورئانە، بەمەش تێکهەڵکێش بە ئایەتی قورئانی پیرۆز بەرهەم هاتووە....... سورەتی پیرۆزی (العصر) ئایەتی یەکەم.

**٢- تێکهەڵکێش بە شیعری شاعیران:**

**بەیانیان...**

**ئەو ئێمەی بەڕێ ئەخست بۆ قوتابخانە و**

**ئێمەش گۆرانییەکەی ئەومان ئەچڕیەوە**

**(خوایە وەتەن ئاواکەی)**

(گ، ب ١، ل ١٥٠)

لێرەدا شاعیر هاتووە نیوە دێڕی (خوایە وەتەن ئاواکەی) کە شیعری شاعیر (فایەق بێکەس)ە لەگەڵ شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێشی کردووە، واتە: ئەم نیوە

دێرەی هی خۆی نییە، لەوەدا دەردەکەوێت کە لە نیوە دێری دووەم شاعیر دەڵێ (گۆرانییەکەی ئەومان ئەچڕیەوە)، واتە: دووبارەیە و کەسێک لە پێش ئەو وتویەتییەوە، بەمەش تێکهەڵکێش دروست بووە.

**لە گشت ژیانەوە هاتمە سەریەك وانەو**

**لە گشت کاتێکەوە کرامە نیو سعات.**

**سێ دەقیقەی بێ گیان و سست**

**ئەمێستاکەش چون سێ ڕۆژی سەرەتای مانگی شەوالم**

**هەروەك مەولەوی فەرموبوی:**

**((تلوع ڕەمەزان سوبح شادیشەن**

**شەوال شام شوم نامورادیشەن**

**دەردێتە شەوال ئای زام سەختە من**

**تاڵە شوم شەوال ئەی بەدبەختە من**

**غورە غوری ئەو سەفاش پەی غەیری**

**ئازیز قیبلە و من وەفاش پەی غەیری))**

(گ، ب٣،

ل٦٨)

شاعیر لێرەدا تێکهەڵکێش بە شیعری مەولەوی کردووە، شەش نیوە دێری شیعری (مەولەوی) تێکەڵ بە شیعری خۆی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو شەش نیوە دێرەی لە کێ وەرگرتووە، بەمەش تێکهەڵکێش دروست بووە.

## جیاوزی نێوان هونەری (لێوەرگرتن و تێکهەڵکێش)

جیاوازی نێوان ئەم دوو هونەرە لەوەدایە، لە هونەری(لێوەرگرتن)دا ئاماژە بە خاوەنی دەقە وەرگیراوەکە ناکرێ، کە شاعیر لە کێی وەرگرتووە، بەڵام بە پێچوانەوە لە هونەری(تێکهەڵکێشکردن)دا ئەو دەقەی کە شاعیر وەری دەگرێ مەرجە ئاماژە بە خاوەنەکەی بکات، واتە ئاماژە هەیە، کە لە کێ وەرگیراوە و هی کێیە، چونکە زۆر جار شاعیر بە شارەزایی و لێهاتوویی خۆی بە شێوەیەکی گونجاو ئەو دەقەی وەری دەگرێ تێکەڵی بەرهەمەکەی خۆی دەکات، ئەگەر خۆی ئاماژە بە خاوەنی دەقە وەرگیراوەکە نەکات ئەوا خوێنەر درکی پێ ناکات، واتە ئەگەر ئاماژە نەبوو ئەوا هونەری لێوەرگرتنە، ئەگەریش ئاماژە هەبوو ئەوا هونەری تێکهەڵکێشە.

### نۆیەم: دووسەروا

هونەرێکی تری جوانکاری (وشەیی)یە، ((بریتییە لە دروستکردن یان بوونیادنانی هۆنراوەیەک لەسەر دوو سەروا لەیەک کات دا، وە وەستان لە سەر هەر یەک لە سەرواکان واتای خۆی بدات)).[١]

ڕوونتر لەو پێناسەی سەرەوە وتراوە: ((بریتییە لەوەی کە هۆنراوەیەک لە سەر دوو سەروا دامەزرابێ، واتە کۆتایی هۆنراوەکان بە شێوەیەک بن کە وشە، یان ڕستەی پێش وشە و ڕستەی دوای ئەوانیش سەروایان هەبێت، ئینجا لە سەر هەر یەک لە سەرواکان ڕاوەستی، ئایا سەروای دوای بێت، یان سەروای پێش دوای بێت، واتە تەواو بێت و هیچ ناتەواوی تێدا نەبێت)).[٢]

---

[١] - عبدالعزيز عتيق، علم البديع، دار النهضة العربية(بيروت – لبنان)، دون سنة الطبع، ص٢٤١.

[٢] - عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی(گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین – هەولێر، ١٩٨٦، ل١٤٥.

بە وردبوونەوە لەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێ (دوو سەروا): بریتییە لە هەبوونی دوو سەروا بۆ هۆنراوەیەک، وەستان لە سەر هەر یەک لە سەرواکان واتای تەواو بدات بە دەستەوە.

گرینگی ئەم هونەرە لەوەدایە کە خوێنەر دەتوانێ ئەو هۆنراوەی دەی خوێنێتەوە بیکات بە دوو هۆنراوە، بێ ئەوەی هۆنراوەکە تێکبچێت، یان هیچ وشەیەکی لێ بگۆڕدرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی بەرهەمەکەو وەگرتنی چێژی زیاتر لە لایەن خوێنەرەوە.

**چ عومرێکە بەبێ نازی، هەواری چۆڵ و وێرانە**

**فراق و هیجرەتی رازی، شەپۆلی مەرگی یارانە**

(گ، ب ١، ل ٣٠٦)

ئەم دێرە شیعرە هەر نیوە دێرێکی لەبەشی یەکەم سەروایەک و لەبەشی دووەمیش سەروایەکی تری هەیە، دەکرێ بکرێتە دوو بەش، بەم شێوەیە:

**چ عومرێکە بەبێ نازی**

**فراق و هیجرەتی رازی**

لەم دوو نیوە دێرە (ز) پیتی ڕەوییە، (ا) پێش ڕەوییە بوونی پێویستەیە، (ی) پاش ڕەوییە.

**هەواری چۆڵ و وێرانە**

**شەپۆلی مەرگی یارانە**

لەم دوو نیوە دێرە (ن) پیتی ڕەوییە، (ر) و (ا) پێش ڕەویینە بوونی پێویستەن، (ە) پاش ڕەوییە.

**ئەگەرچی نەو نەمامێك بووم، بە ئەزموون پیری سەدساڵم**

**نەسیمی باخی دڵ من بووم، هێزی چیاو تینی قەد پاڵم**

**بەفراوێکی گڕ تەزێن بووم، بۆژینی نوێش گڕوگاڵم**

**سەربازی ون بووبێ من بووم، ئەمر کردە قاڵ و سەرقاڵم**

**سیمای دەستی ئاوێزان بووم، خەنیمی پیری بەد حاڵم**

**قەڵم کە باڵای کرد من بووم، دۆستی خانەقا و هەم حاڵم**

(گ، ب ٣، ل ١٨٩-١٩٠)

لە ڕاستیدا سەرواى(بووم) بە ناچاری دروستکراوە و سەرواى ئەصڵی نییە، بەڵام شاعیر واى ڕێکخستووە، واتە شاعیر بە ناچاری دروستی کردووە.

لەم شیعرەدا هەر دێرێکی لەبەشی یەکەم سەروایەک و لەبەشی دووەمیش سەروایەکی تری هەیە، دەکرێ بکرێتە دوو شیعر، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:**

**ئەگەر چی نەو نەمامێک بووم**

**نەسیمی باخی دڵ من بووم**

**بەفراوێکی گڕ تەزێن بووم**

**سەربازی ون بووبێ من بووم**

**سیمای دەستی ئاوێزان بووم**

**قەڵەم کە باڵای کرد من بووم**

ئەم پارچە سەرواکەی لە وشەی (بووم)ە لە کۆتایی هەر شەش نیوە دێر، کە (وو) پیتی ڕەوییە، (ب) پێش ڕەوییە بوونی پێویستەن، (م) پاش ڕەوییە.

**بەشی دووەم:**

**بە ئەزموون پیری سەد ساڵم**

**هێزی چیاو تینی قەد پاڵم**

**بۆ ژینی نوێش گڕ و گاڵم**

**ئەمر کردە قاڵ و سەرقاڵم**

**خەنیمی پیری بەدحاڵم**

**دۆستی خانەقا و هەم حاڵم**

ئەم پارچە سەرواى هەموو نیوە دێرەکان لە وشەکانى (سالّم) و(پالّم) و (گڕوگالّم) و (قالّم) و (حالّم) دایە، (ڵ) پیتى ڕەوییە، (ا) پێش ڕەوییە بوونى پێویستەن، (م) پاش ڕەوییە، بەمەش جووت سەرواى دروست کردووە.

**دەروێشێکى ڕایەکى دوورم، من وێڵى حاڵێکى پیرم**

**لە سارای غەمەوە هاتووم، عاشقى یاڵێکى پیرم**

(گ، ب٣، ل١٤٦)

ئەم دێرە شیعرە هەر نیوە دێرێکى لەبەشى یەکەم سەروایەک و لەبەشى دووەمیش سەروایەکى ترى هەیە، دەکرێ بکرێتە دوو بەش، بەم شێوەیە:

**دەروێشێکى ڕایەکى دوورم**

**لە سارای غەمەوە هاتووم**

**من وێڵى حاڵێکى پیرم**

**عاشقى یاڵێکى پیرم**

لەم دوو نیوە دێرە (ر) پیتى ڕەوییە، (پ) و (ى) پێش ڕەویینە بوونى پێویستەن، (م) پاش ڕەوییە.

**گەر توانیتان بتاسێنن، دەنگى هاژەی ئاوى ڕوون**

**گەر توانیتان بخنکێنن، عشقى شنەی سەباى ڕوون**

(گ، ب٣، ل١٢١)

ئەم دێرە شیعرە هەر نیوە دێرێکى لەبەشى یەکەم سەروایەک و لەبەشى دووەمیش سەروایەکى ترى هەیە، دەکرێ بکرێتە دوو بەش، بەم شێوەیە:

**گەر توانیتان بتاسێنن**

**گەر توانیتان بخنکێنن**

لەم دوو نیوە دێرە (ن) پیتى ڕەوییە، (ێ) پێش ڕەوییە بوونى پێویستەن (ن) پاش ڕەوییە.

دەنگی هاژەی ئاوی ڕوون

عشقی شنەی سەبای ڕوون

لەم دوو نیوە دێرە (وو)پیتی ڕەوییە، (ڕ) پێش ڕەوییە بوونی پێویستەن (ن) پاش ڕەوییە.

## دەیەم: دواخستن

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ، ((بریتییە لە دواخستنی بەشی دووەمی گوتە، کە لەپاشان و لە شوێنێکی تر دەخرێتە ڕوو، ئەوەش جوانییەک بە دەربڕین دەبەخشێت و چێژی خۆشی لێ بەرجەستە دەبێت)).[1]

واتە: شاعیر لە بەرهەمەکەی خۆی سەرەتا باسی شتێک دەکات، کاری ڕستەکە، یاخود ئەو بەشەی کە مانای ڕستەکە تەواو دەکات هەڵی دەگرێ بۆ کۆتایی، ئینجا لە کۆتایی دەیخاتە ڕوو.

گۆرانی شاعیر بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم هونەرەی بەکار هێناوە، ئەمەش شارەزای شاعیر نیشان دەدا لەم هونەرە، بەمشێوە نمونەکانی دەخەینە ڕوو.

**ڕوحی گەڵا**

**لە میحرابی نامۆبووندا**

**بە خوێنی دڵی قەدو**

**بە ئارەقەی ماندوبوونی ڕەگی ڕەش پۆش**

**دەستی نزای گرو تۆڵەی**

**نەخشاندەوە**

(گ، ب ١، ل ١١١)

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیدا، ل٧٧.

لێرەدا دەبینین شاعیر پێنج نیوە دێری هێناوە، هەموویان پێویستیان بە یەك کارە بۆئەوەی واتایەکەیان تەواو بێت، بەڵام شاعیر هیچ نیوەدێرێکی تەواو نەکردووە و کارەکەی دواخستووە و لە کۆتاییدا کارەکەی خستۆتەڕوو، بەمەش واتای هەر پێنج نیوە دێرتەواو بووە، بەمجۆرە (دواخستن) دروست بووە.

**هەواڵی شار**

**فرمێسک و خوێن**

**گەڵای زەردی خەڵتانی خاک**

**ناڵە و نرکە و ژان و شیوەن**

**بۆ ئەوان دەبەین**

(گ، ب ١،

ل ١١٢)

بە هەمان شێوەی نمونەکانی سەرەوە شاعیر کاری ڕستەکەی دواخستووە هەڵی گرتووە بۆ کۆتایی، واتە واتای نیوە دێرەکان تەواو نییە هەر بەهۆی دواخستنی کارەکەوە، لە کۆتاییدا بە هۆی هاتنی کاری ڕستەکە، واتای نیوە دێرەکان تەواو دەبێت، بەمەش دواخستن بەرهەم هاتووە.

**ناڵەو نرکەی هەزاران هەنگاوی جێماو...**

**هەزاران شەوی بێکەس و**

**جێ ژوانی بێ ژوانی کزتان**

**ڕابردوویەکی تۆراوی بەجێ ماوتان**

**ئاشتکەمەوە**

(گ، ب ٢،

ل ٨١)

لێرەدا شاعیر چوار نیوە دێری هێناوە، هەموویان پێویستیان بە یەك کارە بۆئەوەی واتایەکەیان تەواو بێت، بەڵام شاعیر هیچ نیوە دێرێکی تەواو

نەکردووە و کارەکەی دواخستووە و لە کۆتاییدا کارەکەی خستۆتەڕوو، بەمەش واتای نیوە دێرەکان تەواو بوون، هونەری (دواخستن) دروست بووە.

**ئامادە بوانی خۆشەویست"**

**بەشداربوانی کۆنفرانسی ساڵ**

**ساتە وردیلە چاو سەوز و چرکە خنجیلە جوانەکان..**

**سەعاتی بە قەدر و قیمەت..**

**شەو و ڕۆژی هاوڕێی هەمووان..**

**مانگی بەڕێز**

**چوار وەرزی ڕەنگا و ڕەنگی ژیان..**

**ساڵی خزمەتکاری هەمووان..**

**بۆ چەند ساتێک بە خێرایی ڕاپۆرتی ساڵانەی گشتتان**

**دەخوێنمەوە"**

(گ، ب٣، ل٦٢-٦٣)

لەم پارچەی سەرەوە دا شاعیر چەند نیوە دێرێکی هێناوە، هەموویان پێویستیان بە کارێکە بۆئەوەی واتایەکەیان تەواو بێت، بەڵام شاعیر هیچ نیوەدێرێکی تەواو نەکردووە و کارەکەی دواخستووە و لە کۆتاییدا کارەکەی خستۆتەڕوو، تا واتای نیوە دێرەکان تەواو ببن، بەمجۆرە هونەری (دواخستن) دروست بووە.

## یازدەم: مولەمەع

هونەرێکی تری جوانکاریی وشەیی (مولەمەع)ە، کاتێک کە شاعیران زانیویانە، دەگونجێ بە زمانێک زیاتر شیعر بنووسن، بۆیە ئەوانیش بۆ ئەو یاسایە ناوی(مولەمەع)یان بۆ بە کارهێناوە، هەروەها مولەمەع بەم شێوەیە

پێناسەی بۆ کراوە: ((بریتییە لەوەی شاعیر لە شیعرەکەی خۆی دا نیوە دێرێکی عەرەبی و نیوە دێرێکی عەجەمی، یان دێرێک لە ئەم و دێرێک لە ئەو بهێنێت)).([1])

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیە، دەتوانین بڵێین(مولەمەع): بریتییە لەوەی شاعیر بە زمانێک زیاتر شیعر بنووسێ، ئەو دێرە شیعرەی کە بە زمانێکی تر دەینووسێ بەرهەمی خۆی بێ و لە کەسی تری وەرنەگرتبێت، ئەو زمانە جیایەی لەناو شیرەکەی بەکاری دەهێنێ لە نیو دێر، یان دێرێک کەمتر نەبێت، ئینجا بە هەر چەند زمانێک کە شاعیر بەکاریبێنێ.

ئەم یاسایە زیاتر لای شاعیرانی کۆن بەکارهێنراوە، لە چاو شاعیرانی ئێستا، ئەوەش لەبەر ئەوەی شاعیران لە کۆندا زیاتر لە حوجرەکان خوێندویانە، هەر بۆیە بەلایەنی کەم جگە لەزمانی دایک زمانێکی تریان زانیوە، ئەویش زمانی عەرەبی بووە، شاعیر هەبووە زیاتر لە دوو زمانیشی زانیوە، بەم شێوەیە لە بەرهەمەکانیان بەکاریانهێناوە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانیان و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر.

لێرەدا باس لەوە دەکەین شاعیر نمونەی شیعری هەیە، کە دەکەوێتە ژێر سایەی ئەم یاسایەوە، واتە ئەم یاسایەی تێدا بەکارهێناوە.

**ئەو هونەرە دوو جۆری هەیە، کە ئەمانەن:**

**یەک: مولەمەعی داهێنراو**

ئەم جۆرەیان هەر لە ناوەکەی دەتوانین لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین، ڕوونتر بڵێین مولەمەعی داهێنراو: ((وەک و گوترا مولەمەعی داهێنراو ئەو مولەمەعەیە ئەو شیعرەی نووسراوە و مولەمەعکراوە، بە هەر چەند زمانێک بێت، هەموویان هەر لە داهێنانی شاعیرەکەن)).([2]).

[1]- ابي عبدالله محمد بن ابي بكر الرازي، روضة الفصاحة، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، دمشق _ سوريا، ٢٠٠٥، ص١٦٤.

[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٦٨.

واتە: مولەمەعی (داهێنراو) بەمانای ئەوە دێت، کە بوونیادی بەرهەمێک لەلایەن شاعیر خۆیەوە بێت، لە هیچ شوێنێک و کەسێکی تری وەرنەگرتبێ.

**ڕەمەزان مانگ و قورئانی تەشریفش ئاوردوو ئاما**

**دەک خێر بە یۆ بە حر و لوطفی ئەی تۆشۆ ڕێ نور و چەما**

**رمضان محراب عشق تنادی كل ذي قلب**

**لوده حلاوة اشهى من اعماق حب**

**لە کەناری مەحبەتدا چوون پەروانە بۆت ئەسوتێم**

**دەزانم دەریای غوفرانی بۆ ماچی پاکبوونەوە دێم**

(گ، ب ١، ل ٣١٩)

ئەم هۆنراوەیە مولەمەعی داهێنراوە، چونکە هۆنراوەکە هی شاعیرەکە خۆیەتی، هەردوو زمانی(کوردی و عەرەبی) تێدا بەکارهێناوە، بەمەش مولەمەعی داهێنراو بەرهەم هاتووە.

**دوو: مولەمەعی لێوەرگرتن**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ، (بریتییە: لەوەی شاعیر دێرێک یان چەند دێرێک بە زمانێکی جیاواز لە زمانی خۆی، لەناو بەرهەمەکەی دا هەبێت، بە مەرجێک ئەو بەشەی کە بە زمانە جیاوازەکە نووسراوە هی شاعیرەکە نەبێت و لە کەسێکی تری وەرگرتبێ و لە هەمان کاتدا ئاماژەشی بە ناوی خاوەنەکەی نەکردبێت).([1])

**مەرحەبا ئەی پیری پیران، بە شینی دەفەوە هاتی**

**مەرحەبا دەروازەی جەننەت، بە کەیف و شەوقەوە هاتی**

**مەرحەبا، مەرحەبا ئەی مانگ، زنەی سارای بێ ئاوی ساڵ**

**مەرحەبا (یا شهر الخير والاحسان والبركات)**

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ل(٧٩ – ٨٠).

(گ، ب ٢، ل ٢١٩)

نیوە دێری سێیەمی ئەم هۆنراوەیە بە عەرەبی نووسراوە و وەرگیراوە، نیوە دێرەکانی تر بە کوردی نووسراون و ئاماژەشی بە خاوەنەکەی نەکردووە، بەمەش مولەمەعی لێوەرگرتن دروست بووە.

**بە گوێی ڕاستیا**

**(أنا ربكم الاعلى)ی پیا چرپاند و**

**بە گوێی چەپیا**

**(لأقطعن ايديكم و ارجلكم من خلاف)**

(گ، ب ٢، ل ٢٠٦)

نیوەی نیوە دێری دووەم و نیوە دێری چوارەمی ئەم شیعرە بە عەرەبی نووسراوە و لە قورئانی پیرۆز وەرگیراوە، نیوە دێرەکانی تر بە کوردی نووسراون و ئاماژەشی بە خاوەنەکەی نەکردووە، بەمەش مولەمەعی لێوەرگرتن دروست بووە.

### سێ: مولەمەعی تێکهەڵکێش

مولەمەعی تێکهەڵکێش بریتییە: ((لەو هونەرەی لە نێوان (مولەمەع) و (تێکهەڵکێش) دایە، بەڵام لە لایێک (مولەمەع) و لە لایەکیشەوە (تێکهەڵکێش).. ئەمە بەوە پێکدێ کە شاعیرێک گوتەی کەسێک، یان دوو سێ کەسی نەتەوەکانی تر، یان شیعری شاعیرێک، یان دوو سێ شاعیری نەتەوەکانی تر وەربگرێ و بەزمانی نەتەوەیی خۆیان، ئەو گوتەو دێرە وەرگیراوانە بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێش بکات)).[1]

واتە: مولەمەعی تێکهەڵکێش: بریتییە لەوەی کە شیعرێک بە زمانێک زیاتر نووسرابوو، ئەوا داهێنراوی خودی شاعیر خۆی نییە، ئەو نیوە دێرە، یان ئەو دێرە، یان ئەو چەند دێرەی کە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی شاعیر نووسراوە، تێکەڵی بەرهەمی شاعیرەکەیە، ئەوا بەرهەمی کەسێکی ترە وەرگیراوە،

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ل ٨٠.

ئاماژەش هەیە کە خاوەنەکەی کێیە، شاعیر بە شیعری خۆی تێکهەڵکێشی کردووە.

جیاوزی لەگەڵ مولەمەعی لێوەرگرتن لەوەدایە، لە مولەمەعی تێکهەڵکێش ئاماژە هەیە، کە ئەو بەشەی تێکەڵ بە بەرهەمەکەی خۆی کردووە هی کێیە، بەڵام لە مولەمەعی لێوەرگرتن ئاماژە نییە، ئەو بەشەی وەریگرتووە و تێکەڵ بە بەرهەمەکەی خۆی کردووە هی کێیە.

**هەموو ساڵێک**

**لە ژێر دروشمی ئاسمانی**

**(بأی ذنب قتلت)**

**کۆنگرەی ساڵانەی شەهیدی**

**گرێدەدرێت..**

(گ، ب٢، ل١٣٨)

لێرەدا شاعیر ئایەتی (بأی ذنب قتلت)ی لەگەڵ هۆنراوەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە ئاماژەی کردووە کە ئەمە ئایەتی قورئانە لە نیوە دێری دووەم کە دەڵێت: ( لە ژێر دروشمی ئاسمانی) ، بەمەش مولەمەعی تێکهەڵکێشراو دروست بووە.

## دوازدەم: هاوبڕی

(هاوبڕی) جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاری (وشەیی)، ((عەرەب (الموارده) و (توارد الخواطر)یشی پێدەڵێن: ئەم شێوازە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە دوو کەس لە یەک کات و شوێن و لە ژێر فشاری یەک واقع دا، یان لە دوو کات و شوێنی جیاواز لە بەر یەک واقعی وێکچوو، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەک بێ، بە یەک زمان، یان بە دوو زمانی جیاواز، ئەقلی هەردووکیان هەر هەمان شت ببڕێ و هەر هەمان شت بڵێن)).[1]

[1] - د. ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٦٩.

نمونە:

**محمد ئەی حەبیبی ئەو، عەزیزی من، ڕەسولی خوا**
**ئەی تاجی سەر، تەبیبی دڵ، غەمخۆری ئومەت، تۆی مەئوا**
**کە زاتێ مەدحی زاتت کا، بە (عەزیم) وەسفی خولقت کا**
**ئەبێ چ بکا زمانێ؟بێتە گۆ، تا وەسفی خولقت کا...**

(گ، ب٣، ل١٣٨) ئیقتیدا و هاوبڕی (مەحوی)یە، کە مەحوی گوتبووی:

**چ مەدحێکت بکەم لایەق بە تۆ (یا خیرخلق اللە)**
**منی بێ خێری نا لائیق کە جبریلت سەنا خوانە**
**بەیانی گەورەیی خولقی کەسێ ئایەت لە شەئنی بێ**
**نە مەقدووری من و تۆیە، نە ئیشی(قیس) و (سحبان)ە.....** دیوانی مەحوی

(گۆران عەباس)یش بەو شێوەی سەروو هەمان مەبەستی وەک و(مەحوی) بە مێشک دا هاتووە و لەم بارەدا هەردوو مێشک یەک شتیان بڕیوە، ئەوەش (هاوبڕی)یەکی جوان بەرهەم هاتووە.

# بەشی سێیەم

## جوانکاریی واتایی و هونەرەکانی
## لە شیعرەکانی گۆران عەباس دا

## بەشی سێیەم

## جوانکاریی واتایی و هونەرەکانی

### جوانکاریی واتایی

جۆری دووەمی زانستی جوانکارییە، جوانکاریی واتایی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەوەی کە بەرهەمی ئەدەبی (شیعری بەتایبەت) ناوەڕۆکی ئەدەبیانەی خۆی (شیعریانەی خۆی) بەرجەستەبکات، چونکە ئەوە بنەمایەکی سەرەکی و جێگیرە، کە ئەرکی ئەدەب بریتییە: لە بەدیهێنان یان پێشکەشکردنی نموونەیەکی زمانی کە جیاواز بێت لە ڕۆتینیاتی ڕۆژانە و مانا و مەبەستە کردەییەکانی ، بەڵکو ئەدەب (شیعر) لەم دیوی ئەم زمان و دنیایە ڕووکەشییەوە دنیایەکی تر دروست دەکات و لەوێوە کە دەبێتە خاوەن بەها و گرنگییەکی وا کە مرۆڤەکان بایەخی پێبدەن و وەک پێویستییەک و بنەمایەکی گەورەبوونی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ بکەن .

جا ئەوەی گرنگە لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە ئەم جیهانە ئەدەبییە ناشێت بە مانا و مەبەستەکانی زمانی ئاسایی ڕۆژانە بێتە بوون، بەڵکو لەڕێگەی ئەو ڕێ و شوێنانەوە بەدیدێت کە پرۆسەی ئەدەبکاری لە میانی بەرجەستەکردنی خۆیدا بە درێژایی مێژوو هێناوەتیەکایەوە، ئەم جۆرەی زانستی جوانکاریش بەمشێوە پێناسەی بۆکراوە، کە ((بریتییە لەوەی جوانکردنەکە یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ واتا، ئەگەر هەندێکیشیان بێن بۆ جوانکردنی وشە)).([1]) واتە: یەکەم ئیشی جوانکردنی واتایە، جاری واش هەیە هەندێکیان بۆ جوانکردنی وشەش دێن. نزیک لەو پێناسەی سەرەوە لە شوێنێکی تر هاتووە، کە ((بریتییە لە لایەنی واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی چێژی واتاناسییەوە)).([2])

---

[1] - أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة(البيان والمعاني والبديع)، ص٢٦٨.

[2] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی....، ل٧٧.

واتە: ئیشی لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی جوانی واتایی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی ناو بەرهەمە شیعرییەکان، بە هۆیەوە بەرهەمە شیعرییەکە واتادارتر و بە پێزتر و دەبێت لە ڕووی واتاوە.

ئەم جوانکاریی واتاییە، یەکێکە لەم ڕێوشوێنانەی کە لە کاری ئەدەبی و بە تایبەت لە بوونیادنانی شیعری دا ڕۆڵی دیاری خۆی هەیە، دیارە واتاکان کە لە ڕێکخستنی وشە و ڕستەکان دەدرەوشێنەوە، هەموویان یەک ئاستی جێگیریان نییە و ڕادەی ڕوونی و ناڕوونیان یان ناسکی و سادەییان جیاوازە، دەرفەتی ئەوە هەیە کە کاریان تێدا بکرێت بە ئاڕاستەی بەرزکردنەوەی ئاستی دەقیقبوونیان لەوەی کە مەبەستە، واتا کە لە باری ئاسایی ناوەڕۆکی هەر وشە و ڕستەیەکە و لەپلەی یەکەمدا ( یان بەشێوەی بنەڕەتی ) سەر بە فەرهەنگی زمانە و چوارچێوەیەکی زمانەوانی هەیە، بەڵام هەر وەک وترا کە کاری ئەدەبی و بوونیادنانی شیعر بریتییە: لە دەرچوون لەم فەرهەنگە ئاساییە، بۆیە دەشێت شیعربوون خۆی بەو توانایە دابنێین کە دەستکاری مانای وشەکان و ڕستەکان دەکات، لەبەر ئەوە ((زانستی زمانەوانی نوێ ئەوەی ئاشکرا کردووە کە واتای دەق لە واتای فەرهەنگی وشەکانییەوە نایەت)).(١) کەواتە: ئەگەر واتای ئاسایی وشەکان و ڕستەکان لەناو فەرهەنگی زماندا بێت و تا ڕادەیەک جێگیری و چەسپاوی تێدابێت، ئەوا لە فەرهەنگی شیعری دا ئەم چەسپاوییەی نامێنێت و مەحکوم بە توانای شاعیر لە پرۆسەی جوانکاریی واتاییدا مانای تری جیاواز وەردەگرن کە زۆربەی جار ئەم واتایە تەنها لەم دەقەدایە، ((زمانی شیعری بە گشتی زمانێکی پراگماتیکییە، چونکە هێماکانی بە واتایەکی تر دەردەبڕدرێن و ڕستەکان لەمەبەستی ڕووکەشیان دوورن)).(٢)

بنەمایەکی سەرەکی جوانکاریی واتایی بریتییە لە لادانی واتایی کە ئەویش((ئەو لادانانە لەخۆ دەگرێت کە لەسەربنچینەی پچڕانی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول و چەندیەتی دەربڕین درووست دەبن، وەک دانەپاڵ،

---

١ - محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە (ئەزمونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک نمونە)، ل٦٤.

٢ سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

دژەڕۆیی، زیادەڕۆیی، پاڕادۆکس، ...هتد)).([1])، چونکە (( لادان و ئیستاتیکا پەیوەندیەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بە بەرداکردنی بەرگ و ڕوحێکی ئیستاتیکییە بەدەقەکەدا)).([2])، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە ئەم ڕێپێدراوییە لە لادانی واتایی سنوری خۆی هەیە و دەبێت لە چوارچێوەی ئەم زمانەدا بێت کە شاعیر کاری تێدا دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەرەڕای گۆڕینی واتا بەپێی دەقی شیعری بەڵام بەپشت بەستن بە هەمان مانا بنچینەییە زمانیەکەی ناو فەرهەنگ ئەم گۆڕانە ئەنجام دەدرێت و خوێنەر و بیسەریش دەقەکەش دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کە ئەم مانایە درک بکەن کە تایبەتە بە دەقەکە ( واتە: واتای وشە و دەستەواژە یان ڕستەکە لە چوارچێوەی دەقەکەدا دەبینن)، ئەڵبەتە جگە لەوەش شیاوە و نموونەی وەها هەیە کە تەنانەت هێندە ئازاد مامەڵە لەگەڵ زمان دەکەن بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و بەبێ وەستان لەو سنورەی کە تەنها بە ئامانجی هەندێک جوانکاریی واتایی هونەرەکانی ئەم جوانکارییە بەکاربێنێت، سوریالیستەکان نمونەی ئەم جۆرە مامەڵەیەن لەگەڵ واتا و وشەدا، چونکە ئەوان((ئەوەندە بایەخیان بە پەیوەندی و ڕێکخستنی نێوان وشە و دەستەواژە و ڕستەکان نەدەدا، ئەوان پێیان گرینگ نەبوو پەیوەندی لۆجیکی دەنێوان دەستەواژە و ڕستەکان هەبێت. بەڵکو هەر خۆیان دەستەواژە و ڕستەی وایان لەتەک یەکتر بەکاردەبرد کە هیچ پەیوەندیەک لە نێوانیان دا نەبوو. لەبەرئەوەی سوریالیستەکان پشتیان بە نائاگایی دەبەست و سوودیان لە شێتایەتی دەبینی، بۆیە لە شیعرەکانیان و بەرهەمەکانیان هەمان وشە و زمانی شێتانەیان بەکار دەبرد)).([3])

ئەم زانستەش وەک و زانستی جوانکاری (وشەیی) لە چەند هونەرێک پێک دێت، بەشێک لەو هونەرانەی وەرمانگرتووە لە شیعرەکانی (گۆران عەباس) دا

[1] - صافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر – ٢٠١٣، ل٤٦.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٦.

[3] - حەمە مەنتک، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١١، ل٣٣.

نمونەیان لە سەر هێنراوەتەوە ئەمانەن: (دەستپێکی جوان - دەستپێکی دڵگیر - دژیەک - بەرامبەری - جیاوازی نێوان (دژیەک) و (بەرامبەری) - پێچ وپەخشە - جیاوازی نێوان (بەرامباری) و (پێچە و پەخشە) - موشاکەلە - جوانی بایز - بادانەوە - کۆکردنەوە - لێککردنەوە - وەصف - لۆمەکردن - وەصف لە بەرگی لۆمە - دابەشکردن – جێگۆڕین – تیلنیشان - بەهەڵەبرن - خۆهەڵەکردن - جیەوازی نێوان (بەهەڵەبردن) و (خۆهەڵە کردن) - ڕوونکردنەوە – زیادەڕۆیی – پەندبێژی – نوێکردنەوە - پێکەوە گونجانی وشە و واتا - لێکچوونی لایەکان – کۆتایی جوان - کۆتایی دڵگیر) .

## هونەرەکانی جوانکاریی واتایی

### یەکەم: دەستپێکی جوان

هونەرێکی جوانکاریی واتاییە، ((عەرەب (حسن الإبتداء) و (حسن الإستهلال)یشی پێ دەڵێن.. بەلای ڕەوانبێژان جوانترین و ناسکترین هونەرەکانی ڕەوانبێژییە، عەبدوڵڵای کوڕی موعتەز لە (البدیع)ەکەی خۆیدا بە (حسن الإبتداءات) ئاماژەی پێداوەو لە(محاسن الشیعر)ی ژماردووە، بەڵام بێ ئەوەی پێناسەی بکات، یەکسەر نمونەی بۆ هێناوەتەوەو هیچی تیۆری لە بارەوە نەگوتووە.. لە پێناسەی ئەم هونەرە گوتوویانە: ئەوەیە کە شاعیر سەرەتای هۆنراوەکەی پێ جوان بکات)).([1])

واتە: بریتییە لە سەرەتایەکی جوان بۆ شیعرەکە، کە ببێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری خوێنەر بۆ لای بەرهەمەکە.

**نازی بولبولێک چون نەسیم ئەشنێ**

[1]- ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٣٥٢

**تاماچی دیدەی شاگوڵێک بچنێ**

**لەگەڵ شەونمدا نم نم دا ئەکا**

**تاکو تەهلیلەی تەکیەی دڵ بچڕێ**

(گ، ب ١، ل ٢٩٩)

ئەم چوار نیوە دێرە سەرەتای هۆنراوەیەکی ئەم شاعیرەیە، کە وشەکانی ناسک و جوانن و واتاکەشی روون و تەواوە، بەوەش بووەتە سەرەتای جوان.

**بەهار کە ماوەو گوڵ ئەلاوێنێ**

**نەسیمی سوبحی ڕێدەکاو ئەشنێ**

**بۆنی ڕێحانەو شەوبۆیە، دیارە**

**ئەو بۆنی کۆڕی یاران وادێنێ**

(گ، ب ٣، ل ١٤٥)

ئەم چوار نیوە دێرە سەرەتایەکی جوانی هۆنراوەیەکە، وشەکانی ناسک و جوانن و واتاکەشی روون و تەواوە، بەوەش بووەتە سەرەتای جوان.

**لە کوێ تاریکی دیواری بوونی تەنی**

**مەینەتی هێنایە دەنگ و تەونی تەنی**

(گ، ب ٣، ل ١٦٦)

ئەم دوو نیوە دێرە سەرەتایەکی جوانە، کە وشەکانی ناسک و جوانن و واتاکەشی روون و تەواوە، بەمەش دەستپێکی جوان بەرهەم هاتووە.

### دووەم: دەستپێکی دڵگیر

ئەم هونەرە یەکێکە لە هونەرە گرینگەکانی جوانکاریی واتایی، سەرەتا هەر لە ناوی هونەرەکەوە دەتوانین تاڕادەیەکی باش لە ناوەڕۆکی هونەرەکە تێبگەین، کاتێک دەڵێن دەستپێکی دڵگیر ئەوە دەگەیێنێ کە ئەو بەرهەمەی ئەو

هونەرەی تێدایە لە دێری یەکەمەوە یاخود لە سەرەتاوە دەتوانرێ بزانرێت کە باس لە چی دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو وشە، یا دەستەواژە، یا ڕستە پڕ واتا بەخشانەوەیە کە لە دێری یەکەم داهاتوون دەتوانین بە هۆی ئەو بەڵگە واتاییانەی لە سەرەتا بەردەستمان کەوتوون بیرمان ئەوە بخوێنێتەوە کە هۆنراوەکە لە ناوەڕۆک دا باس لە چ دەکات.

ئەمەش وەکو هونەرەکانیتر شارەزایان و نووسەرانی بواری ڕەوانبێژی چەندین پێناسەیان بۆ کردووە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو، لە یەکێک لە پێناسەکان دەربارەی هونەری دەستپێکی دڵگیر وتراوە: بریتییە لە وەی ((لە لوغەتا بە مەعنای گەردن بەرزکردنەوەیە بۆ دۆزینەوەی مانگی یەکشەوە یا لە شادمانیی دۆزینەوەیا. لە عورفی بەدیعیشا ئەوەتە لە دێباچەی وتارا ئیشارەت بکرێ بۆ مەتڵەبی خاوەن وتار لە وتارەکەی)).([1]) واتە: لە زمانەوانی دا یەکێک کاتێک دەیەوێ سەیری شتێک بکات ناتوانێ و سەری بۆ بەرزدەکاتەوە، لە ڕوی واتاشەوە ئەوە دەگەێنێت کە لە سەرەتای دەق ئاماژە هەبێت بۆ ئەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێ بیگەێنێت لە ناو بەرهەمەکەی. هەر بەم شێوە و نزیک لەو پێناسەی سەرەوە نووسەرێکی عەرەبیش پێناسەی کردووە و دەڵێت: ((دەستپێکی دڵگیر: بریتییە لەوەی دێرەکە لەگەڵ مەبەستەکە گونجاو بێت  و لە دەستپێکەوە بەرچاوڕوونی بۆ بابەتەکەی دوای خۆی بکات)).([2]) واتە: بە هۆی ئەو واتایەی لە سەرەتای هۆنراوەکە بە دەستی دێنین، دەتوانین لەوە تێبگەین هۆنراوەکە بەگشتی باسی چی دەکات. کەواتە دەستپێکی دڵگیر: بریتییە لە وەی لە دەستپێکی هۆنراوەکە ئاماژە یا خود تیشکدان هەبێت بۆ ئەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێ لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی باسی لێوە بکات، ئەویش بەهۆی وشە و دەستە واژەی وا کە بە بینینیان و خوێندنەوەیان یا بیستنیان بزانرێت بە ئاسنی کە ناوەڕۆکەکەی باس لە چی دەکات.

ئێمە کە باس لە هەردوو هونەری (دەستپێکی جوان و دەستپێکی دڵگیر) دەکەین و  لە ڕیزبەندی لە پێشی هونەرەکانی ترن، لەبەر ئەوەیە کە ئەم

---

[1] - مەلا عەبدالکریمی مدرس، بەدیع و عەرووزی نامی، ل٦٥.

[2] - ابی عبدالله فیصل بن عبده قائد الحاشري، تسهیل البلاغة، دار الإیمان للطبع والنشر والتوزیع، أسکندریة - مصر، ٢٠٠٦، ص١٢٧

هونەرانە پەیوەندییان بە دەستپێکی تێکستەوە هەیە، ئێمەش پێمان باشبوو بیانکەینە سەرەتای هونەرەکان.

شاعیر وەک زۆربەی شاعیران ئەم هونەرەی بەکارهێناوە لە شیعرەکانی، وەک ئەو نمونانەی خوارەوە:

**هەموو نیشتمان**

**بۆ زەماوەندی ئیعلانکردنەوەی**

**دەوڵەتەکەی کورد و**

**کۆمارەکەی مهاباد وا بەڕیوەن**

(گ، ب ١،

ل٢٦٥)

لەم پارچە ئازادەی سەرەوە دا وشەکانی(زەماوەند - ئیعلانکردنەوەی دەوڵەتەکەی کورد - کۆمارەکەی مهاباد)، هەموویان ڕۆمانسین و موچڕکەی خۆشی بە خوێنەری کورد دەبەخشن، بەمەش دەستپێکی دڵگیر دروست بووە.

**ئەی رەحمانی هەمووعالەم ئەی ڕەحیمی ڕۆژی مەحشەر**

**ئەی خالقی بوونی عالمی چوون بەدیعی هەناسەی سەحەر**

(گ، ب ١،

ل٣٨٧)

ئەم دێرە هۆنراوەیە سەرەتای هۆنراوەیەکی (گۆران عەباس)ە، کە تایبەتی کردووە بە باسکردنی لێبوردەی خوای گەورە و دەسەڵاتی ئەو، وشەکانی دێرەکە هەموویان وشەی بەهێز و بەپێز و جوانن، کە شایەنی ستایشکردنی خودای گەورەن، بەکارهێنانی ناوە جوانەکانی خودای گەورە وەك (الرحمان - الرحيم - الخالق - العالم - البديع)، مانای دێرە هۆنراوەکە بریتییە لە:-

(ئەی بە بەزەیی بۆ هەموو خەڵك، ئەی بە بەزەیی رۆژی دوایی، ئەی دروستکەری بوون، زانای چوون، بەدی هێنەری هەناسەی بەیانی).

لەم دێڕەدا ئاشکرا تیشك نەخراوەتە سەر ئەوەی هۆنراوەکە هەموو باسی بەزەیی و دروستکەری و دەسەڵاتی خودای گەورە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەك هەیە، کە هۆنراوەکە باسی دەسەڵات و گەورەیی و بەزەیی خودای گەورە دەکات، بەمەش دەستپێکی دڵگیر دروست بووە.

**محمد ئەی حەبیبی ئەو، عەزیزی من، ڕەسولی خوا**

**ئەی تاجی سەر، تەبیبی دڵ، غەمخۆری ئوممەت تۆی مەئوا....**

(گ، ب٣،

ل١٣٨)

لەم دوو نیوە دێرە دا دەبینین وشەکانی(محمد، حەبیب، عەزیز، رەسول، تاجی سەر، تەبیبی دڵ، غەمخۆری ئوممەت) جوان و ناسکن دەربڕینێکە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) و وەسفکردنی، شێوازەکە ڕەوانبێژیی و هونەرییە، ئاماژەیان تێدایە، کە هۆنراوەکە باسی چ دەکات، بەمەش دەستپێکی دڵگیر بەرهەم هاتووە.

هەموو نووسەرێک حەز دەکات سەرەتای قسەکانی بەهێز بێت، بۆیە لە شیعری شاعیری داهێنەر هەموو دەستپێکێک یان جوانە یان دڵگیرە، بە پێی ئەو پێناسانەی کە جیایان دەکاتەوە، بەڵام ئێمە ئاماژەمان بە هەندێکیان کردووە، لە شیعری کلاسیک دێری یەکەم دەستپێکی دڵگیرە، بەڵام لە شیعری ئازاد کۆپلەی یەکەم دەستپێکی دڵگیرە. بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەش بە هەمان شێوەن.

بەپێی ئەو ئامارەی کردومانە بۆ هونەری (دەستپێکی دڵگیر)، بە نزیکەیی لە هەر سێ بەرگ (٧٣) جار بەدیکراوە، لە بەرگی یەکەم (٣٠) جار، بەرگی دووەم (١٢) جار، بەرگی سێیەم (٣١) جار.

## سێیەم: دژیەك

جۆرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، ئەم هونەرە بە شێوەیەکی بەرچاو لە نووسین و بەرهەمە شیعرییەکاندا دەبینرێت، چەندین پێناسەی لە لایەن نووسەرانەوە بۆ کراوە، لەوانە: دژیەک ((بریتییە لە وەی ئاخاوتن لە لایەک لە سەر نەرێی دابمەزرێنرێت و لە پاشان لە لایەکی تریشەوە ئەرێکەشی بچەسپێنریت)).([1]) واتە: بریتییە لەو دەربڕینەی کە دامەزرابێت لە سەر دوو لایەن، لایەنی ئەرێی و نەرێی.

لە شوێنێکی تر لە بارەیەوە وتراوە: دژیەک ((بریتییە لە هێنانی دوو وشەی پێچەوانە و دژ بە یەك لە مانادا، ئەمەش هەست و سۆزی نووسەر دەردەخات، کە بۆ چێژگەیاندن بە خوێنەر و گوێگر بەکاردەهێنرێت، نمونە: هەبوون، - نەبوون – شیرین – تاڵ – کورت – درێژ- گەرم - سارد – خۆش - ناخۆش...هتد.)).([2])

ئینجا هاتوون ئەمەیان ڕوونکردۆتەوە و گوتوویانە: ((دژیەک بریتییە لە کۆکردنەوەی شت و پێچەوانەکی، لە شیعر بێ، یا لە پەخشان، دوو جۆری هەیە: دژیەکی فەرهەنگی (طباق الإجاب)، دژیەکی نافەرهەنگی (طباق السلب) )).([3])

واتا هەبوونی وشە و ماناپێچەوانەکان لەناو بەرهەمەکان، ئەمانەش خۆشی و گەرم و گوڕی زیاتر بە بەرهەمەکە دەدەن وا لە خوێنەر دەکات زیاتر هۆگری خوێندنەوەی بەرهەمەکە بێت، چونکە بوونی ئەم هونەرە لە ناو دەقەکان ئیستاتیکای دەقەکان زیاتر دەکات.

---

[1] - ابي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري، كتاب الصناعتين، الطبعة الأولى، المكتبة العصرية، بيروت - لبنان، ٢٠٠٦، ص٣٧١.

[2] - عبدولواحد مشیر دزەیی، پڕاگماتیک و ڕەوانبێژی، ل١١٩.

[3] - محمد طاهر اللادقي، المبسط في علوم البلاغة، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠٠٨لبنان ، ص٢٢٦.

لەو پێناسانەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، دژیەک: بریتییە لە بوونی دوو وشەی پێچەوانەی یەکتری، ئەمەش جوانی بە هەردوو لایەنی دەقەکە دەبەخشێت. لێکچوونی زۆر لە نێوان ڕاو بۆچوونەکانی ئەو نووسەرانە هەیە، کە لە سەرەوە پێناسەی ئەم هونەرەیان کردووە، ئەوەش بە هۆی سوود بینینی نووسەرەکان لە پەیام و ڕاو بۆچوونەکانی یەکتری، هەموویان باس لە هەبوونی وشە پێچەوانەکان دەکەن لە ڕووی ماناوە لەناو بەرهەمە ئەدەبیەکان.

ئەم هونەرە گرینگی خۆی هەیە لەوانە: هۆکاری بوونیادنانی بەشێک لە لایەنەکانی ئیستاتیکای دەقە، دەرخەری توانای نووسەرە لە هێنانەوەی وشە دژ بەیەکەکان، زیاتکردنی چێژە لەلای خوێنەر و بیسەر، بەرچاو ڕوونتر دەکاتەوە بۆ زووتر تێگەیشتن لە مەبەستی بەرهەمەکە و بینینی جوانی وشە و دەستەواژەکانی ناو بەرهەمەکە.

ئەم هونەرە لە شیعری کلاسیک بوونی زۆرە، بە هەمان شێوە لە شیعری نوێش کە بە شێوەی ئازاد و کلاسیک نووسراون ئەم هونەرەیان تێیدا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو ڕاو بۆچوونانە پوچەڵن و بێ بنەمان لە بارەی ئەوەی کە دەڵێن شیعری نوێ بێ ڕەوانبێژییە.

**نمونە:**

**ئێستا لەگەڵ ئومەتێکا ئەجەنگین**

**ئەوان هاتوون بمرن و ئێمەش هاتووین لێرە بژین**

(گ، ب ۱، ل ۲۳۵)

لەم دوو نیوە دێڕەی سەرەوە دەبینین هونەری دژیەک بوونی هەیە، ئەو دوو وشەیەی هونەرەکەیان دروست کردووە بریتین لە (مردن) و (ژیان).

**ڕۆژیش وا بە هێمنی تێدەپەڕێ**

**بۆ ئامێزی شەوی یەڵدام جێ دێڵێ**

(گ، ب ۲، ل ۲۳۹)

لەم دوو نیوە دێڕەی سەرەوە دەبینین هونەری دژیەک بوونی هەیە، ئەو دوو وشەیەی هونەرەکەیان دروست کردوووە بریتین لە (ڕۆژ) و (شەو).

**کام سەرە هێشتا هێندە وشکە**

**بە شەپۆلی دەریای عەولەمە تەڕ نابێت؟**

(گ، ب ٣، ل ٤٤)

دەبینین ئەو دوو نیوە دێرە سەرواکەیان ئازادە، کەچی هونەری دژیەک لە ناوی بوونی هەیە لە وشەکانی (وشک) و (تەڕ) لە هەردوو نیوە دێر، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی تەنها پشت بە قالب و سەروای کلاسیک نابەستێ، بەڵکو پشت بە شارەزایی شاعیر دەبەستێ لە چۆنییەتی چنین و داڕشتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لە ناو دەق دا.

هونەری دژیەکیش وەک هونەرەکانی تر چەند جۆرێکی هەیە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

**یەک: دژیەکی فەرهەنگی (طباق الأیجاب)**

**دوو: دژیەکی نافەرهەنگی (طباق السلب)**

**سێ: دژیەکی وێنەی پەرت**

## یەک: دژیەکی فەرهەنگی

جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەری دژیەک، ((لە عەرەبیدا (طیباقی ئیجابی) پێ دەڵێن، بریتییە لە بوونی دوو وشە هەر لە بنچینەدا دژ و پێچەوانەن بە واتای یەکتری)).([1]) واتە: لە ڕووی فەرهەنگ و دروستبوونی وشەکانەوە، وەك (سارد - گەرم )، (شەو - ڕۆژ)، (ڕەش - سپی).....هتد.

بە واتایەکی ڕوونتر: ((بریتییە لەوەی هەر وشەیەک دیاردەیەکی هەبێ، پێچوانەی دیاردەی وشەکەیتر بێ، کە ڕووبەڕووی دەوەستێ بە پێچەوانەیی.

[1] - صافیە محمد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود، ل١٠٤.

وەک: ڕاست و چەپ، ئاسوودەیی و نا ئارامی، پێکەنین و گریان، ژیان و مردن، ترسنۆکی و ئازایی...)).([1])

واتە: ئەو دوو وشەی دەبنە دژیەکی فەرهەنگی لە بنچیەنەدا خۆیان دژیەکن هیچ یەکێکیان بەهۆی ئەوی تریان نەبۆتە دژ و پێچەوانە.

**نمونە:**

**بە سەربەرزی بیر و بڕوات**

**ئەوساتە هات گەڕایتەوە**

**دەستی سپیت خستە دەستی ڕەشیانەوە!**

(گ، ب ١، ل ٤٠)

لە نیوە دێری سێیەمدا وشەکانی (سپی) و (ڕەش) دژیەکی فەرهەنگین هەر یەکەیان سەربەخۆن، بەمەش دژیەکی فەرهەنگیان بەرهەم هێناوە.

**گشت چراکانیش فڕێ بدەن**

**هێندە ڕوناکە تاریکی دەبینیت**

**بێ شك کە کوێرایی دادێت**

(گ، ب ٢،

ل ٧٩)

لە و نیوە دێرە شیعرانەدا وشەکانی (ڕووناك) و (تاریکی) دوو وشەی خاوەن دوو ڕەگی تایبەت و سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەردووکیان هاوەڵناون، دژیەکی فەرهەنگیان دروست کردووە.

**ئاسمان بۆ خۆشی تۆیە زەمینی کردۆتە یار**

**دەبارێنێ بارانی بە خوڕ بۆ دەشت و نزار**

(گ، ب ٣، ل ١٣٥)

---

[1] - طالب محمد الزوبعي و ناصر الحلاوي، البيان والبديع، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان، ١٩٩٦ص١٩٨.

لە و نیوە دێرە شیعرەدا وشەکانی (ئاسمان) و (زەوی) دوو وشەی خاوەن دوو ڕەگی تایبەت و سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەردووکیان هاوەڵناون، دژیەکی فەرهەنگیان دروست کردووە.

## دوو: دژیەکی نافەرهەنگی

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی دژیەك: ((بریتییە: لە وەی کە دوو وشەکە بە نەفی، یان نەهی بووبن بە دژ، واتە یەك وشە بێ، پاشان نەفی یان نەهی کرا بێت)).([1])

بەو مانایەی ئەو دوو وشەی کە هەیە لە بنچینەدا دژبەیەك نین و یەك وشەن، بەڵام بە هۆی ئامرازە نەرێکانەوە کرابن بە دژیەکی یەکتری وەك: (خۆش – ناخۆش، هەبوون - نەبوون، هۆشدارە - بێ هۆش.....هتد).

بەو پێیە دەتوانین بڵێین دژیەکی نافەرهەنگی: بریتییە لە دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەك، کە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشە و بنجێکی ڕەسەن و سەربەخۆی نییە، بەڵکو هەردووکیان لە بنچینەدا هەر یەك ڕیشە و ڕەگیان هەیە، بەڵام وشەی دووەم لەسەر بنەمای دژایەتی بۆ وشەی یەکەم دروست دەبێت، بەواتا: وشەی دووەم هەمیشە دەبێتە نەرێی وشەی یەکەم. لە زمانی کوردی بە ئامرازە نەرێییەکانی (نە، نا، بێ، مە) نەرێ دەکرێن.

بەڵام لێرەدا ئەو نمونە شیعرییانەی دەکەونە ژێر سایەی ئەم هونەرەوە لە بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە تەنها بە ئامرازە نەرێییەکانی(نە، بێ) نەرێکراون و بووون بە دژیەکی نافەرهەنگی، وەک ئەو نمونانەی خوارەوە:

**خەراباتێکە بێ بوونی ئەوینێك**

**ئەم بوونە هاودەمی بوون و نەبوونە**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٢)

---

[1] - ئومێد عەزیز مستەفا، ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفی یە)، چاپی یەکەم - هەولێر، ٢٠١٤، ل١٩٤.

لێرەدا وشەکانی (بوون) و (نەبوون) دژیەکی نافەرهەنگین، لەبەرئەوەی دووەم لەسەر بنەمای یەکەم بووەتە نەرێ بە هۆی ئامرازی نەرێی(نە) و پێچەوانەی هەردوو وشەش لە بنچینەدا هەر یەك ڕیشە و ڕەگیان هەیە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکیان بنچینێکی سەربەخۆی نییە، بەمەش دژیەکی نافەرهەنگی بەرهەم هاتووە.

**چەند داری بەرداری بەرزت کردە هاودەمی**

**نەمامی بێ بەری نەونەمای جوان.**

(گ، ب٣، ل٥)

لەم دوو نیوە دێڕەی سەرەوە وشەکانی (بەردار) و (بێ بەر) دژیەکی نافەرهەنگین، بە هۆی ئامرازی نەرێی(بێ)، واتە: دووەم لەسەر بنەمای یەکەم بووەتە نەرێ و لە بنچینەدا هەردووکیان یەك ڕیشە و ڕەگیان هەیە هەربۆیە دژیەکی نافەرهەنگییان دروست کردووە.

### سێ: دژیەکی وێنەی پەرت

ئەم جۆرەیان بریتییە لە هاتنی دژیەکی فەرهەنگی و نافەرهەنگی بە یەکەوە لەناو بەرهەمە شیعرییەکە.

جاری واش هەیە لە دژیەکی نافەرهەنگی وشە نەرێییەکە پێش ئەرێییەکە دەکەوێت، وەک:

**ورد و درشت... بێ نان نان دار**

**بێ پا ... پادار**

**سەرمەست بەد هۆش و ئاگادار**

(گ، ب٣،

ل٩٨)

لێرەدا شاعیر هەردوو هونەرەکەی بەیەکەوە بەکارهێناوە، لە نیوە دێڕی یەکەم وشەکانی (ورد) و (درشت) لە نیوە دێڕی یەکەم و وشەکانی (سەرمەست و بەدهۆش) و (ئاگادار) لە نیوە دێڕی سێیەم دژیەکی فەرهەنگین، هەریەکەیان ڕەگ و ڕیشە و بنچینەیەکی سەربەخۆیان هەیە و لە بنچینەدا دژ بە یەکن،

هەر بۆیە دژیەکی فەرهەنگی دروست بووە، بەڵام وشەکانی (بێ نان) و (نان دار) لە نیوە دێری یەکەم و (بێ پا) و (پادار) لە نیوە دێری دووەم دژیەکی نافەرهەنگین، لەبەرئەوەی لە بنچینەدا خاوەن یەک ڕەگ و ڕیشەن کە دووەم لەسەر بنەمای یەکەم بووەتە ئەرێی پێچەوانەیی، بەمەش دژیەکی نافەرهەنگی دروست بووە.

**جۆرەکانی دژیەک بە پێی بوونی ڕێزمانی دوو وشە دژ یەکەکان:**

**١- دژیەکی ناوی:** بریتییە لەو دژیەکەی کە ئەو دوو وشەیەی دەبنە دژیەکەکە دەبێت ناوبن:

**زەمەن بووە بە دەریایەک و**

**کاتە مردووەکانی بە کۆڵی شەپۆلە زیندووەکاندا**

**ڕووەو کەنار ئەگواستەوە**

(گ، ب ١، ل٤٨)

لەم سێ نیوە دێرەی سەرەوە دا هەردوو وشەی (مردوو) و (زیندوو) دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی فەرهەنگین لە ناو.

**پیرەمێردی ڕدێن سپی و سینە ساف و**

**پیرەژنی بەرماڵ لە پشت**

**کوڕانی شاخ .. کچانی دەشت**

(گ، ب ٢، ل ٢٠٠)

لەم سێ نیوە دێرەی سەرەوە دا وشەکانی (پیرەمێرد) و (پیرەژن) و (کوڕ) و (کچ) ناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکیفەرهەنگی ناوییان بەرهەم هێناوە.

**سەرسام حەیران نەیانزانی..**

**نێچیری شەوی ڕابردوو**

**ئاسمان هەڵیکێشا بۆخۆی یا بووە میوانی زەوی..**

(گ، ب٣، ل١٠٢)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (ئاسمان) و (زەوی) دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی فەرهەنگی ناو دروست بووە.

٢- **دژیەکی هاوەڵناوی:** بریتییە لەو دژیەکەی کە دوو وشە دژیەکەکە هاوەڵناو بن:

**کە بە پەنجەی عەدەمیەتی ویژدان**

**لەگەڵ تاڵیدا تێکدراون؟!**

**لەیەک کاتدا، گەورە دەبین و**

**بچوکیش دەبینەوە...**

(گ، ب١، ل٦٦)

لێرەدا وشەکانی (گەورە) و (بچوک) دوو هاوەڵناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی هاوەڵناوی فەرهەنگییان دروست کردووە.

**سەفەری ڕووبارێک**

**کە زوو دێت و درەنگیش تێدەپەڕێت**

(گ، ب٢، ل٣٢)

لێرەدا وشەکانی (زوو) و (درەنگ) دوو هاوەڵناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی هاوەڵناوی فەرهەنگییان دروست کردووە.

لە هەمان نیوە دێریش وشەکانی (دێت) و (دەچێت) دوو کاری دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا ڕیشەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژیەکی فەرهەنگین لە کار.

**گەرچی بێ نازە ئەمێستا ناو و ڕێت**

**دەبمە قەڵغان چەند دوورم نزیکم لێت**

(گ، ب ٣، ل ١٦١)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (دوور) و (نزیک) دوو هاوەڵناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا ڕیشەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژیەکی فەرهەنگین لە هاوەڵناو.

**٣- دژیەکی کرداری:** بریتییە لەو دژیەکەی کە دوو وشە دژیەکەکە کار بن:

**لە ترسی بەدری بێ چوونت هیلالیش ڕۆیشت و هەڵهات**

**کە دەرکەوتی وەها دەرکەوت ئەبێت بڕواو نەهاتی هات**

(گ، ب ١، ل ٣٢٢)

لێرەدا وشەکانی (نەهات) و (هات) دژیەکی نافەرهەنگین، بەڵام لێرەدا نەرێیەکە پێش ئەرێیەکە هاتووە، کەواتە دووەم لەسەر بنەمای یەکەم بووەتە ئەرێ و لە بنچینەدا هەردووکیان یەك ڕیشە و ڕەگیان هەیە و کارن، هەر بۆیە دژیەکی نافەرهەنگی کار دروست بووە.

**بە بێ وادە کە دێت و جێم دەهێڵێت**

**شەرابی دەردی غوربەت من دەچێژم**

(گ، ب ٢، ل ٢٢٠)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (دێت) و (جێم دەهێڵێت) دوو کاری دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا ڕیشەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژیەکی فەرهەنگین لە کار.

**یاڵی غەرقی کۆڕی حاڵ بێ وەک شۆڕە بی دێ و دەچێ**

**چاوی مەستی شەوی تار بێ ئەو نەزەڕەی پێ دەشێ**

(گ، ب ٢،

ل ٢٢٣)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (دێ) و (دەچێ) دوو کاری دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا ڕیشەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژیەکی فەرهەنگین لە کار.

**شیعر ئێستا**

**وەک دوعا و نوێژ و بارانە**

**بیکەی نەیکەی هەر ناباری**

**گەر بشباری**

**هێندە نابێ بێتە خواری**

(گ، ب ٣، ل ٨١)

لەم پارچەی سەرەوە وشەکانی (بیکەی) و (نەیکەی) دوو کاری دژیەکن، لە فەرهەنگ دا یەک ڕەگ و ڕیشەیان هەیە، بۆیە دژیەکی نافەرهەنگی کار بەرهەم هاتووە.

**٤- دژیەکی هاوەڵکاری:** بریتییە لەو دژیەکەی کە دوو وشە دژیەکەکە هاوەڵکار بن:

**تۆ هەناسەی بەربەیان و قامەتی شیعرێکی بەرزی**

**حەشمەتی مەغریبی تەڕو ویقاری بەفرێکی نەرمی**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٩)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (بەربەیان) و (مەغریب) دوو هاوەڵکاری دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی فەرهەنگین لە هاوەڵکار.

**نمونە:**

**ئەوەی دوێنێ لەسەر عەرشی جاویدانی پێدەکەنی**

**وا دەبینن ئەمڕۆ لە ژێر پێی گەلدایە وێنەکانی**

(گ، ب ٢، ل ١٧٩)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (لەسەر) و (لەژێر) دوو هاوەڵکاری دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی فەرهەنگی هاوەڵکار بەرهەم هاتووە.

**ئەم لە پێش و ئەو لە دوایە**

**مەپرسن بۆ؟؟**

**ئەو پادار و ئەم بێ پایە**

(گ، ب ٣، ل ٨٤)

لێرەدا هەردوو وشەکانی (لەپێش) و (لەدوا) دوو هاوەڵکاری دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیش دا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی فەرهەنگی هاوەڵکار بەرهەم هاتووە.

لە هەمان نیوە دێردا وشەکانی (ئەم) و (ئەو) یش جێناون دژی یەکن، چونکە (ئەم) بۆ (نزیک) و (ئەو) بۆ (دوور) بەکاردێت، بەمشێوەیە جۆرێکی تر لە دژیەک دروست بووە.

بەپێی ئەو ئامارەی کردومانە بۆ هونەری (دژیەک)، لە هەر سێ بەرگ بە هەمەوو جۆرەکانییەوە (١٥٧) جار بەدیکراوە، لە بەرگی یەکەم (٦٣) جار، بەرگی دووەم (٢٤) جار، بەرگی سێیەم (٧٠) جار.

هونەری دژیەک لە ڕووی فەرهەنگی و نافەرهەنگیشەوە ئامارمانکردووە، دژیەکی فەرهەنگی لە بەرگی یەکەم (٦١) جار، نافەرهەنگی (٢) جار، دژیەکی

فەرهەنگی لە بەرگی دووەم (٢٤) جار، هیچ جارێک نافەرهەنگی تێدا بەدینەکراوە، دژیەکی فەرهەنگی لە بەرگی سێیەم (٥٥) جار، نافەرهەنگی (١٥) جار.

لە ڕووی جۆرەکانی تریشەوە:

لە بەرگی یەکەم: جۆرەکانی دژیەکی: هاوەڵناوی (٢٣) جار، ناوی (٢٨) جار، کرداری (٦) جار، هاوەڵکاری (٦) جار، لە دژیەکی ناویدا (١٢) جار (شەو) و (ڕۆژ) و (١١) جار (ژیان) و (مردن) بەدیکراوە.

لە بەرگی دووەم: جۆرەکانی دژیەکی: هاوەڵناوی (٦) جار، ناوی (٧) جار، کرداری (٩) جار، هاوەڵکاری (٢) جار لە دژیەکی ناویدا (٢) جار (شەو) و (ڕۆژ) بەدیکراوە، هیچ جار (ژیان) و (مردن) بەدینەکراوە.

لە بەرگی سێیەم: جۆرەکانی دژیەکی: هاوەڵناوی (٢٠) جار، ناوی (٢٧) جار، کرداری (٢٢) جار، هاوەڵکاری (١) جار لە دژیەکی ناویدا (١٣) جار (شەو) و (ڕۆژ) و (٤) جار (ژیان) و (مردن) بەدیکراوە.

## چوارەم: ڕوونکردنەوە

هونەرێکی تری جوانکاری (واتایی)ە، لە پێناسەیەکدا هاتووە: ((تەفسیر واتە: ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردن.. هەروەها واتە: ڕوونگوتن دوای نادیاری)).[1] واتە: ڕوونکردنەوەی شتێک کە پێشتر بە نادیاری باسی لێوە کراوە.

توێژەرێک لەو بارەیەوە دەڵێت: (((ڕاڤە، التفسير) ئەوەیە کە شاعیر لە دێرە شیعرێکدا، ناوی شتێک، یان چەند شتێک بهێنێتەوە و دوایش ئەو شتە یان ئەو شتانە، لە هەمان دێر ڕوون بکاتەوە و دەربارەیان بدوێ)).[2] واتە: ڕوونکردنەوەی هەمان ئەو نادیارییەی کە شاعیر خۆی لە بەرهەمەکەی هێناویەتییەوە.

---

[1] - أحمد مطلوب، معجم المصطلحات البلاغية وتطورها، الدار العربية للموسوعات، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، بيروت - لبنان، ٢٠٠٦، ص٣١٤.

[2] - عەبدولسەلام سالارعەبدولڕەحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی) دا، ل١٩٦

ڕوونتر بڵێین: بە مانای ڕوونکردنەوە دێت، شاعیر بەکاری دەهێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شتەی کە خۆی مەبەستییەتی لەناو بەرهەمەکەی خۆی، بەو جۆرەی شاعیر لەناودێرێک، یان چەند نیوە دێرێک ئاماژە زیاتر بە وشەیەک، یان چەند وشەیەک دەکات و مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتریەتی بۆ خوێنەر و گوێگر، هەر لە هەمان نیوە دێر یان لە ناو نیوە دێرەکانی دواتر.

ئەم هونەرە هەندێ لە نووسەرەکان دەستەواژەی (ڕوونکردنەوە)یان بۆ بەکارهێناوە، هەندێکیتر دەستەواژەی(ڕاڤە)یان بۆ بەکارهێناوە، بەلای ئێمەوە دەستەواژەی (ڕوونکردنەوە) گونجاوترە، چونکە ئەم دەستەواژەیە بۆ دیارخستنی شتە نادیار و شاراوەکانە، بەڵام دەستەواژەی(ڕاڤە) بۆ شیکردنەوەی شتێکی بەرچاوە.

هونەری ڕوونکردنەوە تەنها لە لایەن نووسەرانی کۆن بەکارنەهاتووە، بەڵکو لە لایەن نووسەرانی نوێش بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار هاتووە، لەو نمونانەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

**کەژ و کێو دونیا سەراپا هەر عەشقی ڕووتە ئێستاکە**

**با ئەوین بتکێ لەم ژینە، ئەوین بەهەشتێکی پاکە**

(گ، ب ١،

ل ٣٦١)

(ئەوین بەهەشتێکی پاکە) ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەو ئەوینەی لە پێش خۆی هاتووە.

**کە هاتیش تەنها ڕۆژێکە تێدەپەڕێت**

**بەڵام چ ڕۆژێك؟؟**

**تولانی هیندەی تەمەنی**

**پیرەدارێکی کەڵەگەت**

(گ، ب ٢،

ل ٣٢)

لێرەدا شاعیر لە نیوە دێری یەکەم باسی تەنها ڕۆژێك دەکات، بەڵام لە نیوە دێری سێیەم ڕۆژێکی ڕوونکردۆتەوە کە بە ئەندازەی درێژی پیرەدارێکە، هەر خۆی وتراوەکەی خۆی ڕوونکردۆتەوە، بەمەش ڕوونکردنەوە دروست بووە.

**محمدە لموستەفا تۆی رابەر و پێشەوا**

**هەر تۆی تەنها پشتەکەی، منی کوردی بێ نەوا**

**مەدینەت کرد منەوەر ئەی ڕابەر و هەم سەروەر**

**شاری دڵم ڕۆشن کە بە فێدات بم پێغەمبەر**

(گ، ب٣،

ل١٤٣) شاعیر لێرەدا دەربڕینەکانی(تۆی رابەر و پێشەوا..هەر تۆی تەنها پشتەکەی، منی کوردی بێ نەوا..مەدینەت کرد منەوەر، ئەی ڕابەر و هەم سەروەر)، بەکارهێناوە، وەک ڕوونکردنەوە بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لەسەر).

**وەلێ بۆ من...**

**پایز تەنها لەحزەیەکە و**

**ئەو لەحزەیەش زەمەنێکە**

**گەلێک لە چوار وەرزەش تولانی تر زەمەنێکە**

(گ، ب٢،

ل٤٣)

شاعیر لە سەرەتادا پایزی بە ئەندازەی خولەکێك وەسف کردووە، بەڵام لە پاشاندا شاعیر ڕوونکردنەوەی داوە کە ئەم خولەکە بە ئەندازەی زەمەنێکە، کە وای نیشانداوە ئەم زەمەنە لە چوار وەرزیش درێژترە، واتە ڕوونکردنەوەی داوە، بەمەش ڕوونکردنەوە دروست بووە.

**مەغریبێکی بێدەنگ بوو دوور لە دیداری**

**بەفرێکی ورد بە ئەسپایی دەباری**

بەم مەغریبە دەبمەوە میوانی ڕێ

دێم و دەچم تک تک ئەتکێمە بەر پێ

(گ،   ب ٢،

ل٢٣٨)

لیرەدا شاعیر لە نیوە دێری یەکەم باسی مەغریبی کردووە، دواتر لە سەرەتای نیوە دێری سێیەم  جارێکی تر باسی مەغریبی کردۆتەوە و ڕوونکردنەوەی لە بارەوە داوە، بەمەش ڕوونکردنەوە بەرهەم هاتووە.

لە هەمان ئەو پارچەیەدا شاعیر لە نیوە دێری چوارەم دوو هونەری بە یەکەوە بەکارهێناوە، لە وشەکانی (دێم و دەچم) هونەری دژیەک و لە وشەکانی (تک تک) هونەری پاتکردنەوەی بەکارهێناوە.

پایز بە ڕەنگی کز و ماتەوە

بۆ کەنار تەمەن ورد ورد ئەوا هات

تەمەن چوون گەڵای زەردی ڕووی خەزان

وا لەبەر پێدا خۆی دەکات خەڵات

پایز بەکزەی سینەی ساردەوە

بە ڕووی بێ شەوقی سست و ماتەوە

هانای بۆ باڵای نەونەمام هێنا

تا خەمی مەرگی لە بیر باتەوە

(گ،   ب ٣،

ل١٤٤)

لیرەدا شاعیر لەو پێنج نیوە دێرە هۆنراوەیە دا لە نیوە دێری یەکەم باسی پایزی کردووە، دوارتر لە سەرەتای نیوە دێری پێنجەمیش جارێکی تر ڕوونکردنەوی دەربارەی داوە، بەمەش هونەری ڕوونکردنەوە بەرهەم هاتووە.

لەگەڵ پایزێکی کاڵدا

**کاڵ وەك هەناسەی بەر بەیانی کانییەکی عاشق**

**کە هێشتا**

**هیچ دەمێك قومێکی لە ماچی**

**نەدابێت**

(گ،   ب ٢،

ل ٢٥)

لە نیوە دێری یەکەمدا باسی لە کاڵی پایز کردووە، لە نیوە دێری دووەم شاعیر وشەی (کاڵ)ی شیکردۆتەوە، واتە: ڕوونیکردۆتەوە کە مەبەستی لە وشەی (کاڵ) چییە.

## پێنجەم: بەرامبەری

هونەرێکی تر لە هونەرە گرینگەکانی جوانکاریی واتایی هونەری(بەرامبەری)یە، هونەری بەرامبەریش وەک هونەرەکانی تر لەلای نووسەر و شارەزایانی بواری ڕوانبێژییەوە پێناسەی بۆ کراوە، وەک ئەم پێناسانەی کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو: لە یەکێک لە پێناسەکان دا هاتووە، بەرامبەری ((بریتییە لەوەی دوو مانای لەگەڵ یەک کۆک (سازێنراو)، یان زیاتر لەوە دەستەبەربکرێن، پاشان مانای وا بهێنرین، کە بە زنجیرە(لە دوی یەک) دژ و پێچوانەی ئەو مانایانە بن کە لە سەرەتا هاتبوون)). ([1]) واتە: ئەو وشانەی لە بەرهەمەکان دەهێنرێنەوە و دەستەبەردەکرێن بەشێک لە وشەکان لە ڕووی ماناوە بە یەکەوە گونجاو بن، بەشەکەیتری وشەکان لە ڕووی ماناوە دژ و پێچەوانەی یەکتری بن.

لە دوو پێناسەی زۆر نزیک لەو پێناسەیەی سەرەوە دا هاتووە: بەرامبەری ((بریتییە لە دوو واتاوی بە یەکەوە گونجاو، یان زیاتر بێنی، لە پاشان ئەوە

---

[1]- محمد التونجي، المعجم المفصل في الأدب، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ١٩٩٩، ص ٨١٤.

بێنی کە لە بەرامبەر هەریەکە لەو واتایانەی پێشوو واتایەکی پێچەوانەیی هەیە)).([1])

لەم پێناسەیەشدا وتراوە بەرامبەری((بریتییە لەوەی سەرەتا دوو شت یان زیاتر بێنی، کە پێکەوە گونجاو بن، لە پاش ئەوە بۆ هەر یەکە لەوانەی پێشوو، دژ یەکێک بێنی)).([2])

واتە: هێنانی دوو وشە یان زیاتر کە گونجاو بن لە ڕووی ماناوە، دواتر هێنانی وشەی دژ و پێچەوانە بۆ هەر یەک لەوانەی پێشوو.

لە پێناسەیەکی تاڕادەیەک جیا لەوانەی سەرەوە بۆ هونەری بەرامبەری کراوە تێیدا هاتووە، بەرامبەری: ((بریتییە: لە هێنانی چەند وشەیەك بە دوای یەكدا ئینجا هێنانی دژەكانیان، بەرامبەری وەك دژیەك وایە، بەڵام جۆرە دژیەكێكی تایبەتە، چونكە لە دژیەكدا تەنیا یەك وشە دێت و ئینجا دژەكەی بە دوادا دەهێنرێت، بەڵام لە بەرامبەریدا لە پێشەوە چەند وشەیەك بە دوای یەكدا دێن، ئینجا یەكە یەكە بە ڕێكی دژەكانیان بەدوادا دەهێنریت)).([3])

لەم پێناسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێناسەکان تا ڕادەیەک لەیەکترییەوە نزیکن، بەپێی تێگەیشتن لەو هونەرە، گەیشتینە ئەوەی (بەرامبەری) بریتییە: لە هێنانی دوو وشە، یان زیاتر کە پەیوەندیداربن لە گەڵ یەکتری لە ڕووی ماناوە، دواتریش هێنانی چەند وشەیەک بە ئەندازەی وشەکانی پێش خۆی پەیوەندی واتاییان هەبێت لەگەڵ یەکتری، بەڵام دژ و پێچەوانەی وشەکانی پێشووتر بن.

**نمونە:**

**گەر تۆ بڕۆی من بەبێ تۆ ئەمێنمەوە**

**من بەبێ تۆ وەک شەوی کورت ئەتوێمەوە**

---

[1] - علي سلوم، بلاغة العرب، دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤، ص٢٣٧.

[2] - بن عيسى بن طاهر، البلاغة العربية مقدمات وتطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، ليبيا، ٢٠٠٨، ص٣٤٤.

[3] - پەخشان عەلی، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج - سلیمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٦.

(گ،        ب١،

ل٣٠٦)                    لە سەرەتا (تۆ) و (برۆ)ی هاتوون، لە دواییان (من) و (ئەمێنمەوە) هاتوون.. پەیوەندی نێوان (من) و (تۆ) دژیەکی و پەیوەندی نێوان (برۆ) و (ئەمێنمەوە) دژیەکییە، بەمەش هونەری (بەرامبەری) دروست بووە.

**من سەر خەوێک ئەشکێنم**

**تۆش ئەشک بگرە**

**خوا مرۆڤی بێئاگای خۆش ناوێت...**

(گ، ب١،
ل٢٨٠)

لە سەرەتا (من) و (سەر خەو شکاندن) هاتووە، دوابەدوای ئەوە (تۆ) و (ئەشکگرتن) هاتوون.. (تۆ) لە بەرامبەر (من) پەیوەندییان (دژیەکی)یە.. (ئەشکگرتن) لە بەرامبەر(سەرخەو شکاندن) پەیوەندی نێوانیان (دژیەکی)یە.. بەمەش هونەری (بەرامبەری) دروست بووە.

**بەم وەستانە**

**ئەدەیتە پڕمەی گریان و قاقای پێکەنینێکی**

**شێت**

(گ،   ب١،

ل١١٤)

لێرەدا دەبینین لە نیوە دێری دووەم وشەکەنی (پڕمە و گریان) هاتوون دوو ووشەن پەیوەندی واتایی لەنێوانیان دا هەیە، ئینجا لە کۆتایی هەمان نیوە دێر وەک بەرامبەری وشەکانی پێشوو هەردوو دوو وشەی (قاقا و پێکەنین) هاتوون بە هەمان شێوە پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا هەیە و پەیوەندی نێوانیان دژیەکییە، بەمەش بەرامبەری دروست بووە.

## شەشەم: پێچ و پەخشە

ئەم هونەرە یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، کە ((بریتییە لە هێنانی چەند شتێک، بە درێژی، یان بە کورتی، لە پاشان هێنانی شت بۆ هەر یەک لە شتەکانی سەرەتا، بەبێ دیاریکردن، چونکە دڵنیایی هەیە، کە گوێگر دەتوانێ، شتەکانی دووەم بۆ هاوپەیوەندەکانیان لە بەشی یەکەم بگەڕێنێتەوە)).([1]) واتە: هێنانی چەند شتێک و دواتر بەڕیز هێنانی شت گەلێکی تر کە بە ئەندازەی ژمارەی شتەکانی سەرەتابن، هەر بەشێکیشیان لەگەڵ بەشەکیتر. هاوپەیوەندیین.

نزیک لەو پێناسەی سەرەوە لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: پێچ و پەخشە: ((ئەوەیە ئینسان بەیانی چەند شتێک بکاو پاشان بەیانی ئەو صافی ئەو شتانە بکا بە ڕیز، یەکەم بۆ یەکەم و دووەم بۆ دووەم و هەروا تا ئاخیری هەموویان)).([2]) بەمشێوە هێنانی شتەکان بەڕیز یەکەم بۆیەکەم دووەم بۆ دووەم، تا کۆتایی وشەکان.

یەکێکی تر لەو پێناسانەی بۆ ئەو هونەرە کراوە، دەڵێت: پێچ و پەخشە: ((بریتییە لەوەی شاعیر لە سەرەتاوە چەند شتێک بێنێ، لە دوای ئەوە چەند شتێکی تر بێنێ، هەر یەکەی گونجاو بێ بۆیەکێکی پێش خۆی، بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ کردبێ)).([3]) لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین(پێچ و پەخشە): بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی (بۆیەک پێویست) لە نێوان بەشێکی وشەکانی ناو بەرهەمەکە و هەبوونی پەیوەندی (دژیەکی) لە نێوان بەشێکی تری وشەکانی ناو بەرهەمەکە. ئەمەش دەوەستێتە سەر زیرەکی و لێهاتووی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم هونەرە، ئەم هونەرەش

---

[1] - اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، الطبعة الثانية، دارالأندلس، للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت - لبنان، ١٩٨١، ص٣٦٦.

[2] - مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع وعەرووزی نامی، ل١٦.

[3] - بولس عوا الخوري، العقد البديع في فن البديع، الطبعة الأولى، دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت - لبنان، ٢٠٠٠، ص٨٩.

لێوردبوونەوەی خوێنەر و گوێگر و توێژینەوانی دەوێ بۆ تێگەتستن و درک پێکردن.

**خودایە گەورەییت بەسمە بچووکیم نەکا فەرامۆش**

**دڵی گچکەم دەکا زیکرت هەموو گەردوون دێنێتە جۆش...**

(گ، ب ١،

ل ٣١٦)

لە سەرەتای دێرەکە (خودا) و (گەورەیی خودا) هاتوون، لەپاشان (بچووکی) و (من) هاتوون، پەیوەندی نێوان(خودا) و (من) پەیوەندی خالقی و مەخلوقییە.. پەیوەندی نێوان(گەورەیی) و (بچووکی) پەیوەندی دژیەکییە .. بەم شێوە هونەری (پێچ و پەخشە) بەرهەم هاتووە.

**شەو داهات و**

**مانگیش نەهات..**

(گ،

ب ١، ل ١٤)

سەرەتا(شەو) و (داهات) هێنراونەتەوە، دواتر (مانگ) و (نەهات) هێنراون، مانگ لە بەرامبەر شەو، پەیوەندی نێوانیان (بۆ یەک پێویستی)یە، (نەهات) لە بەرامبەر (داهات)، پەیوەندی نێوانیان (دژیەکی)یە، بەمەش هونەری (پێچ و پەخشە) دروست بووە.

**مامۆستاکەم**

**بە سەربەرزی بیر و بڕوات**

**ئەو ساتە هات گەڕایتەوە**

**دەستی سپیت خستە دەستی ڕەشیانەوە...**

(گ،

ب ١، ل ٤٠)

لێرەدا (دەست) و (سپی) هێنراونەتەوە، دواتر (دەست) و (ڕەش) هێنراون، (دەست) لە بەرامبەر (دەست)، پەیوەندی نێوانیان (بۆ یەک پێویستی)یە، (سپی) لە بەرامبەر (ڕەش)، پەیوەندی نێوانیان (دژیەکی)یە، بەمەش هونەری (پێچ و پەخشە) دروست بووە.

**شۆستەکانیان کردە دۆشک و**

**ئاسمانیان کردە لێفەیەک**

(گ، ب ١،

ل ٥٩)

لە نیوە دێری یەکەم وشەکانی (شۆستە ) و (دۆشەک) بەرامبەر وشەکانی (ئاسمان) و ( لێفە) لە نیوە دێری دووەمدا هاتووە، وشەکانی (دۆشەک) و (لێفە) تەواوکاری یەکترین و پەیوەندی بۆ یەک پێویستییان لە نێوان دایە، وشەکانی (شۆستە) و (ئاسمان)یش پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی (دژیەکی)یە، بەمجۆرە (پێچ و پەخشە) دروست بووە.

**ژیانەوەی شار و گوند و..**

**ڕۆژ و شەو و.. ئاسمان، زەمین**

(گ، ب ٢، ل ١٨٧)

لێرەدا (شار) و (گوند) هێنراونەتەوە، ، پەیوەندی نێوانیان (بۆ یەک پێویستی)یە، دواتر (ڕۆژ) و (شەو) هێنراون، (ئاسمان) و (زەمین)، پەیوەندی نێوانیان (دژیەکی)یە، بەمەش هونەری (پێچ و پەخشە) دروست بووە.

## جیاوازی نێوان (پێچ و پەخشە ) لەگەڵ (بەرامبەری)

(جیاوازی نێوان (پێچ و پەخشە ) لەگەڵ (بەرامبەری)، بریتییە لەوەی لە هونەری (پێچ و پەخشە ) پەیوەندی لە نێوان وشەکان (دژیەکی) پەیوەندی( بۆ

یەک پێویستیی)ە، بەڵام لە هونەری (بەرامبەری)، ئەو پەیوەندییەی کە هەیە تەنها پەیوەندییەکی دژیەکییە).([1])

## حەوتەم: موشاکەلە

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، موشاکەلە بریتییە: ((لە باسکردنی شتێك بە دەربڕین و وشەی غەیری خۆی، چونکە کەوتۆتە هاوڕێیەتی ئەو، ئینجا بە دروست بێت یان بە نزیککردنەوە واتە خەملاندن بێت)).([2]) واتە: باسکردنی هەر شتێک بە شێوەی ناڕاستەو خۆ بە وشەی غەیری خۆی.

بە کەمێک جیاوازی لەو پیناسەی سەرەوە لە پێناسەیەکی تردا دەربارەی ئەو هونەرە وتراوە: (موشاکەلە) بریتییە: ((لە باسکردنی شتێك، کە مەبەست لێ ی مانا ڕاستەقینەکەی خۆی نەبێت، بەڵکو باسکردنەکە بە شێوەی لێکچوواندن و نزیککردنەوە بێت)).([3])

لەم دوو پێناسەی سەرەوە لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ ئەم نووسەرانە سوودیان لە بۆچوونەکانی یەکتری وەرگرتووە، لەم هونەرەدا لێهاتووی شاعیر دەور دەبینێت بۆ سوود بینین لێی، چونکە کاتێک شاعیر شارەزای ئەم هونەرە نەبێت و لێهاتوو نەبێت ناتوانێ سوود مەندی تەواو بێت لێی:

**لە عەرعەرەوە دێمەوە ..**

**من هەواڵی ئەو دیو عەرعەریشم پێیە**

**(١٨) ساڵە عومەر خاوەر..**

**کۆترێکی سپی سپی پاڵ کەعبە و**

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ل ٩١.

[2] - السيد أحمد الهاشمي، جواهر االبلاغة في المعاني والبيان والبديع، الطبعة الأولى، دار الفقه للطبعة والنشر - لبنان، ٢٠٠٠، ص٣٢٢.

[3] - محى الدين السعدي، البلاغة علم البديع، الطبعة الاولى، دار الخطماء - سوريا - دمشق، ٢٠١٢، ص٤٢.

هەموو ساڵێک

یەکەم کەسە بە دەوری کەعبا دەسوڕێ و

توند توند قوفڵی کەعبە دەگرێ، ،

پێنج هەزار جار

دوعا لە جەنگ و کوشتار و

بەعس و عەلەق و خوێن دەکا

دوعا لە چەک و خەنجەر و

شمشێری ڕەشی حەجاج و

موسەیلەمە و جەهل دەکا..

(گ، ب ٢، ل ١٣٤-١٣٥)

ئەم پارچەی سەرەوە موشاکەلەیە باسی کردەوەی دوژمنانی کورد کە لەگەڵ کردەوەی سەرانی گەورەی قوڕەیشی سەردەمی پێغەمبەری خوا (د.خ) دەکات، لەسەر یەک ڕەوتی هێناون، واتە لە هاوەڵێتی یەکدان لە ئەنجامدانی تاوان، شاعیر بە یەک کردەوەی پێچاون، ئەگەرچی شێواز و ڕەوشتەکانیان لە یەک جیاوازبووە.

ئامۆزاکانی ئومەییە و

خێڵە خوار و خێچەکەی ئەبو جەهلیش

ترس لە بوونیان نیشتووە

سەر شێتانە وا خەریکە

هەموو ئەو بتانە دەخۆن سەر دەمانێک

بۆ چەوساندنەوەی میللەتیان

هەر بە دەستی ڕەشی خۆیان

لە خورما دروستیان کردبوون...

(گ، ب۳،

ل۱۲۰)

ئەم شیعرە موشاکەلەی کردەوەی سەرانی گەورەی ئەو ڕۆژگارەیە، کە لەگەڵ کردەوەی سەرانی گەورەی قورەیشی سەردەمی پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لەسەر) لەسەر یەک ڕەوتی هێناون، بە یەک کردەوەی پێچاون، ئەگەرچی شێواز و ڕەوشتەکانیان لە یەک جیایە.

### هەشتەم: جوانی بایس

جۆرێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی (جوانی بایس)ە، شارەزایان پێناسەی ئەم هونەرەیان کردووە، بەلام لێکچوونی زۆر لە پێناسەکانیان دا هەیە، زۆری ڕاکانیان دەچێتەوە سەر هەمان شت لەبارەی ئەم هونەرەوە، وەک ئەم پێناسانەی خوارەوە، (جوانی بایس): بریتییە لەوەی ((کە داوای سەبارەت بە عیللەتێکی موناسب بکرێ و وەصفی - خاسە - شتێک، کە خاسەوێژییە لە ڕاستیدا خاسەوێژی شتەکە نەبێ، واتە غەیر حقیقی بێ، بەلام ئەم داواکردنە کە ئەکرێ، بە شێوەیەکی جوان - لەتیف - بێت. ئەم ئیشەش بۆ ئەوەیە، کە بەلاغەت و جوانییەکی تر بدا بە هۆنراوە یا ڕستە)).([1])

بە واتایەکی تر جوانی بایس: ((بریتییە لە وەی بۆ باسی شتێک پاساوێکی جوان بهێنرێت، ئەو پاساوە هەقیقی نەبێ)).([2])

لە پێناسەیەکیتردا وتراوە: ((بریتییە لەوەی بۆ وەسفی شتێک پاساوێکی گونجاو بێنێ، ئەمە لەبەر ناسکی و جوانی بێ، نەک لە بەر ئەوەی پاساوی هەقیقی و ڕاستەقینەکە بێ)).([3]) واتە: هێنانی پاساوێکی شیاو لەبەر ئەوە نا

---

[1] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردیدا و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی مەعاریف - بەغداد، ۱۹٦۸، ل۱۰٤.

[2] - عیسى علي العاكوب، المفصل في علوم البلاغة العربية، الطبعة الأولى، دار القلم للنشر والتوزيع والأعلان، الأمارات، ۱۹۹۹، ص٥۹٤.

[3] - سعدالدين مسعود بن التفتازاني، المطول شرح تلخيص المفتاح، الطبعة الأولى، دار أحيا، التراث العربي، بيروت - لبنان، ۲۰۰٤، ص۷۹.

که ڕاستەقینە بێت، بەڵکو تەنها لەبەر ناسکی جوانی پاساوەکە بێت. وەک ئەوەی هۆیە ڕاستەقینەکە بەلاوە نرابێت بۆ باسکردنی ئەو دیاردە و بابەتانەی کە شاعیر مەبەستییەتی باسی لێوە بکات. لەو پێناسەیەدا ڕوونتر وتراوە، جوانی بایس: ((بریتییە لەوەی کە نووسەر قسە یان باس لە دیاردەیەك دەکات، کە دیاردەکە هۆی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، بەڵام هونەرمەند بە پێی بیرمەندانەی خۆی بە شێوەیەك هۆیە ڕاستەقینەکەی بەلاوە دەنێ، هۆیەکی تری بۆ دەدۆزێتەوە کە بگونجێ لەگەڵ ئەو شتەی کە مەبەستیەتی)).[1]

لەم پێناسانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە (جوانی بایس) : بریتییە لەوەی بەکاردێت بۆ زیاتر جوانکردن و سەرنجڕاکێش کردنی بابەتەکە، لە کاتاتێک دا بابەتەکە هۆیەکی ڕاستەقینە خۆی هەیە بۆی دەربڕینی، بەڵام شاعیر بە لێهاتووی و هەست و سۆزی خۆی هۆیەکی تر بۆ دەربڕینی بابەتەکە دیاری دەکات.

واتە: هەر خەیاڵی شاعیرانە ئەو شتەی کردۆتە هۆی دروستبوونی شتەکە، نەوەک لە هەقیقەتدا پاساوی ڕاستەقینە هەر ئەوە بێت.

**لە گوڵێکی قەراغ گۆمێکی مەنگ دەچوو**

**بە ترسەوە ڕوابێت و بە عەزرەتەوە ژیابێت..**

(گ،

ب٣، ل٥٦)

لێرەدا شاعیر هونەری جوانی بایسی بەکار هیناوە، ئەوە خەیاڵی شاعیرانەیە، ئەگینا گوڵی ڕاستەقینەی قەراغ گۆم ناترسێت، بەمەش ( جوانی بایس) دروست بووە.

---

[1] - بسيوني عبدالفتاح فيود، علم البديع، دراسة تأريخية و فنية لأصول البلاغة ومسائل البديع، الطبعة الثالثة، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠١٠، ص٢٤٣.

## نۆیەم: کۆکردنەوە

هونەری (کۆکردنەوە) هونەرێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، نووسەرانی کۆن و نوێ بەکاریان هێناوە و پێناسەیان بۆ کردووە، شاعیرانی کوردیش بێبەش نەبوون لە بەکارهێنانی ئەم هونەرە و سوودیان لێ بینیوە، لای نووسەرانی عەرەبیش بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار هێنراوە و باسی لێوەکراوە، نووسەرێکی عەرەب لەو بارەیەوە دەڵێت: کۆکردنەوە ((بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت لە واتادا)). ([1]) واتە: لە دێرێک یان کۆپلەیەک دا زیاتر لە شتێک کۆ بکرێتەوە، بەم شێوەیەی کە (( کۆکردنەوە وا دەبێ، کە کۆمەڵە شتێک پێکەوە کۆبکەیتەوە و هەموویان بخەیتە ژێر فەرمانی حوکمێکەوە و یەک فەرمانیان بەسەر دا ببرێ)).([2]) واتە: کۆکراوەکان لە ژێر یەک فەرمان دا بن.

لەم پێناسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کۆکردنەوە لە نێوان دوو شتیش دا دەبێت، واتە لە یەک شت زیاتر بێت ئەوا کۆکردنەوەیە، مەرج نییە ژمارەیەکی زۆر شت بێت، ڕوونتر بڵێین هەر شتێک لە یەک دانە زیاتر بە سەر یەکەوە بێت و لە ژێر فەرمانێک دابێت پێی دەڵێن کۆکردنەوە.

شاعیر ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، هونەری کۆکردنەوەش چەند جۆری هەیە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

١- **کۆکردنەوەی ناو:** بریتییە لە کۆکردنەوەی زیاتر لە ناوێک لە چەند نیوە دێرە شیعرێک دا لە ژێر یەک فەرمان:

**کاتێک ئەنفالی خاکیان کردین**

**دایک و باوک و برا و باڵی مەحەبەتی منیشیان برد**

(گ، ب ١، ل ١٦١)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە نیوە دێری دووەم ناوەکانی (دایک و باوک و برا و باڵی)ی کۆکردۆتەوە، بەمەش کۆکردنەوە ی ناو بەرهەم هاتووە.

---

[1] - احمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة البيان والمعاني والبديع، ص٢٨.
[2] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم(جوانکاری)، ل ١٠٧.

**تۆ پێم بڵێ شیعر و عەشق و خۆشەویستی**

**خۆیان ترسیان لەگەڵدایە**

**یاخود بۆخۆم**

**شاعیرێک و عاشقێکی ترسنۆکم؟!**

(گ، ب.٢،

ل.٢٥٨)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە نیوە دێری یەکەم ناوەکانی (شیعر و عەشق و خۆشەویستی) لە نیوە دێری چوارەم ناوەکانی (شاعیر و عاشق)ی کۆکردۆتەوە، بەمەش کۆکردنەوە ی ناو بەرهەم هاتووە.

**بەسمە گەر تەنها تۆم هەبێ**

**حەبیب و ڕەسول و نەبی**

**تا بێکەس و بێ ناز نەبی**

**فیداکە ئومی وەئەبی....**

**حەبیب و ڕەسول و نەبی...**

(گ، ب٣،

ل١٢٨-١٢٩)

لێرەدا(حەبیب و ڕەسول و نەبی)ی کۆکردنەوەی سێ ناوە بۆ ڕەسوڵوڵڵا (دروسو سڵاوی خوای لێبێ).

**گەر توانیتان بڕەنجێنن، بەفر و چیا نمە و خاک**

**گەر توانیتان بدرکێنن، ڕاز و نیازی عەشقی پاک**

(گ، ب٣،

ل١٢٣)

لێرەدا شاعیر لە نیوە دێری یەکەم ناوەکانی (بەفر و چیا و نمە و خاک)ی کۆکردۆتەوە، بەمجۆرە کۆکردنەوە دروست بووە.

**دار و دیوار**

**گوڵ  و بەهار**

**کانی و خاك و هیوا و چنار**

**مەلا و مزگەوت و قورئان و**

**کتێب و مەکتەب و مامۆستا و**

**بانگ و صەڵاشیان گشت بردین**

(گ، ب ٣،

ل١٥٤)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە هەموو نیوە دێرەکان ناوەکانی (دار و دیوار و گوڵ و بەهار و کانی و خاک و هیوا و چنار و مەلا و مزگەوت و قورئان و کتیب و مەکتەب و مامۆستا و بانگ و صەلا)ی، کۆکردۆتەوە، بەمەش کۆکردنەوەی ناو بەرهەم هاتووە.

دەبینین زۆر جار لە شیعری کلاسیک کۆکردنەوە لە سنوری دێرێک تێپەری نەکردووە، بەڵام لە شیعری نوێدا لەم سنوورە تێپەڕی کردووە و کۆکردنەوە لە چەندین نیوە دێرە بەرجەستە دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە شیعری نوێش هەرچەندە بە شێوەی ئازاد نووسرابێ  بێبەش نییە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

**٢- کۆکردنەوەی هاوەڵناو:** واتە کۆکردنەوەی زیاتر لە هاوەڵناوێک لە دێرە شیعرێک دا لە ژێر یەک فەرمان:

**تەم و بێ دەنگی و تاریکی میوانی شەون**

**ناز و هەنسك و شینایی ئەلبومی یادگاری ئەون**

(گ، ب ١،

ل٢٩٨)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە نیوە دێری یەکەم هاوەڵناوەکانی (تەم و بێ دەنگی و تاریکی) لە نیوە دێری دووەم هاوەڵناوەکانی (ناز و هەنسک و

شینای)ی کۆکردۆتەوە لە ژێر فەرمانی یەک شت دا، بەمەش کۆکردنەوەی هاوەڵناو دروست بووە.

**ئێوە نەبوون ئەو وەختانەی**

**زوحا سێبەرێکی کاڵ بوو**

**سست و لاواز و باریک بوو..**

(گ، ب٢، ل٨٥)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە نیوە دێری سێیەم هاوەڵناوەکانی (سست و لاواز و باریک)ی کۆکردۆتەوە لە ژێر فەرمانی یەک شت دا، بەمەش کۆکردنەوەی هاوەڵناو دروست بووە.

**شیعر ئێستا**

**لە گۆرانی کوردی دە چێت**

**هەر هەمووی خەم و گریان و هەڵپەڕکێیە**

(گ، ب٣، ل٨٣)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە نیوە دێری سێیەم هاوەڵناوەکانی (خەم و گریان و هەڵپەڕکێ)ی کۆکردۆتەوە لە ژێر فەرمانی یەک شت دا، بەمەش کۆکردنەوەی هاوەڵناو دروست بووە.

**٣- کۆکردنەوەی هاوەڵکار:** واتە کۆکردنەوەی زیاتر لە هاوەڵکارێکی شوێنی لە دێرە شیعرێک دا لە ژێر یەک فەرمان:

**ئێستا**

**پیاسەکانی تووی مەلیک و**

**سێبەری سەر حەوزەکانی حاجی حان و**

**دووکەڵی حەمامەکانی شار خۆشترە**

**یاخود پارک و مەلەوانگە و**

**دووکەڵی شەمەندەفەرەکانی غوربەت**

(گ، ب ١، ل ١٥٢)

لەم پارچەی سەرەوە شاعیر ناوەکانی (تووی مەلیک) و (حەوزەکانی حاجی حان) و (حەمامەکانی شار) و (پارک) و (مەلەوانگە)ی کۆکردۆتەوە، بەمەش کۆکردنەوەی هاوەڵکاری بەرهەم هاتووە.

**گەرچی بێ مەئوام ئەمێستا، دڵم لانە و جێیە بۆت**

**وێڵی دەشت و کێو سارام چاوم هەر لە ڕێیە بۆت**

(گ، ب ٢، ل ٤٢)

لێرەدا شاعیر لە نیوە دێری یەکەم هاوەڵکاری (لانە و جێ)ی لە نیوە دێری دووەم هاوەڵکاری (دەشت و کێو و سارا)ی کۆکردۆتەوە، بەمەش کۆکردنەوەی هاوەڵکار بەرهەم هاتووە.

**سات و چرکە..**

**دەقیقە و سەعات، شەو و ڕۆژ**

**مانگ و چوار فەسڵە لەگەڵ ساڵ**

(گ، ب ٣، ل ٦٢)

لێرەدا شاعیر لە هەر سێ نیوە دێرەکە هاوەڵکاری (سات و چرکە و دەقیقە و سەعات و شەو و ڕۆژ و مانگ و چوار فەسڵە و ساڵ)ی کۆکردۆتەوە، بەمەش کۆکردنەوەی هاوەڵکار بەرهەم هاتووە.

ئەم هونەرە لە هەر سێ بەرگدا (٢٨٣) جار بەدیکراوە، لە بەرگی یەکەم (٦٥) جار، بەرگی دووەم (٧٧) جار، بەرگی سێیەم (١٤١) جار.

## دەیەم: لێککردنەوە

جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاری (واتایی)ە، لێککردنەوە: ((پێچەوانەی کۆکردنەوە(الجمع)ە، بریتییە لە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان دوو شتدا، لە جۆری پیاهەڵدان، یان هەر جۆرێکی تر)).[1]

لەم هونەرە شاعیر دوو شت دێنێ یەکیان لە یەکیان جیا دەکاتەوە بەهۆی لێهاتووی خۆیەوە. واتە: ((لێککردنەوە ئەوەیە : دوو پرس لەیەک جۆردا لە جیاوازی حوکمەکانیان لێکبکرێنەوە)).[2]

لەم پێناسانەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم هونەرە پێچەوانەی هونەری(کۆکردنەوە)یە، بەو شێوەیەی کە لە کۆکردنەوەدا شتەکان کۆدەکەینەوە، بەڵام لە لێککردنەوە بە پێچەوانەوە شتەکان لێکدەکەینەوە، واتە جیای دەکەینەوە:

**ناڵەی گۆزە و چریکەی ئاو**

**ناڵەی کانی و شینی هەتاو**

(گ، ب ٢،

ل ٢٤٠)

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر (ناڵەی گۆزە و چریکەی ئاو)ی لە (ناڵەی کانی و شینی هەتاو) جیاکردۆتەوە، بەمەش لێککردنەوە دروست بووە.

**لە دایک بوونت پیرۆزە**

**جەژنی خۆشەویستی و سۆزە**

---

[1] - عبدالله الفرهادي، الواعظ احسن الصياغة في حلية البلاغة، مطبعة سلمان الأعظمي - بغداد، ١٩٦٧، ص٦٣.

[2] - طارق علوان، دائرة المعارف في(النحو.الصرف.اللغة. العروض)، الطبعة الثانية، دار الرضوان، - دمشق - سوريا، ٢٠٠٦، ص١٣٩.

**چاو تینوی ئەشک و گریانە**

**دڵ دیلی ترپە و لێدانە...**

(گ،  ب ٣،

ل١٢٨)

لەم پارچەیەدا کارەکانی (چاو) کە (ئەشک و گریانە) و کارەکانی(دڵ) کە (ترپە و لێدانە)، ئەگەر چی لە یەک مرۆڤ دا چەسپاون، بەڵام لێککراونەتەوە، ئەمەش هونەری (لێککردنەوە)یە.

## یازدەم: دابەشکردن

هونەرێکی تری جوانکاری (واتایی)ە، ئەم هونەرە لە لایەن نووسەرانەوە بەکارهێنراوە، نووسەر لە بەرهەمەکەی خۆی ناوی چەند شتێکی بهێنێت و دواتر هەریەکەیانی دابەش بکات چییان کردووە، هونەری دابەشکردن پێناسەی بۆکراوە، کە: ((بریتییە لەوەی قسەکەر مەبەستی شتێک، یان ئەوە بێت، کە لە حوکمی چەند شتێک دایە، دوای ئەوە بە دەستنیشانکردن بۆ هەر یەکە لەوانەی پێشوو، شتێک باسبکەی)).([1]) واتە: شاعیر کاتێک باس لە چەند شتێک دەکات، دواتر بۆ هەریەک لەو شت و بابەتانە بابەتی تر زیاد بکات، بابەتەکانی سەرەتا بەسەر بابەتەکانی دواتر دابەش بکات، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەوەی کە شاعیر مەبەستییەتی، چونکە دابەشکردن: ((ئەوەیە چەند شتێک باسبکرێن، لە پاشان بە دەستنیشانکردن، بۆ هەر یەکەیان شتێک زیاد بکرێت)).([2])

**شاعیر و**

**شیعر و**

**خامەیەک**

---

[1] - محمد عزام، مصطلحات نقدية من التراث الادبي العربي، مكتبة الاسد – دمشق - سوريا، ١٩٩٥، ص١٥١.

[2] - يوسف ابو العدوس، البلاغة والأسلوبية، الطبعة الاولى، ألأهلية للنشر والتوزيع، أردن - عمان، ١٩٩١، ص١٤٢.

**لە نێو زیندانێکی تاریکا**

**بەندکران**

**خامە خۆی کردە سەرین و**

**شیعر پێخەف**

**شاعیریش چاوی خۆی نوقان**

(گ، ب١، ل٣٣٦)

لێرەدا دەبینین شاعیر لە سەرەتادا باسی شاعیر و شیعر و خامەی کرد، لە پاشان بۆ هەریەکەیان شتێکی دابەشکرد، کە چیان کرد و چیان لێهات، بەمەش هونەری (دابەشکردن) بەرهەم هاتووە.

## دوازدەم: کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی: ((بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند شتێک لە ژێر یەک بریار و لە پاشان دابەشکردنی کۆکراوەکان)).(١) و

واتە: شاعیر چەند شتێک بهێنێ، شتەکان کۆبکاتەوە و دواتر بە سەر هەندێ شتی تر دابەشیان بکات بە پێی گونجانی ماناکانیان بە یەکەوە لەناو بەرهەمەکەی خۆی:

**یاری شار و یاری غار بوو، ئەم رەفیق و ئەو ئەمەل**

**غاری (إقرأ) جێی عیلم بوو، غاری یاران جێی عەمەل**

(گ، ب٣، ل١٣٢)

١ - سعدالدین التفتازاني، شرح المختصر، الجزء الثاني، منشورات الحكمة، قم ایران، دون سنة الطبع، ص١٥٨.

لێرەدا(یاری شار و یاری غار) لە ژێر (بوون)دا کۆکراونەتەوە، ئەوە (کۆکردنەوە)یە.. لە پاشان دابەشکردنیش بۆ ئەم دووانە کراوە: ڕەفیق بۆ (ئەم) کە (یاری شار)ە و ئەمەل بۆ (ئەو) کە (یاری غار)ە، بەمجۆرە (کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن) دروست بووە.

## سێزدەم: کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە

جۆرێکی تر لە هونەری جوانکاریی واتایی(کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە)یە، بریتییە: (( لەوەی دوو شت لە یەک مانادا کۆبکەیتەوە، لە پاشان جیاوازی لە نێوان لایەکانیان بکرێت)).([1]) لە شوێنێکی تر لە بارەی ئەمەوە وتراوە: ((بریتییە لە وەی وێنەیەک بەرامبەری وێنەیەکی ترە، چەند سیفاتی شتانێک هەن، هەر یەکە بۆ گونجاوەکەی خۆی پێوە لکێنراوە)).([2])

واتە: نووسەر لەناو بەرهەمەکەی خۆی چەند شتێک کۆبکاتەوە و لە پاشان لێکبکاتەوە:

**یاری شار و یاری غار بوو، ئەم رەفیق و ئەو ئەمەل**

**غاری (إقرأ)جێی عیلم بوو، غاری یاران جێی عەمەل**

(گ، ب٣، ل١٣٢) لێرەدا (یاری شا ر و یاری غار) لە ژێر (بوون)دا کۆکراونەتەوە، ئەوە (کۆکردنەوە)یە.. لە پاشان لێککردنەوەش بۆ دوو (غار) کراوە:

**عیلم:** بۆ غاری(إقرأ)

**عەمەل:** بۆ غاری (یاران)..ئەوەش لێککردنەوەیە، بەم شێوەیە کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە دروست بووە.

---

[1] - سعدالدین مسعود بن عمرالتفتازاني، المطول شرح تلخیص المفتاح، ص٧٦.

[2] - عبدالقادر عبدالجلیل، الأسلوبیة وثلاثیة الدوائر البلاغیة، الطبعة الأولی، دار الصفاء للنشر والتوزیع، عمان - اردن، ٢٠٠٢، ص٥٥٤.

## چواردەم: وەصف

هونەری (وەصف)کردنیش وەکو هونەرەکانی تر لەلای زۆربەی شاعیران لە کۆنەوە تا ئێستاش بەکارهاتووە و بەکاردێت، بۆ وەسفکردنی هەر شتێک کە ویستویانە وەسفی بکەن و باسی بکەن، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەبێت.

لە یەکێک لەو پێناسانەی بۆ ئەم هونەرە کراوە تێیدا هاتووە، وەصف: بریتییە لەو ((شێوازی دەربڕینی جوان و کاریگەرە، لە کۆنەوە خەڵک بەگشتی و بە باشی لە بەرهەمەکانیان بە تایبەت، سوودیان لێوەرگرتووە، مەرجیشی ئەوەیە، وەسفەکە بۆ شتەکان ناڕاستەوخۆ بێت، نەک پیاهەڵدانی ڕاستەوخۆ بێت بۆیان)).([1]) واتە: وەسفکردنی هەموو ئەو شت و دیاردانەی کە شاعیر مەبەستییەتی وەسفی بکات، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لێرەدا دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە زۆرێک لە هونەرەکانی تر زیاتر پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە، چونکە شاعیران توانیویانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە شیعرەکانیان هەموو لایەنەکانی ژیان بخەنە ڕوو، کە مەبەستیان بووە.

ئەم شاعیرەش هونەرەی (وەسفی) بەکارهێناوە بۆ ئەو شتانەی کە مەبەستی بووە وەسفیان بکات، لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینە ڕوو:

**من شەپۆلێکی سەر شێتی کەناری عەشقێکی دوورم**

**زیکر و تەهلیلی خانەقا و چریکەی حاڵێکی پیرم....**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٩)

شاعیر لەو دوو نیوە دێرەی سەرەوەدا باسی خۆی کردووە، بە ناڕاستەوخۆ، بەمەش هونەری (وەصف) بەرهەم هاتووە.

**بە قوڵای شەودا ئەڕۆم، ڕەشەبای ژین بسرمەوە**

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، ل١١٢.

**لە حەوزی ڕوناهی دیدەت، منالّی خۆم ببینمەوە...**

(گ، ب ۱،

ل ۳۰۹)

لێرەدا شاعیر باس لە مندالّی خۆی دەکا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە: وەسفی خۆی کردووە.

**ئاسمان بە گرییەی دێ**

**بزەی ڕووی دەنوێنێ**

**گوڵ لە خاک دەردێنێ**

**گولّی سینەمی تۆ**

(گ، ب ۲، ل ۲۱٥)

لەو چوار نیوە دێڕەی سەرەوەدا شاعیر وەسفی (ئاسمان و باران و ژیانەوەی گوڵ)ی کردووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەمەش هونەری (وەصف) بەرهەم هاتووە.

**هەولێرەکەم ئەی بەهاری بەستەوە حەیران**

**پیرە قەلّای بەرخودان و سومبلی ژیان**

**چی پایتەختی دونیا هەیە ناگاتە تۆ**

**گەرچی بێبەخت و بێ تاجی ئەی شاری جوان**

(گ، ب ۳،

ل ۱۳۹-۱٤۰)

لێرەدا شاعیر ئەو شتانەی کە لە دەروونییەتی بەرامبەر هەولێر بە دەربڕینە جوانەکانی خۆی دەریبڕیوە و وەسفی کردووە، وەسفکردنەکە لە وشەکانی (بەستە، حەیران، پیرە قەلّا، پایتەخت) دەرکەوتووە.

**کەسێ کە بێ ناوی لەگەڵ ناوی ئەودا بێشک هەر تۆی**

**هەر تۆی ئەی نوری چاوان و شەفیعی بێ پشت و پەنا**

لەبەر باڵای ئەوینتا شیعر و چامە بێ حاڵ و لاڵن
شپرزەن توخودا ڕەحمێ نیگایەک وێڵ و عەوداڵن

(گ، ب٣، ل١٣٨)

لێرەدا شاعیر وەسفی پێغەمبەری (د.خ) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کردووە، کە دەڵێ (کەسێ کە بێ ناوی لەگەڵ ناوی ئەودا)، (شەفیعی بێ پشت و پەنا)، دەربڕینە جوانەکانی خۆی دەربڕیوە، بەمەش هونەری وەسف دروست بووە.

## پازدەم: لۆمەکردن

ئەم هونەرە جۆرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، نووسەران و شارەزایان باسی ئەم هونەرەیان کردووە، ئەم هونەرە لە شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.

هونەری لۆمەکردن لە ناوەکەیەوە دەتوانین بۆچوونی خۆمانی لەسەر دەرببڕین و بڵێین: مانای ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیران لە ڕێگەی ئەم هونەرە و بەکار هێنانی لە بەرهەمە شیعرەکانیان توانیویانە لۆمەی ئەو شتانە بکەن کە مەبەستیان بووە، یان هەستیان بە بوونی کێشە یان ناخۆشی ژیان کردبێت.

بێگومان ژیانیش لە کۆن و ئێستادا خاڵی نەبووە لە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و چەندین کێشەی تریش، کە ئەمانەش وایان کردووە شاعیر و نووسەران بەهۆی بەکارهێنانی هونەری (لۆمەکردن) لە بەرهەمەکانیان بتوانن گوزارشت لەم کێشانە بکەن، لەو ڕێگەیەوە نیشانی بدەن چۆن کاریگەری بەسەریانەوە هەبووە و ناخی خۆیانی پێ هەڵبڕێژن، ئەمانەش تام و چێژی زیاتری بە بەرهەمە شیعرییەکان بەخشیوە.

لە یەکێک لە پێناسەکان دەربارەی ئەم هونەرە دەڵێت: ((بریتییە لە لۆمەکردنی هەر کەس و شتێک، کە لە دەور و بەری نزیک، یان دووری شاعیرن و بە هۆیەک لە هۆیەکان بە ڕەوانی دەزانێ لۆمەیان بکات)).[١]

[١] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٢٨.

واتە: لۆمەکردنی ئەو شتانەی لە دەور و بەری شاعیر هەن بە دوور و نزیکەوە، شاعیر بە مافی خۆی دەزانێ لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە وەکو لۆمە گوزارشتییان لێبکات، ئینجا لۆمەکردنەکە دەربارەی هەر کەس و شتێک بێت:

**کە هەر هاتی**

**بۆ پێشکەوتنی گزنگی عومرێکی وێڵ**

**ناسکی مەغریبت جێ هێشت و**

**منیش بۆ تکەی چۆڕاوی لەحزەکانی واهێشتەوە**

(گ، ب ١، ل ٣٣٩)

لێرەدا شاعیر گلەیی لە هاتنی ئەو کەسە دەکات کە بۆ بەدەست هێنانی شتێك کۆمەڵێ شتی لە دەست داوە، بەمەش لۆمە دروست بووە.

**دڵە بەسیە کەم بناڵە شەم گریانی بۆ چییە**

**پەروانە قوربانی عەشقە ئەو شیوەنی بۆ نییە**

(گ، ب ٢، ل ٢٢٢)

لێرەدا شاعیر لۆمەی دڵی خۆی دەکات، بەمەش هونەری (لۆمە) دروست بووە.

**من ئەو ساتەم.. لە یەک دوو جار زیاتر نابێت**

**کە خەڵک منیان لە بیرە..**

**ساتی سەرە مەرگە یاخود ڕووداوێک..**

**یا ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار دڵتەنگ دەبن..**

**کوا بۆ جارێک لە خۆشیدا ئاورم لێ دەدرێتەوە؟!**

(گ، ب ٣، ل ٦٣-٦٤)

لێرەدا (کات) لۆمەی ئەوە دەکات کە بۆ گرینگی پێ نادرێ نرخی بۆ دانانرێ، بەمەش هونەری (لۆمە) دروست بووە.

## شازدەم: لۆمە لە بەرگی وەصف

جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاریی واتایی، شاعیران گرینگیان پێداوە و لە بەرهەمەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەم هونەرە: ((بریتییە لەو دەربڕینەی، شاعیر تێیدا سەرەتا بە باشی وەسفی یەکێک، یان شتێک، یان دیاردەییێک دەکات و پەسنی باشی دەداتە پاڵ، بەڵام دواتر دەردەکەوێت، لە گوتەیەکدا مەبەستی لۆمەیە نەک وەصف)).([1])

بوونی ئەم هونەرە لە شیعرەکانی (گۆران عەباس) دا بەدی دەکرێت:

**باسی جوانی یوسف و بێ توانایی زلێخا بکات**

**باس لە پاکیەتی ئەو شاژنە دۆڕاوە بکات**

(گ، ب ١، ل ٩٧)

لێرەدا شاعیر لە سەرەتای نیوە دێری دووەم بە پاکیەتی وەصفی کەسی بەرامبەر(زلێخا) دەکات، خوێنەر وا دەزانێ ئەمە وەسفکردنە، بەڵام لەکۆتایی نیوە دێرەکە خوێنەر بۆی دەردەکەوێ و لەوە تێدەگا، شاعیر مەبەستی لۆمەکردنە لە بەرگی وەصف.

## حەڤدەم: جێگۆڕین

جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەری جوانکاری (واتایی)، لەو پێناسانەی بۆی کراوە لە لایەن شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی بۆمان ڕوونتردەبێتەوە، یەکێک لەوانە لە بارەی ئەم هونەرەوە دەڵێت: ((جێگۆڕین بریتییە لە هەڵگەڕانەوەی ئاخاوتن، واتە بەشی کۆتایی بکەوێتە بەشی یەکەم، بەشی یەکەمیش بکەوێتە بەشی کۆتایی)).([2]) ئەم هونەرە بە مانای شوێن گۆڕین دێت، واتە گۆڕینی شوێنی ئەو ئاخاوتنەی شاعیر لەناو هۆنراوەکەی دا بەکاری هێناوە. وەک

---

[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٣٢٦.

[2] - أحمدمصطفى المراغي، علوم البلاغة البيان والمعاني والبديع، ص ٢٧٤.

((ئەوەیە بەشێکی ئاخاوتن پێش بەشێکی بخرێ، لە پاشان دوا بخرێتەوە)).[1] واتە: پێش و پاشخستنی ئاخاوتن لە ناو دەقەکان.

ڕوونتر لەو دوو پێناسەی سەرەوە لە شوێنێکی تر هاتووە: ((جێگۆڕین: بریتییە لەوەی گرێیەک، یان ڕستەیێکی پێکهاتوو لە چەند وشەیەک بێنی، ئەم گرێ و ڕستەیە وشەکانی چۆن ڕیز بووە، لە جاری دواتر تەواو بە پێچەوانەوە وشەکانی ڕیزبکەیەوە، واتە ئەوەی لە جاری یەکەم لە پێشەوە هاتبوو لە جاری دووەم بیخەیە دواوە و ئەوەی لە جاری یەکەم لە دواوە هاتبوو، لە جاری دووەم بیخەیە پێشەوە )). [2]

ئەگەر سەیری ئەو پێناسانەی سەرەوە بکەین دەبینین لێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بۆمان دەردەکەوێت هونەری (جێگۆڕین): بریتییە لەوەی ئەو بەشەی لە سەرەتا هاتووە ببرێتە کۆتایی، ئەوەی لە کۆتایی هاتووە ببرێتە سەرەتا. واتە: ئەو گوتەیەی هەڵدەگەڕێندرێتەوە لە هەر لایەک بخوێندرێتەوە هەمان مانا بگەیێنێ، وەک ئەو نمونانەی خوارەوە:

بەشیک لە نمونە شیعرییەکانی شاعیر کە ئەم هونەرەیان تێدا هەیە، دەیانخەینە ڕوو:

**١- جێگۆڕینی (جێناو):**

**دوور مەڕوانە**

**ئەمێستاکە**

**لە سێبەرت نزیکترم**

**لە سێبەرم نزیکتری**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٣)

---

[1] - سعدالدين مسعود بن التفتازاني، المطول شرح تلخيص المفتاح، ص٧٤.

[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل٣٠٦.

لێرەدا جێناوە لکاوەکانی (م) و (ت) لە نیوە دێرەکانی سێیەم و چوارەم (لە سێبەرت نزیکترم .. لە سێبەرم نزیکتری)دا، جێگۆڕکێیان پێکراوە، بەمەش هونەری (جێگۆڕین) دروست بووە.

**زەڕڕەیەک لوتفی ئەوینت گەلێ زیادە هەموو وجود**

**غەرقی غوفرانی تۆ بکا، ببەخشی تۆ، تۆ ببە خۆش**

(گ، ب ١،

ل ٣١٦)

لێرەدا (ببەخشی تۆ) جێگۆڕکێی پێکراوە و کراوەتە (تۆ ببی خۆش).. ئەمە جێگۆڕکێیەکی گۆڕاوە، چونکە لە جاری یەکەم (بەخشین) هاتبوو، لە جاری دووەم (خۆشبوون) هاتووە.. بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و جەختکردنەوەیە لە سەر عەفو و بەخشینی خوای گەورە.

**٢- جێگۆڕینی (گرێ):**

**ئەو دەمانە...**

**نیشتمان و ئێمە تەنها ئێمە و نیشتمان بوو**

(گ، ب ١،

ل ١٥٠)

لێرەدا شاعیر (نیشتمان و ئێمە)ی بەکارهێناوە، لە هەمان نیوە دێردا هەڵگەڕانەوەی لە دەربڕاوەکە دا کردووە و کردویەتی بە (ئێمە و نیشتمان)، لێرەدا هیچ لە واتاکەی نەگۆڕاوە تەنها جێگەی گوتەکان گۆڕاوە، بەمەش جێگۆڕین دروست بووە.

**٣- جێگۆڕینی (ڕستە):**

**خەم مەخۆ یانی مەخۆ خەم، نەك لە ترسا بێتە گۆ**

**ئەو نەترسا هاتە گۆ، سدقی کردە قەڵغانی تۆ**

(گ، ب ٢،

ل ١٣٣)

شاعیر لە نیوە دێری یەکەم (خەم مەخۆ)ی بەکارهێناوە، هەر لە هەمان نیوە دێردا هەڵگەڕانەوەی لە گرێیەکەدا کردووە، کە کردویەتی بە (مەخۆ خەم)، لێرەدا بە بەکارهێنانی ئەم هونەرە واتاکەی نەگۆڕاوە تەنها جێگەی گوتەکان گۆڕاوە، بە هۆی ئەمە جێگۆڕین دروست بووە.

## هەژدەم: تیلنیشان

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، شاعیرانی کۆن و نوێ بەکاریان هیناوە، پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو: تیلنیشان بریتییە: لەوەی ((تیشک خستنە سەر بەسەرهاتێک، یان شیعرێک، بێ ئەوەی باسی لێوە بکرێ)).([1])، لەو پێناسەدا نووسەر تەنها باسی تیشک خستنە سەر (بەسەرهات و شیعر)ی کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی تێر و تەسەلتر پێناسەی کراوە، کە تیلنیشان ((بریتییە لە تیشکدانی نووسەر بە چیرۆك یان بە نمونە هێنانەوە، یان بە شیعری کەسێکی تر، یان بە فەرموودەیەك، یان بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان پەندێکی پێشینان، یان قسەیەکی باوی سەر زاری خەڵکی، یان داستانە مێژوییەکان، یان چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ناو قورئانی پیرۆز، بە شێوازی دەربڕینێکی کورت و خێرا بە بێ ئەوەی ڕابوەستێ لەسەر ئەو بابەتەی کە باسی دەکات).([2]) واتە: نووسەر ئەو بابەتەی ئاماژەی پێدەکا ناوەستێ لەسەری بە شارەزایی لە گەڵ بابەتەکەی خۆی دەیبەستێتەوە.

نووسەرانی کوردیش وتویانە (تیلنیشان): ((ئەوەیە کە هۆنەر لە هۆنراوەکەی دا هێما بۆ داستانێک یا کارەساتێک یا پەندێکی پێشینان یا ئایەتێکی قورئان بکا)).([3]) واتە: شاعیر لەناو بەرهەمەکەی خۆی سەرنجی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێ، بە هۆی ئەو بابەتەی کە هی خۆی نییە و بەشێوەیەکی هونەرمەندانە تێکەڵی بابەتەکەی خۆی کردووە. لە سەرەوە لەو سێ پێناسەی

---

[1] - جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزويني، الإيضاح في علوم البلاغة، الطبعة ألأخيرة، منشورات دار ومكتبة الهلال، بيروت - لبنان، ٢٠٠٠، ص٤٢٦.

[2] - محمد على سلطانى، المختار من علوم البلاغة والعروض، ص١٥٨.

[3] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم(جوانکاری)،ل ١٠٣.

وەرمان گرتووە دەبینین تەنها لە پێناسەی یەکەم بە شێوەیەکی کورتتر باسی لێوە کراوە لە پێناسەکانی تر، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو لێکچوون لە نێوانیان دا هەیە.

## گرنگی تیلنیشان:

گرنگی ئەم هونەرە ئەوەیە کاتێك خوێنەر بەرهەمێك دەخوێنێتەوە، یاخود گوێگر گوێ ی لێ دەبێت، ئەوا ئەو بەسەرهات و پەند و داستان و چیرۆکە ڕاستەقینانە و فەرموودانەی بۆ ڕوونتر دەبێتەوە، کە لەو بەرهەمە ئاماژەی بۆکراوە، کە لە وانەیە هەندێکیانی بیستبێت و بە پێچەوانەشەوە هەندێکیانی نەبیستبێت بەهۆی تیلنیشانەکەوە بە دواداچوونی بۆ بکات و شارەزایی پەیدا بکات لەم بابەتەی کە تیلنیشانی بۆ کراوە.

ئەم هونەرە لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر زۆر بەدیکراوە، ئەمەش جوانییەکی زیاتری بە بەرهەمەکانی بەخشیوە، لە خوارەوە هەندێک لە نمونەکانی بە پێی جۆرەکانی ئەم هونەرە دەخەینە ڕوو:

**جۆرەکانی هونەری(تیلنیشان)یش ئەمانەن:**

**٢- تیلنیشان بۆ قورئانی پیرۆز:**

**خودای من ڕەحمانی هەمووان**

**خودای ڕۆزیدەر بۆ ژیان**

**ببەخشە و دابباریێنە**

**ئاشتی و ئارامی بۆ جیهان....**

(گ، ب ٣،

ل ١٨٢)

شاعیر لە نیوە دێری دووەم تیلنیشانی کردووە بۆ ئایەتی پیرۆزی (( إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ)).([1]). واتە: ((بەڕاستی خوا ڕۆزیدەری هەموانە و بەهێز و توانایە و زۆریش بەهێزە)).([2])

**٣- تیلنیشان بۆ فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) : نمونە:**

**گوناهم هێندەی کێوی توریش بێ**

**بە هێنانی ناوی بەرزت ئەسوتێ..**

(گ، ب٣،
ل١٤٢)

لەو دوو نیوە دێرەی سەرەوە شاعیر تیلنیشانی بۆ فەرموودەی (البطاقة) کردووە، لەو فەرموودەیە باس لەوە کراوە کە وتنی (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله) پاداشتەکەی ئەوەندە زۆرە بە ئەندازەی ئەوەی کە هەر کەسێک گوناهەکانی هێندەی کێوی توریش بیت بە وتنی (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله) گوناهەکانی نامێنێت، واتە ئەمە ئەو کارتەیە کە مرۆڤەکان دەتوانن بە هۆیەوە بچنە بەهەشتەوە.

ئەمەش حدیثەکەیە (البطاقة).

((حديث البطاقة حديث صحيح. قال الحاكم: صحيح على شرط مسلم. وقال الذهبي في"التلخيص": صحيح –وهو حديث عبداللة بن عمرو: "يصاح برجل من أمتي على رؤوس الخلائق يوم القيامة فينشر له تسع وتسعون سجلاة كل سجل مدالبصر. ثم يقال: أتنكر من هذا شيئا؟ فيقول: لا يا رب. فيقال: ألك عذر أو حسنة؟ فيهاب الرجل ويقول لا. فيقال: بلى إن لك عندنا حسنة. وإنه لا ظلم عليك اليوم فيخرج له بطاقة –وهي الورقة الصغيرة –فيها: أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله. فيقول: يا رب وما هذه البطاقة مع هذه

---

[1] - سورەتی (الذاريات) ئایەتی (٥٨).

[2] - مەلا عبدالكريمی مدرس، خۆلاصەی تەفسیری نامی، چاپی دووەم، چاپخانەی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا – سلێمانی - عیراق، ٢٠١٠، ل٥٢٣.

السجلات؟ فيقال إنك لا تظلم فتوضع السجلات في كفة والبطاقة في كفة فطاشت السجلات وثقلت البطاقة"{رواه الحاكم في "مستدركة")).([1])

لەم فەرموودەدا گەورەیی وتنی (لاإله إلاالله)مان بۆ دەردەکەوێ بە شێوەیەک لە رۆژی دوایدا پیاوێک دێنن (٩٩) تۆماری گوناهی هەیە و یەک تۆماری چاکەی هەیە، ئەویش وتنی (لاإله إلاالله)یە بە وتنی قورسایی تەرازوی چاکەکانی زیاد دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە، واتە: ئەوە ئەو کارتەیە کە فەرموودەکە بە ناوی ئەوەوەیە.

**٤- تیلنیشان بۆ ڕووداو و چیرۆکی ڕاستەقینەی ناو قورئان:**

**هەنووکەش لە بازنەیەکی کاڵی پێش بارینی تۆفانەکەی (نوح) دا ئەژین و عەجولیان ئێمەی خزاندوەتە ئەم چەرخەوە...**

(گ، ب ١، ل١٣٧)

شاعیر تیلنیشانی بۆ ڕووداوی تۆفانەکەی حەزرەتی (نوح) کردووە.

**مەریەمی پاك تەریقەی عەشق دائەدا و**

**عیسا پەیامی هێناوە...**

(گ، ب ٢، ل٢٣٥)

لەم دوو نیوە دێرەی سەرەوە تیلنیشان بۆ بەسەرهاتەکەی حەزرەتی (مەریەم و کوڕەکە)ی، کە حەزرەتی (عیسا)یە کراوە، بەمەش تیلنیشان بۆ چیرۆکی ڕاستەقینەی ناو قورئانی پیرۆز دروست بووە.

**ئەو... جەمالی یوسفێکە**

**جارێکی تر ((یازدە)) ئەستێرە**

**سوژدەی بۆ دەبەن**

---

[1] - محمد ناصر الدين الألباني، صحيح الجامع الصغير وزيادته، المجلد الثاني، الطبعة الثالثة، المكتب الاسلامي، ١٩٩٨، ص١٣٤٥.

(گ، ب ٢،

ل ٤٤)

ئەم سێ نیوە دێرەی سەرەوە هەمووی بە یەکەوە تیلنیشانی شاعیرە بۆ ئەو بەسەر هاتە گرینگ و پڕ مانایەی حەزرەتی (یوسف و براکانی)، کە خوای گەورە لە ناو قورئانی پیرۆز زۆر بە جوانی و پڕ چێژەوە باسی لێوە کردووە.

**٥- تیلنیشان بۆ داستان:**

**حاڵی دەرونێکی تەنها و**

**فەرهادێکی بێ شیرین بێت**

(گ، ب ٢،

ل ٤٢)

لێرەدا شاعیر تیلنیشانی بۆ داستانی(شیرن و فەرهاد )کردووە، کە داستانیکی ئەڤین و دڵدارییە، بەمەش تیلنیشان بۆ داستان بەرهەم هاتووە.

**ئیسلام دەبێتە مێژوویەك**

**مەگەر هەر بۆ تام بخوێندرێت...**

**دەبێتە چیرۆکی شێوان... وەك مەم و زین**

(گ، ب ٣،

ل ٤١)

لێرەدا شاعیر تیلنیشانی بۆ داستانی (مەم و زین) کردووە، کە داستانیکی دڵداری و ئەڤینداریيە، بەرهەمی نووسەری کورد (ئەحمەدی خانی)یە، بەمەش تیلنیشان بۆ داستان بەرهەم هاتووە.

**٦- تیلنیشان بۆ کەسایەتی:**

**هەموو نیشتمان**

**بۆ زیارەتی قازیەکەی کورد و شێخەکەی**

**چوار چرا وا بەڕێوەن**

(گ، ب ١،

ل ٢٦٠)

لەم پارچەیەدا تیلنیشان بۆ کەسایەتی یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لە سەدەی بیستەم پێشەوا (قازی محەمەد) هەیە، ئەوە نیشان دەدا، کە هەموو خەڵکی کوردستان هەمیشە ئەوەیان لە بیرە لایان بە نرخ و خۆشەویستە، هەموو کات لەگەڵ بیستنی ئەو ناوە ئازایەتی کورد و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و ستەم و زۆرداری دوژمنانی کوردمان لە ڕووخانی ئەو دەوڵەتە کوردییەمان دێنێتە بیر.

**ئێستا (پیرەمێرد)**

**بە شوێن مزگەوتەکەیدا وێڵە و**

**هەموو سەحەرێك بە کزۆڵیەوە شۆڕئەبێتەوە**

(گ، ب ١،

ل ١٥١)

لێرەدا شاعیر تیلنیشان بۆ کەسایەتی (پیرەمێرد)ی شاعیر دەکات و تێکەڵ بە شیعرەکەی خۆی دەکات، ئەمەش وا دەکات بەرهەمەکەی زیاتر دەوڵەمەندتر بێت، تام و چێژی زیاتر بگەێنێ.

هونەری تیلنیشان بە پێی ئەو ئامارەی بۆی کراوە، کۆی گشتی (١٠٩) جار، لە بەرگی یەکەم (٥٣) جار، بەرگی دووەم (٣٧) جار، بەرگی سێیەم (١٩) جار، بەدیکراوە.

## نۆزدەم: نوێکردنەوە

بریتییە لە نوێکردنەوەی چەمکێک کە واتایەکی چەسپاوی لە ڕێگای ئەدەبیاتی سەرزاری وەرگرتووە، بەڵام شاعیر کە دەیخاتە نێو شیعرەکەی خۆی واتایەکی نوێی بە بەردا دەبڕێ و لە چەمکە کۆنەکەی دەترازێنێ:

**(ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕایەوە و گەڕیش نەبوو)**

(گ، ب ١،

ل ١٧٧)

ئەم پەندە واتاکەی لە لایەن شاعیرەوە گۆردراوە ڕاستی پەندەکە ئەوەیە **(ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگە ڕایەوە گەڕبوو)**، بەڵام شاعیر لەو واتایەی ترازاندووە و واتایەکیتری بە بەرداکردووە، بەمەش نوێکردنەوە دروست بووە.

**(لە پشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە بچووکترین ژن هەیە)**

(گ، ب ١، ل ٢١١)

ئەم پەندە لەو بەشەی کە دەڵێت: **(بچوکترین ژن هەیە)**، واتاکەی لە لایەن شاعیرەوە گۆردراوە و دەستکاری کراوە، ڕاستی پەندەکە ئەوەیە **(لە پشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزن هەیە)**، بەڵام شاعیر لەو واتایەی ترازاندووە و واتایەکی تری بە بەرداکردووە، بەمەش نوێکردنەوە دروست بووە.

## بیست: پەندبێژی

ئەمەش هونەرێکی تری جوانکاری (واتایی)یە، بریتییە: ((لە وەی شاعیر لە هەندێ دێر (پارچە)دا شتێ بێنێ، لە شێوەی پەندێک بێ)).([1])

لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، شاعیر ئەو دەربڕینانەی لە شێوەی پەند دەریدەبڕێ، یان ئەو قسە نەستەقانە، یان ئەو وەسفانەی لەناو

[1] - ابي بكر بن علي بن عبدالله المعروف: بابن حجة الحموي، ص١٢٥.

بەرهەمەکەی خۆی ئاماژەیان پێدەکا، هی خۆی بێت، چونکە هی خۆی نەبن دەبێتە تێکهەڵکێش، یان لێوەرگرتن.

بە واتایەکیتر پەندبێژی واتە: نووسەر زۆر جار ئەزموونی ژیانی خۆی، یان ژیانی لەگەڵ دەور و بەرەکەی لە شێوەی (پەندبێژی) دەردەبڕێت:

**بیست پێنج و بیست و شەش و بیست و حەوت**

**بێدەنگی نیعمەتێکە بە هەموو کەس نادرێت**

(گ، ب ١، ل٢٨٣)

شاعیر لێرەدا نیوە دێری(بێدەنگی نیعمەتێکە بە هەموو کەس نادرێت ) لەشیوەی پەند داڕشتووە، بەمەش هونەری (پەندبێژی) بەرهەم هاتووە.

**گەرچی هەموو تاریکی دنیا ناتوانێت**

**ڕووناکی مۆمێك بسڕێتەوە**

**بەڵام مۆمێکیش بۆخۆی ناتوانێت**

**بستێك تاریکی بکوژێنێتەوە...**

**گەر تاریکی نەبێت**

**ڕووناکی مۆم بەرپێی خۆشی نابینێت**

**بەڵام هیچ کات نەبوونی ڕووناکی**

**هیچی لە ڕەشایی تاریکی کەم نەکردووەتەوە.**

**لە قوڵایی تاریکیدا**

**لەززەتی ڕوناهی ئەدۆزیتەوە و**

**مۆمیش تا سنورەکان بەر لە ڕەش بوونەوە**

**گوزەر دەکات**

(گ، ب ١، ل١٤٠)

لێرەدا شاعیر ئەوەی مەبەستی بووە بیڵێ و دەری ببڕێ لە شیوەی پەند دەری بڕیوە بەمشێوەیە: (گەرچی هەموو تاریکی دنیا ناتوانێت ڕووناکی مۆمێك بسڕێتەوە)، (مۆمێکیش بۆخۆی ناتوانێت بستێك تاریکی بکوژێنێتەوە)، (گەر تاریکی نەبێت ڕووناکی مۆم بەرپێی خۆشی نابینێت)، (هیچ کات نەبوونی ڕووناکی هیچی لە ڕەشایی تاریکی کەم نەکردووەتەوە)، بەمەش هونەری (پەندبێژی) دروست بووە.

### ژن ئەگەر میوەش بێت.. تاڵترین ژن شیرینترین میوەیە

(گ، ب ١، ل ٢١١)

لێرەدا شاعیر ئەوەی مەبەستی بووە بیڵێ و دەری ببڕێ لە شیوەی پەند دەری بڕیوە (تاڵترین ژن شیرینترین میوەیە)، بەمەش هونەری (پەندبێژی) دروست بووە.

## بیست و یەک: زیادەڕەویی

هونەرێکی تری جوانکاری (واتایی)یە، ((ئەم هونەرە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا (اغراق) و (المبالغه) شی پێدەوترێت، ئێمەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا وامان بە باش زانی زاراوەی (زیادەڕەویی) لە بەرامبەر ئەم هونەرەدا بەکاربهێنین)).([١]) نووسەری کورد (ملا عبدالکریمی مدرس) زاراوەی زیادڕەویی بۆ بەکارهێناوە، لە بارەیەوە دەڵێت: زیادەڕەویی ((بریتییە لە زیادەڕەویی و لە ڕادە دەرچوون، کە ئەمەش سێ جۆری هەیە، چونکە ئەو شتەی زیادەڕەویی تیا کراوە، یان بە عەقڵ ڕێی تێ دەچێ و بە نەریت لە وانەیە ببێ، ئەوە (وەرگیراوە) لە عورفا پێ ی دەڵێن (تعلیق)، یان بە عەقڵ گونجاوە و بە نەریت ڕێی تێ ناچێت و لە وانە نییە ببێ، ئەوە پێی دەڵێن

[١] - مەریوان حسێن فەرحان، جوانکاری لە شیعری (وەفایی) دا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٢٨.

(اغراق)، یانیش به عەقڵ گونجاو نییە و بە نەریتیش نابێت، ئەوە پێی دەڵێن (غلو) ئەم جۆرەیان مایەی هەرا و ناکۆکیەک چ بۆ تاك چ بۆ کۆمەڵ)).([1])

واتە: ئەو شتەی نووسەر زیادڕەویی لە بارەیەوە دەکات، هەندێجار لەگەل ئەقڵ و داب و نەریت گونجاوە، جاری واش هەیە لەگەڵ ئەقڵ گونجاوە و لەگەڵ نەریت نا، هەندێ جاریش لەگەڵ هیچیان نەگونجاوە، کە ئەم جۆرەیان کێشەی لێدەبێتەوە. واتە: زیادڕەویی ((بریتییە لەوەی قسەکەر بۆ پیاداهەڵدانێکی خۆی بانگەشەی نەشیاوی شتێک بکات، لە توندی، یان لاوازیدا، بگاتە ئاستێک بە دوور بزانرێت، یان ئەستەم بێت)).([2]) بەمشێوەیەش ناکرێ و ناگونجێ ئەوەی قسەکەر دەیڵێ و دەریدەبڕێ هەمووی ڕاست بێت. لەبەر ئەوەیە بەشێک لە نووسەرانی تر وتویانە (زیادڕەویی) ((بریتییە لە زیاد لە پێویستی لە وەسفکردندا، بە شێوەیەک بێت هەندێ جار بگاتە ناراستی)). ([3]).

واتە: هونەری زیادڕەویی: زیاد ڕۆچوونی شاعیرە لە باسکردنی ئەو شتەی مەبەستییەتی، لە ڕێگەی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە، کە دەکەوێتە بەرچاو و گوێی خوێنەر و گوێگر، شاعیران ئەم هونەرەیان بەکار هێناوە بۆ وەسفکردنی دیاردە جۆرا و جۆرەکانی دەور و بەریان بە شێوەیەك لە باسکردنەکەیان زۆر ڕۆچۆتنە خوارەوە، واتە: زیاد لە پێویستی بابەتەکە، بۆیە پێ ی وتراوە زیادەڕەویی، واتە زیاد لە پێویستی ئەو دیاردەی شاعیر کە مەبەستیەتی باسی لێوەبکات:

**تۆ شینایی گشت وەرزێکی ژیانی منی**

**جریوەی بەر هەیوانی بەهاری منی...**

(گ، ب ١،

ل٣٠٦)

---

[1] - ملا عبدالکریمی مدرس، بەدیع و عەرووزی نامی، ل٢١.

[2] - عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، البلاغة العربية(أسسها وعلومها وفنونها)، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار القلم - دمشق، ٢٠٠٧، ص٤٥٥٠.

[3] - مختارعطية، علم البديع ودلالات الأتراض في شعر البحتري، ص١١٨.

وەسفی ئەوە زێدەڕۆیی و موبالەغەیە، هیچ شتێک نییە جگە لە (خوا) هەمیشەیی بێت، هەرچی جگە لە (خوا) کۆتاییە.

**کوردستانم کوردستانە**

**بەهەشتە شیرینە جوانە**

**شیعر و گۆرانی و ئاوازی**

**یارانی مەستی جێ ژوانە....**

(گ، ب ٣،

ل ١٥٢)

کووردستانم بەهەشتە.. زیادەڕۆییە، چونکە بەهەشت زۆر گەورەیە و کوردستان بچووکە.

بەهەشت.. نەبڕاوە و هەمیشەییە و کوردستان لە دونیایەیە، دونیا خۆی بچووک و کاتییە.

بەهەشت.. هەرچی خۆشییە تیایەتی و ناخۆشی تیانییە، کوردستان پڕکراوە لە ناخۆشی، ئیدی چۆن کوردستان بەهەشتە؟ ئەمە زیادەڕۆیی شاعیرە.

## بیست و دوو: بەهەڵەبردن

هونەرێکی تری جوانکاری (واتایی)یە، ((بریتییە لەو دەربڕینەی، کە سەرەتا لە مێشکی بەرامبەردا، واتایەک دروست دەکات، بەڵام کە قسەکەر قسەکانی تەواو دەکات، ئینجا بەرامبەرەکەی بۆی دەردەکەوێت، کە بە هەڵە چووە، ئەگینا مەبەست بە تەواوی پێچەوانەی ئەو واتایەیە کە یەکەم جار بۆی دروست بووە)).[١]

واتە: شاعیر مەبەستی بە هەڵەبردنی خوێنەرە لەم هونەرە، بەوەی لە دەربڕینەکانی سەرەتا سەرنجی خوێنەر بۆ لای شتێک دەبات، بەڵام دواتر واتە

---

[١] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ل ١٣٩.

له كۆتایی بەرهەمەكە خوێنەر بۆی دەردەكەوێ كە بە هەڵە دا چووە، لەو بۆچوونەی كە یەكەمجار بۆی چووە لە تێگەیشتنی لە بەرهەمەكە:

**دەستەكانتم بەرێ**

**با بە وردی تەماشای**

**خاڵی ڕووخساری نینۆكەكانت بكەم...**

(گ، ب ١، ل ٦٢)

لێرەدا هونەری (بەهەڵەبردن)ی بەكارهێناوە، چونكە دەستەكانتم بدێ و با تەماشای كەم، ئەو دەربڕینانە بۆ دەست خوێندنەوە و فاڵگرتنەوەیە، سەرەتا شاعیر سەرنج بۆ ئەوە دەبات فاڵگرەوەیی بكات، بەڵام دواتر كە مەبەستەكەی تەواو دەخاتە ڕوو، بۆ مەبەستێكی زۆر ئاسایی ئەو قسانەی كردووە و بەوە هەمووانی بەهەڵەبردووە.

**ئەوەی ئێوە دیتتان ڕۆیشت**

**زەمەنی زێڕینتان گوزەشت**

**خەونێک بوو بەر لە بینینی نەهاتە دی**

(گ، ب ٣، ل ٤٧)

شاعیر لێرەدا بە ستەمكاران دەڵێت: ئەوەی دەتان ویست (تەنها خەونێک) بوو، بەڵام لە پاشان دەڵێت: (بەر لە بینینی نەهاتە دی).. ئەوەش واتە هەر(خەون)یش نەبووە، بەڵكو (حەز و ئارەزووێک) بووە، چونكە (خەون) دەبێ ببینرێ.. ئەوەش (بەهەڵەبردن)ە، چونكە گوتی: (خەونێكتان دی بوو)، بەڵام دواتر گاڵتەی پێكردن و گوتی: (خەونەكەشتان نەدیبوو)، (هەر خەونیش نەبوو).

## بیست و سێ: خۆهەڵەکردن

یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی (خۆهەڵەکردن)ە، لە پێناسەیەک دا هاتووە، خۆهەڵەکردن: ((بریتییە لەوەی شتێک بهێنرێت، کە دروستییەکەی زانراوبێت، بە شێوازێکی گوماناوی، بۆ ئەوەی بەم شێوازە دڵنیابوون لە سەر شتە هێنراوەکە بکرێتەوە)).([1])

کوردیش گوتوویانە خۆهەڵەکردن: ((بریتییە لە خۆ هەڵەکردنی شاعیر بەرامبەر شتێک، کە باش دەزانێ ڕاستی ئەو شتە چییە، یان چۆنە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تایبەت بەم شێوە خۆی هەڵە دەکات)). ([2])

بەهۆی سوود وەرگرتنمان لەو دوو پێناسەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، خۆهەڵەکردن: بریتییە لەوەی شاعیر لەو هونەرەدا بە ڕاست و دروستی دەزانێ مەبەستی چییە لەو شتەی کە دەیڵێ لەدەقە شیعرییەکەی، بەڵام خۆی هەڵەدەکات بۆ مەبەستێکی تایبەت:

**چ دەنگێکە؟**

**چ بۆنێکە؟**

**گوڵە بڕوای(شادڵ)ەکەی (سومەییە)یە..**

(گ، ب ١، ل ٣٩)

شاعیر دەزانێ بە ناهەق شەهید کردنی سومەییە، کە ئەم سومەییە (سومەییەی کچی خەیات)ە، یەکەم شەهیدی ئیسلامە لە ژنان و پیاوان، لە سەر موسڵمانبوونی خۆی، لە لایەن سەرانی قورەیش و بە تایبەت خودی (ئەبوجەهل)ەوە بە ناهەق شەهید کرا.. بەڵام بۆ گەورەکردنی کارەساتەکە، سەرەتا شاعیر خۆی هەڵەدەکات و بەم شێوازە وێنەکە کاریگەرتر پێشکەش دەکات.

**چ دەردێکە دڵ وا پەرێشانە؟**

[1] - ابي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري، كتاب الصناعتين، ص٣٦٢.
[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ل ١٤١.

**هاودەمی ئەشکە و غەم لای میوانە**

**فەصلی نالّینە، یا شەوی حالّە؟**

**بوونی وا غەڕقی کۆڕی گریانە؟؟..**

(گ، ب ۱،

ل ۲۹۹)

لەم چەند نیوە دێڕەی سەرەوە شاعیر دەزانێ پەرێشانییەکە و ئەوحالّەتەی هەیەتی بە چ هۆیەکەوەیە، بەلاّم ونی دەکات و خۆی هەڵە دەکات، تا سەرنجی خوێنەر زیاتر ڕابکێشیت، ئەگینا ناشیێ یەکێک پەرێشان بێ و نەزانێ لەبەرچی پەرێشانە.

**کەی کاتی شیعری ئەوین و**

**گۆرانی شادی ژیان و**

**شمشالّی ئازار شکێنە؟!!**

**گەر وانەبیت..**

**لێرە ناڕوێیت.. قەد شێن نابیت**

**گوڵ ناگریت و..**

**سیس دەبیت دەمریت.. تۆ دەمریت**

(گ، ب ۳، ل ۱۸٦)

لەم پارچەی سەرەوە شاعیر خۆی بە هەڵە دەبات و پرسیار دەکات، ئەگینا خۆی دەزانێ کاتی چییە و دەبێت چۆن بێت، گەر بەم شێوە نەبێت کە دەیانەویت ئەوا ناتوانێت بژی و پەل بهاوێت.

## بیست و چوار: ڕێبازی گوتەیی

هونەرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری(واتایی)، کە ((ئەوەیە ڕەوانبێژ لە سەر دروستی ئاخاوتنەکەی خۆی و بە تاڵکردنەوەی ئاخاوتنی بەرامبەرەکەی، پاساوێکی ئەقڵی باوەڕ پێکراو بە پاساوێکی ئەقڵی باوەڕ پێکراو بێنێ، وەک و زانایانی زانستی کەلام ئەوهایان دەکرد)).([1]) بە شێوەیەکی کورتتر لەو پێناسەی سەرەوە هاتووە، ڕێبازی گوتەیی: بریتییە لە ((هێنانی پاساوی داواکراوە، لە سەر شێوەی کەلامییەکان)).([2])

واتە: شاعیر لە باسکردنی شتێک پاساوێکی باوەڕپێکراوی ئەقڵی بهێنێ و بە هۆی هێنانی ئەو پاساوە ئەقڵیەوە وا بکات باوەڕ بە بەرامبەرەکەی بکات:

**تۆ لە پەنجەکانی دەستی خۆت بڕوانە**

**گەرچی کوڕی مەچەکێکن**

**هەر یەکەی ناوێکی هەیە و**

**هەریەکەی کارێکیان هەیە**

(گ، ب ٢، ل١٢٥)

ئەمە بەڵگەیەکی ئەقڵییە، کە هیچ شتێک بێ ئەرکی تایبەت و بێ ناوی تایبەت نییە، کە وابێ شتەکانی تریش هەروان، بەڵگەکە پاساوێکی بەهێز و باوەڕپێکەرە، بۆیە نمونەیەکی جوانی ڕێبازی گوتەییە.

---

[1] - ابي بكر بن علي بن عبدالله المعروف: بابن الحجة الحموي، ص٤٥٣.

[2] - سعدالدين مسعود بن التفتازاني، المطول شرح تلخيص المفتاح، ص٧٨.

## بیست و پێنج: پێکەوە گونجانی وشە و واتا

ئەم هونەر لە ئەنجامی ورد بوونەوە لە ناوەکەی دەتوانین لە ناوەڕۆکی هونەرەکە تێبگەین، بەمشێوەیە هونەری ( پێکەوە گونجانی وشە و واتا )، واتە: وشە و واتاکانی ناو بەرهەمەکە بە تەواوی بە یەکەوە گونجاو بن. دەبینین لەم پێناسەیەی خوارەوە وتراوە، (پێکەوە گونجانی وشە و واتا) بریتییە: ((لە وەی وشە ڕێکی واتا بێت، بۆ نمونە: کاتێک باسی حەماسی دەنووسیت، باسی ئازایەتی دەنووسیت، ئایە وەسفی ژنانە دەخەیتە ناو باسەکە؟ نەخێر، بەڵکو وشەی حەماسی و شەڕ و بوێری و هەڵمەت هێنان و ئەمانە دەخەینە ناو.. کاتێکیش دەربارەی ئەڤینداری دەنووسی، ئەو وشە ناسکانە دێنێ، کە گونجاوی باسەکە بن و بەم شێوەیە)).([1])

بەمشێوەیە تۆ گەر بتەوێ دەربارەی هەر شتێک بدوێی، یا ن ئەو مەبەستەی کە دەتەوێ بیگەێنی ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەی کە بە هۆیانەوە کە دەتەوێ مەبەستەکە بگەێنی دەبێت گونجا و ڕێکبن لەگەڵ ناوەڕۆک و مەبەستەکەی:

**ئاخ بوو بە بەرگم.. ئاهەن ڕێی مەرگم**

**فەسڵم بێ شەوقەن پایزەن ڕەنگم**

**ڕۆژم هەر مەینەت شەویشم بێ مەیل**

**هەناسەم سوار و گریانە دەنگم**

(گ، ب ١، ل ٣٥٩)

لێرەدا شاعیر باسی خەم و خەفەتی کردووە، وشەکانی (ئاخ و ئاهەن و پایز و مەینەت و بێ مەیل و گریان)ی بەکارهێناوە بۆ وەسفی ئەو خەمەی هەیە،

[1] - محمد دیاب، وأخرون، الطبعة الأولى، دار الجوزي - مصر، ٢٠٠٨ ص ١٤٤.

چونكه ئەم وشانەی گونجاوی باسەكەن، كە وابێ لێرەدا وشە و واتا بە تەواوی بۆ یەک گونجاون، بەمەش هونەری(پێكەوە گونجانی وشە و واتا) بەرهەم هاتووە.

**بە لوتف و ڕەحمەتت ئەی ڕەحمانی من**

**بە عەتف و كەرەمت ئەی غەففاری من**

**بە مەزهەبی سەد گوناە و یەک تەوبە**

**دێمە ژوانت ئەی یاری یارانی من**

(گ، ب ٣، ل ١٤٢)

لێرەدا شاعیر باسی خوای پەروەردگاری كردووە، لوتف وڕەحم وعەتف وكەرەم و رەحمان و غەفور و بە هەموو ئەو ناو و وەسفە جوانانە وەسفی كردووە، كە هەموویان هی خودان و بە تە نها شیاوی ئەون.. كە وابێ لێرەدا وشە و واتا بە تەواوی بۆ یەک گونجاون.

## بیست و شەش: لێكچوونی لایەكان

هونەرێكی تری جوانكاریی واتایی هونەری (لێكچوونی لایەكان)ە، بریتییە لەوەی ((مانای ئەوەیە ئاخاوتن بە شتێ تەواو بێ، گونجاوی سەرەتاكەی بێ)).([1])

---

[1] ولید قصاب، البلاغة العربیة البیان والبدیع، الطبعة الأولی، دار القلم للنشر والتوزیع، دبي، ٢٠٠٤، ص٢٩٣.

واتە: ئەو دەقەی کە لە بەردەستدایە بە شێوەیەک دەربڕدرابێت کە کۆتاییەکەی لە ڕوویماناوە گونجاو بێت لەگەڵ سەرەتاکەی، بەو مانایەی گەر جێگەیان بگۆڕی لەگەڵ یەکتری گونجاوبن.

ئەم هونەرە لەناو بەرهەمەکانی  شاعیرانی کۆن و نوێ بەدیکراوە، واتە لەگەڵ شیعری نوێشدا گونجاوە، بە نمونەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە.

**بەهارە گوڵ، گوڵزارە دڵ، جەژنە ئەم شەو، میوانە شەم**

**کۆڕی عەشقە، ڕۆژی گەشتە، سەفاو سەیران، تۆراوە غەم...**

(گ، ب ١،

ل ٣٦١)

لەم دوو نیوە دێرە، واتای کۆی نیوەی یەکەم **(بەهارە گوڵ، گوڵزارە دڵ)** پێچەوانەی واتای کۆی نیوەی دووەمە **(کۆڕی عەشقە)**، ئەوەی یەکەم **(بەهارە گوڵ، گوڵزارە دڵ)** دە کاتە ئەوەی دووەم **(ڕۆژی گەشتە، سەفاو سەیران، تۆراوە غەم...)** و ئەوەی دووەم **(کۆڕی عەشقە )** دەکاتە ئەوەی یەکەم **(جەژنە ئەم شەو، میوانە شەم)**، بەمەش (لێکچوونی لایەنەکان) دروست بووە.

**واتە: بەمشێوەیە**

**بەهارە گوڵ، گوڵزارە دڵ، ڕۆژی گەشتە، سەفاو سەیران، تۆراوە غەم...**

**کۆڕی عەشقە، جەژنە ئەم شەو، میوانە شەم**

**نمونە :**

**نەسیم ئاوازی بەیانە با تێر بچڕین**

**غەم لە دڵ دەرکەین عەزیزان، ماتەم بسڕین...**

(گ، ب ١،

ل ٣٦١) (ئاواز بچڕین) لە نیوە یەکەم و (ماتەم بسڕین) لەنیوەی دووەم هاتوون، هەردووکیان هەر یەک شتن، ئەوەی یەکەم دەبێتە دووەم  و ئەوەی دووەم واتا یەکەم.. بەمەش (لێکچوونی لایەنەکان ) دروست بووە.

## بیست و حەوت: کۆتایی جوان

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، لە ناوی هونەرەکەوە ماناکەیمان بۆ دەردەکەوێ، کە بریتییە لەوەی ((کۆتایی جوان ئەوەیە دوادێری شیعر، هەروەها دوا ڕستە، یان دوا پارچەی پەخشان لە ڕووەکانی لە وشەو واتاو شێوازدا جوان و تەواو ڕوون و خۆش و بەهێز بن، چ ئەوەشیان لێ نەخوێندرێتەوە، کە ئەمە دێری دوواییینە)). ([1])

واتا ئەو بەشەی دەکەوێتە کۆتایی وشەکانی ناسک و جوان و واتادارن، هیچ ئامازەیەکیشیان تێدا نییە کە ئەمە کۆتاییە:

**بۆیە هاتووم.. ماندوو نابم**

**دەنگ و ڕەنگ و تین و توانام**

**هەر بۆ تۆیە.. بۆیە هاتووم..**

(گ، ب ٢، ل ٧٢)

لەم سێ نیوە دێرەی سەرەوە دەبینین کۆتاییەکی جوانە و هیچ وشەیەکی وای تێدا نییە کە ئەوەی لێبخوێندرێتەوە کە ئەمە کۆتاییە، بەمەش کۆتایی جوان بەرهەم هاتووە.

**بە شەوق و نازەوە بۆ ژوانێ بەڕێوەن**

**گشت میوانی ناوی تۆن گوڵ هەناری سەرلێوان**

(گ، ب ٢، ل ٢١٤)

ئەو دوو نیوە دێرەی سەرەوە دەبینین کۆتاییەکی جوانە و هیچ وشەیەکی وای تێدا نییە کە ئەوەی لێبخوێندرێتەوە کە ئەمە کۆتاییە، بەمەش کۆتایی جوان دروست بووە.

---

[1] ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل ٣٥٦.

شاعیر لە ناو بەرهەمە شیعرییەکانی نزیکەی (٦٩) جار هونەری کۆتایی جوانی بەکار هێناوە، لە هەر سێ بەرگ (٣٧) جار لە بەرگی یەکەم و (١١) جار لە بەرگی دووەم و (٢١) جار لە بەرگی سێیەم.

## بیست و هەشت: کۆتایی دڵگیر

جۆرێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی کۆتایی دڵگیرە، ئەم هونەرەش پێناسەی بۆ کراوە لەلایەن نووسەرانەوە، کە ((کۆتایی دڵگیر بریتییە: لە بە جوانی برینەوەی بەرهەمەکە و کۆتایی هێنانییەتی بە جۆرێ کە دڵی دانیشتوان خۆش و نوورانی بکا و دوا ڕستەیشی نیشانەی برانەوەی یا کۆتایی هێنانی بەرهەمەکەی تێدابێت)).[١] واتە: ئەو دێرە یان کۆپلەیەی دەکەوێتە کۆتایی و دەبێتە کۆتایی دڵگیر دەبێ ئەمازەی تیدا بێ کە ئەمە کۆتایی دەقەکەیە و هیچیتری بە دوادا نایە.

لەم پێناسەدا ڕوونتر لە بارەیەوە وتراوە: کۆتایی دڵگیر ((ئەوەیە ئەدیب کۆتاییەکی گونجاو بۆ شیعرەکەی بێنێ، بە شێوەیەک بێ بیسەر دڵنیا بکا لەوەی ئەمە کۆتاییە و ئیدی شتێکی دیکەی بە دوادا نایە)).[٢]

واتە: شاعیر ئەو دێرە شیعرەی کە مەبەستییەتی بیکاتە کۆتایی شیعرەکە وشە، یان ڕستەی وای تێدا بەکاردێنێ وەک: (ماندووبوونی خامە، شکانی نووکی خامە، مەرگ، مردن.........هتد)، ئەم وشانەش وا لە خوێنەر و گوێگر دەکەن لەوە تێبگەن کە ئەمە کۆتایی هۆنراوەکەیە،

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: کۆتایی دڵگیر بریتییە: لە کۆتایی هاتنی مەبەست، بەهۆی گونجاوی ئەو وشە، یان ڕستانەی کە دە کەونە کۆتایی هۆنراوەکەوە، کە خوێنەر بە ئاسانی بتوانێ درک بە کۆتاهاتنی بەرهەمەکە بکات.

---

[١] - مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع و عەرووزی نامی، ل٦٦.

[٢] - محمد هيثم غرة، البلاغة من منابعها،القسم الثاني، البيان والبديع، دار الرؤية، دمشق- سوريا، دون سنة طبع، ص١٤.

ئەو شیعرانەی کە دەتوانین بیانکەینە کۆتایی دڵگیر کە ئەگەر وشەکانی کۆتاییبیان لابدەین کاریگەری لە هەموو شیعرەکە دەکات. چەند شیعرێك هەن بەمجۆرەن، بەڵام هەندێك شیعریش هەن کە دێری کۆتاییەکەیان لابدەین مانای تەواوی شیعرەکە ناگۆڕێ، ئەوە کۆتایی دڵگیر لە کۆتاییەکی ئاسایی جیادەکەیتەوە:

**سەفەرت خێر**

**هاوڕێم..**

**عەزیزم..**

**سەفەرت خێر**

**سەفەرت.. سەفەر...**

(گ،

ب ١، ل ٧٥)

لێرەدا وشە و دەربڕینانێکی ناسک و جوان و سۆزاوی هاتوون، کە هۆنراوە دەگاتە ئەو دەربڕینانە، ئیدی خوێنەر دڵنیا دەبێ، کە ئەمە کۆتاییە و ئیدی هیچی تری لە دوا نایێ، ئەوەی دەوری هەیە لە کۆتاییەکی دڵگیر ئەوەیە شاعیر جەخت لەسەر چەند شتێك دەکاتەوە لەوانە شاعیر ئەو مەبەستەی هەیەتی دەریدەبڕێت و بۆ جەختکردنەوەش جار جار تیکراری دەکاتەوە، وەك ئەو نمونەی سەرەوە، بەمەش کۆتایی دڵگیر دروست بووە.

**شیعرێ ناڵە ناڵێ، گەر دەرنەخا دەردی دڵ**

**بەر لەوەی ڕسوای زەمەن بێ، بۆخۆی بچێتە ژێر گڵ**

(گ، ب ٢، ل ٢٢٣)

لەم دێرەی سەرەوە دا وشە و دەربڕینانێکی ناسک و جوان و سۆزاوی هاتوون و لە کۆتایی نیوە دێری دووەم (بۆخۆی بچێتە ژێر گڵ) هاتووە، کە بە دەرربڕینیان ئەوەیان بە دیارخستووە کە ئەمە کۆتاییە و ئیدی هیچی تری لە دوا نایێ، بەمەش کۆتایی دڵگیر دروست بووە.

**ئەی کەناری لەنگەگاهی شیعر و هەناسە و ئەمەلم**

**با لێرە سەر بنێمەوە شین بێ دوا کاتی تەمەنم**

(گ، ب ١،

ل ٣٠٩)

لە نیوە دێری دووەم هەر یەکە لە (سەربنێمەوە) و (دوا کاتی تەمەنم) بەو مانایەی ئیدی قسەکان تەواو دەبن و شاعیر مەبەستەکەی خۆی تەواو ڕوون دەکاتەوە، واتە بە مانای کۆتایی هاتن دێ، کەوابێ بەو هۆیەوە (کۆتایی دڵگیر) دروست بووە.

**گەر تۆ بڕۆی من بە بێ تۆ ئەمێنمەوە**

**من بە بێ تۆ وەک شەوی کورت ئەتوێمەوە**

(گ، ب ١، ل ٣٠٧)

لەم دێرەی سەرەوە دا وشە و دەربڕینانێکی ناسک و جوان و سۆزاوی هاتوون و لە کۆتایی نیوە دێری دووەم (وەک شەوی کورت ئەتوێمەوە) هاتووە، کە بە دەربڕینیان ئەوەیان بە دیارخستووە کە ئەمە کۆتاییە و ئیدی هیچی تری لە دوا نایێ بەتایبەتی لە وشەی (ئەتوێمەوە) زیاتر بە دیار دەکەوێ، بەمەش کۆتایی دڵگیر دروست بووە.

کۆتایی دڵگیریش وەك هونەرێکی گرنگی ناو جوانکاری واتایی کۆی گشتی نزیکەی (٧٠) جار لەناو بەرهەمەکانی شاعیر هاتووە، لە بەرگی یەکەم (٤٧) جار، بەرگی دووەم (٤) جار و بەرگی سێیەمیش (١٩) جار بەدیکراوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (هونەرەکانی جوانکاری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نمونەی شیعرەکانی گۆران عەباس) گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بوونی پەیوەندی نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب و شیعری هاوچەرخی کوردی، وەک چۆن ئەو پەیوەندییە لە نێوان ڕەوانبێژی و ئەدەب و شیعری کلاسیک دا هەبووە، چونکە شێوە و دەربڕین و سیمای چنینی شاعیرانە دەور دەبینێت نەک قالبی دیاریکراوی کلاسیک.

٢- لە ڕێگەی زیاد مامەڵەکردن لەگەڵ هونەرەکانی زانستی جوانکاری، شیعر بەرجەستەبووی وشەو واتایە، بۆیە (زانستی جوانکاری) دوو بابەتی سەرەکی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە هونەرەکانی (جوانکاریی وشەیی ، جوانکاریی واتایی)،ئەم شاعیرەش بە شێوەیەکی گشتی و بەرچاو سوودی لە هەردوو هونەرەکە بینیوە و بەکاری هێناون لە بەرهەمە شیعرییەکانی و توانیویەتی تام و چێژی زیاتر بە بەرهەمەکانی ببەخشێت.

٣- لە (جوانکاریی وشەیی ) دا بەشێک لەو هونەرانەی ئاماژەمان پێکردووە لە ناو بەرهەمەکانی شاعیر (١٢) هونەرن. بە پێی ئەو ئامارەی بۆ بەشێک لە هونەرەکانمان کردووە، زیاتر لە هەموو هونەرەکان هونەری (گێڕانەوە) لەناو بەرهەمەکانی شاعیر بەدیدەکرێت.

٤- شاعیر لە ناو بەرهەمە شیعرییەکانی نزیکەی (١٤٢) جار هونەری پاتکردنەوەی بەکار هێناوە، لە هەموو جۆرەکانی پاتکردنەوەش زیاتر پاتکردنەوەی ( هاوەڵناو و هاوەڵکاری) بەکارهێناوە، سەرجەمی بەکارهێنانی هەردووکیان لە هەر سێ بەرگ دەگاتە نزیکەی (٩٨) جار، (٥٠) جار لە بەرگی یەکەم و (٣١) جار لە بەرگی دووەم و (١٧) جار لە بەرگی سێیەم.

٥- هونەری دوو سەروا کە تایبەتە بە شیعری کلاسیکی، بەڵام لە شیعری گۆران عەباسدا لە ناوەڕۆکی نوێخوازیدا دەقێکی بەمجۆرە سەروایە

نووسیوە کە سەلمێنەری جوان بەکارهێنانی بنەمایەکی جوانکارییە لەناو پێکهاتەی شیعرێکی نوێدا.

٦- لە (جوانکاریی واتایی) دا بەشێک لەو هونەرانەی ئاماژەمان پێکردووە لە ناو بەرهەمەکانی شاعیر (28) هونەرن، بە پێی ئەو ئامارەی بۆ بەشێک لە هونەرەکانمان کردووە، زیاتر لە هەموو هونەرەکان هونەری (کۆکردنەوە) یە کە لەناو بەرهەمەکانی شاعیر بەدیدەکرێت.

٧- تیلنیشان وەك هونەرێکی گرنگی ناو جوانکاری واتایی کۆی گشتی نزیکەی(١٠٩) جار لەناو بەرهەمەکانی شاعیر هاتووە، لە بەرگی یەکەم (٥٣) جار، بەرگی دووەم (٣٧) جار و بەرگی سێیەمیش (١٩) جار بەدیکراوە.

٨- دژیەك بە هەموو جۆرەکانییەوە (١٥٧) جار بەدیکراوە، لە بەرگی یەکەم (٦٣) جار، بەرگی دووەم (٢٤) جار، بەرگی سێیەم (٧٠) جار. لە رووی فەرهەنگی و نافەرهەنگیشەوە، دژیەکی فەرهەنگی لە بەرگی یەکەم (٦١) جار، نافەرهەنگی (٢) جار، دژیەکی فەرهەنگی لە بەرگی دووەم (٢٤) جار، هیچ جارێک نافەرهەنگی تێدا بەدینەکراوە، هەروەها دژیەکی فەرهەنگی لە بەرگی سێیەم (٥٥) جار، نافەرهەنگی (١٥) جار هاتووە.

٩- هونەری دەستپێکی دڵگیریش، بە نزیکەیی لە هەر سێ بەرگ (٧٣) جار بەدیکراوە، لە بەرگی یەکەم (٣٠) جار، بەرگی دووەم (١٢) جار، بەرگی سێیەم (٣١) جار.

١٠- شاعیر لە ناو بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر نزیکەی (٦٩) جار هونەری کۆتایی جوانی بەکار هێناوە، لە هەر سێ بەرگ (٣٧) جار لە بەرگی یەکەم و (١١) جار لە بەرگی دووەم و (٢١) جار لە بەرگی سێیەم.

١١- کۆتایی دڵگیریش وەك هونەرێکی گرنگی ناو جوانکاری واتایی کۆی گشتی نزیکەی (٧٠) جار لەناو بەرهەمەکانی شاعیر هاتووە، لە بەرگی یەکەم (٤٧) جار، بەرگی دووەم (٤) جار، بەرگی سێیەمیش (١٩) جار بەدیکراوە.

١٢- پێچ و پەخش وەك هونەرێکی گرانی ناو جوانکاری، هەموو شاعیرێکی کلاسیکی پەیڕەوی لێناکات، بەڵام لای شاعیرمان لە بۆتەی شیعری هاوچەرخیشدا لە چەند نمونەیەکدا بە ڕوونی و کارزانانە بەکارهاتووە.

١٣- زۆربەی زۆری هونەرەکانی تر، کە بەشیکیان تەنانەت لە شیعری کلاسیکیشدا کەم بەرچاو دەکەون، شاعیر هەوڵیداوە لە شێوەی شیعری جودا جودا و بە شێوازی جیا جیا کەم تا زۆر ئەو هونەرانە بەکاربێنێت و سیمایەکی جوانتر بە بەرگی شیعرەکانی بدات.

١٤- لەسەر ئاستی هەموو شیعرەکانی (گۆران عەباس) دا، وشە و زاراوەکانی دەربڕی واتایی (خەم و پەژارە ، کورد و کوردستان ، سیاسی ، سروشت ، کەسایەتی ، دینی) بە ڕێژەیەکی زۆر بەدیدەکرێن.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:-


١. ئومێد عەزیز مستەفا، ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر (لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی وەسفی یە)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٢. ئیدریس عەبدوڵڵا ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٠٣.

-------، جوانکاری لە ئەدەبی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، - سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣. -------، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا(بەنمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١١.

٤. -------، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، ٢٠١٢.

٥. -------، جوانکاری لە شیعری نوێی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی - هەولێر، ٢٠١٢.

٦. -------، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، ٢٠١٣.

٧. پەخشان عەلی، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج - سلیمانی، ٢٠٠٩.

٨. حاجی قادری کۆیی، دیوان، سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، (لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، لەسەر نووسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی موحەممەدی مەلا کەریم بە پێنووسی: (سەعید کەرەمی) )، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، ١٩٣٠.

٩. بوکنەر ب- تراوک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، حەمە کەریم عارف، بەرگی یەکەم (ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین)، ٢٠٠٧.

١٠. حەمە مەنتک، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس –هەولێر، ٢٠١١.

١١. جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی(لێکۆلینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢. ڕابەر تەلعەت، پێگەی ئەقڵ و سەفسەتە لەلای عەلی وەردی (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری شیکارییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٣. ژان پۆڵ سارتەر، ئەدەب چییە؟، وەرگێڕانی بۆ کوردی: مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهۆک، ٢٠٠٩.

١٤. سافیە محەمەد ئەحمەد (د.)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم –هەولێر – ٢٠١٣.

١٥. -------، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال مەحموود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات - هەولێر، ٢٠١٤.

١٦. عەبدالواحد مشیر دزەیی (پ.ی.د.)، واتاسازی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی – خانی (هەولێر)، ٢٠٠٩.

١٧. -------، پڕاگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.

١٨. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا (ڕونبێژی – البیان)، بەرگی یەکەم، بغداد، ١٩٧٢.

١٩. -------، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، جوانکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی – هەولێر، ١٩٧٥.

٢٠. -------، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم (واتاناسی) ، چاپخانەی کاکەی فەلاح –سلێمانی، ١٩٧٩.

٢١. -------، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٢. عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف - بەغداد، ١٩٦٨.

٢٣. -------، خۆشخوانی(گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، ١٩٨٦.

٢٤. غەفور ساڵح حمد، سێ نەوەی داهێنانی داهێنانی شیعری کوردی، خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی(تۆ مەچۆ بۆ شەڕ)، چاپ – برید ئەلیکترۆنی، ٢٠٠٧.

٢٥. فاروق ڕەفیق، ئاشتکردنەوەی عەقڵ و عیشق (پەروەردەی لیبڕاڵ و ئاکاری مەدەنی)، چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢٦. کامل حەسەن بەصیر (د.)، مێژووی ڕەخنەسازی، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشەنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغدا، ١٩٩٣.

٢٧. گۆران عەباس، پیری فیکر(شیعر)، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠١٢.

٢٨. ---------، خەمەکانی نیشتیمان(شیعر)، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی هەنار بۆ ڕیکلام و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٧.

٢٩. ---------، خەمەکانی نیشتیمان(شیعر)، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تیشک – سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣٠. لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد(لێکۆڵینەوە)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١١.

٣١. مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع و عەرووزی نامی، چاپخانەی دارالجاحظ - بغداد، ١٩٩١.

٣٢. --------، خۆلاصەی تەفسیری نامی، چاپی دووەم، چاپخانەی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا – عیراق – سلێمانی – شەقامی پیرەمێرد، ٢٠١٠.

٣٣. محەمەد عەبدولسەلام کەفافی (د.)، ئەدەبی بەراوردکاری (لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی تیۆری ئەدەبی و شیعری داستانی)، وەرگێڕانی بۆ

كوردی: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، ٢٠١١.

٣٤. محمد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی- هەولێر، ٢٠١٢.

٣٥. موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی- ڕونبێژی-جوانکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین- هەولێر، ٢٠١٣.

٣٦. هێمن عومەر، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری و پراکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، ٢٠٠٩.

**نامەی ئەکادیمی:-**

١. ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢. عەبدولسەلام سالارعەبدولڕەحمان، (هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣. مەریوان حسێن فەرحان، جوانکاری لە شیعری (وەفایی) دا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠١٥.

٤. هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری (مەحوی) دا، نامەی ماستەر، سلێمانی، ٢٠١٣.

**نامە تایبەتییەکانی شاعیر:**

١. نامەی تایبەتی شاعیر، ٨\٥\٢٠١٧.

٢. --------، ٦\٨\٢٠١٧.

٣.

**گۆڤارەکان:-**


١. ڕۆکان گوریل شعیا، هونەری ڕەگەزدۆزی لە پەندەکانی پیرەمێرد، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، ژ٤٠، ٢٠١٦.

٢. سەردار ئەحمەد گەردی، ڕەوانبێژی لە نێوان بوون و نەبوون لە بەشەکانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، چاپخانەی بینایی- سلێمانی، ژ٢، ٢٠١٤.

**٣.** عەبدوڵڵا خدر مولود، حەمدی و ڕەوانبێژی، گۆڤاری ڕامان، هەولێر، ژ٥٣، ٢٠٠٠.

## سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:-


١. ابراهيم احمد، انتولوجيا اللغة عند مارتن هايدكر، الطبعة الأولى، الجزائر، دارالعربية للعلوم ناشرون، ٢٠٠٨.

٢. ابي بكر بن علي بن عبدالله المعروف: بابن الحجة الحموي، خزانة الأدب وغاية الأرب، الطبعة الثانية، المجلد الأول، دار صادر، بيروت -لبنان، ٢٠٠٥.

٣. ابى عبدالله فيصل بن عبده قائد الحاشري، تسهيل البلاغة، دار الايمان للطبع والنشر والتوزيع، أسكندرية -مصر، ٢٠٠٦.

٤. ابي عبدالله محمد بن ابي بكر الرازي، روضة الفصاحة، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، ٢٠٠٥.

٥. ابي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري، كتاب الصناعتين، الطبعة الأولى، المكتبة العصرية، بيروت -لبنان، ٢٠٠٦.

٦. اسعاد عبدالهادي قنديل (د.)، فنون الشيعر الفارسي، الطبعة الثانية، دارالأندلس، للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت - لبنان، ١٩٨١.

٧. أحمد مطلوب (د.)، معجم المصطلحات البلاغية وتطورها، الدار العربية للموسوعات، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، بيروت - لبنان، ٢٠٠٦.

٨. احمد مصطفى المراغي علوم البلاغة( البيان والمعاني والبديع)، المكتبة العصرية -للطباعة والنشر و التوزيع – بيروت -لبنان، ٢٠١٢.

٩. ---------، علوم البلاغة، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية، بيروت -لبنان، ٢٠٠٧.

١٠. احمد الهاشمی، جواهر البلاغة العربية، الطبعة الثاني عشر، المكتبة التجارية الكبرى -مصر، ، ١٩٦٠.

١١. إحسان صادق سعيد (د.) ، علوم البلاغة عند العرب والفرس (دراسة مقارنة)، الطبعة الأولى، المستشارية الثقافية الإيرانية فى دمشق، ٢٠٠٠.

١٢. بولس عواد الخوري ، العقد البديع في فن البديع، الطبعة الأولى، دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت-لبنان، ٢٠٠٠.

١٣. الامام الخطيب القزويني، الإيضاح في علوم البلاغة، المكتبة العصرية - بيروت، ٢٠١٢.

١٤. السيد أحمد الهاشمي، جواهر االبلاغة في المعاني والبيان والبديع، الطبعة الأولى، دار القفة للطبعة والنشر، ٢٠٠٠.

١٥. السيد علي صدرالدين بن معصوم المدني، انوار الربيع فى انواع البديع، الطبعة الأولى، مطبعة النعمان- النجف الاشرف - العراق، ١٩٦٩.

١٦. أمين ابو ليل، علوم البلاغة(المعاني والبيان والبديع)، الطبعة الأولى، دارالبركة للنشر والتوزيع - عمان- أردن، ٢٠٠٦.

١٧. بسيوني عبدالفتاح فيود (د.)، علم البديع، دراسة تأريخية و فنية لأصول البلاغة ومسائل البديع، الطبعة الثالثة، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، ٢٠١٠.

١٨. بن عيسى باطاهر (د.)، البلاغة العربية مقدمات وتطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة - ليبيا، ٢٠٠٨.

١٩. بن العباس محمد بن يزيد المبرد، البلاغة، الطبعة الثانية، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة- مصر، ١٩٨٥.

٢٠. سعدالدين التفتازاني، شرح المختصر، الجزء الثاني، منشورات الحكمة، قم ايران، بدون سنة الطبع.

٢١. سعدالدين مسعود بن التفتازاني، المطول شرح تلخيص المفتاح، الطبعة الأولى، دار الاحياء، بيروت - لبنان، ٢٠٠٤.

٢٢. سعيد الغانمي ـ د.ناصر حلاوي، فلسفه البلاغه، دارالبيضاء، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٢.

٢٣. شرف الدين الحسين بن محمد بن عبدالله الطيبي، التبيان في البيان، الطبعة الأولى، ذات السلاسل للطباعة والنشر - الكويت، ١٩٨٦.

٢٤. طارق علوان، دائرة المعارف في(النحو.الصرف.اللغة.العروض)، الطبعة الثانية - دار الرضوان، ٢٠٠٦.

٢٥. عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، البلاغة العربية(أسسها وعلومها وفنونها)، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار القلم - دمشق، ٢٠٠٧.

٢٦. عبدالله الفرهادي، الواعظ، أحسن الصياغة في حلية البلاغة، مطبعة سلمان الأعظمي - بغداد، ١٩٦٧.

٢٧. عبدالعزيز عتيق (د.)، علم البديع، دار النهضة العربية(بيروت - لبنان)، بدون سنة طبع.

٢٨. عبدالقادر عبدالجليل (د.)، الأسلوبية وثلاثية الدوائر البلاغية، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان - أردن، ٢٠٠٢.

٢٩. علي سلوم (د.)، بلاغة العرب، دار المواسم للطباعة والنشر وتوزيع، بيروت - لبنان، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤.

٣٠. علي الجارم و مصطفى أمين، البلاغة الواضحة(البيان، والمعانى، والبديع) ودليل البلاغة الواضحة، دار قباء الحديثة للطباعة والنشروالتوزيع - قاهيرة، ٢٠٠٧.

٣١. عيسى علي العاكوب (د.)، المفصل في علوم البلاغة العربية، الطبعة الأولى، دار القلم للنشر والتوزيع والأعلان، الأمارات العربية المتحدة، ١٩٩٩.

٣٢. طالب محمد الزوبعي (د.) و ناصر الحلاوي (د.)، البيان والبديع، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت - لبنان، ١٩٩٦.

٣٣. محمد التونجي (د.)، المعجم المفصل في الأدب، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٩٩٩.

٣٤. محمد علي سلطانى (د.)، المختار من علوم البلاغة والعروض، الطبعة الأولى، دار الخطماء – سوريا - دمشق، ٢٠٠٨.

٣٥. محمد هيثم غرة (د.)، البلاغة من منابعها، القسم الثاني، البيان والبديع، دار الرؤية، دمشق - سوريا، دون سنة طبع.

٣٦. مختار عطية (د.)، علم البديع و دلالات الاعتراض في شيعر البحتري دراسة بلاغية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، اسكندرية - مصر، بدون سنة طبع.

٣٧. محمد دياب، وأخرون، الطبعة الأولى، دار الجوزي - مصر، ٢٠٠٨.
٣٨. محمد طاهر اللادقي، المبسط في علوم البلاغة، المكتبة العصرية، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨.
٣٩. محمد عزام، مصطلحات نقدية من التراث الادبي العربي، مكتبة الاسد – دمشق - سوريا، ١٩٩٥.
٤٠. محى الدين السعدي، البلاغة علم البديع، الطبعة الأولى، دارالخطماء - سورية دمشق، ٢٠١٢.
٤١. محمد ناصر الدين الألباني، صحيح الجامع الصغير وزيادته، المجلد الثاني، الطبعة الثالثة، المكتب الإسلامي، ١٩٩٨.
٤٢. وليد قصاب (د.)، البلاغة العربية ، البيان والبديع، الطبعة الأولى، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، ٢٠٠٤.
٤٣. يوسف ابو العدوس، البلاغة والأسلوبية، الطبعة الأولى، ألأهلية للنشر والتوزيع، أردن - عمان، ١٩٩٩.